ژمارە (٦)
ساڵی سێیەم
بەهاری ٢٠٢٣

ئایندە

گۆڤارێکی فیکریی ڕۆشنبیرییە
سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

ڕەوشی ژنان

لە هەرێمی کوردستان

لە سایەی گۆڕانکاریە جیهانییەکاندا



بوخاری عەبدوڵڵا قەسرێ
ژان و خودپێگەیاندنی ئافرەت لەناو ئەدەبیاتی جیهانیدا

د. دلێر صابر خۆشناو
ڕۆڵی حیزبە سیاسیەکان و یاساکان
لە باشترکردنی دۆخی ژنان و ڕەچاوکردنی ماف و تایبەتمەندییەکانیان

سەلاحەددین لەحمەد
جێندەر و فێمێنزم و کاریگەرییە نەرێنییەکانیان

نەجیبە شێخ لەتیف
ڕۆڵی ژنان لە بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان

ئایندە

گۆڤاڕێکی فیکریی ڕۆشنبیرییە، سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

ژمارە (٦)، ساڵی سێیەم، بەهاری ٢٠٢٣ ز - ١٤٤٤ ك - ٢٧٢٣ کوردی

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر

د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

(Ahmadwerti@yahoo.com - 07504486227)

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی کوردی

ڕێکان تەحسین ساڵەیی

(Rikan.tahseen@gmail.com - 07507264864)

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی عەرەبی

یوسف کەمال هەولێری

(Stampoahy@gmail.com - 07503791474)

دیزاینی ناوەوە و بەرگ

ڕابەر ئەحمەد وەرتی

دەستەی نووسەران

یاسین عەبدوڵڵا وەرتی　محمد عزیز لۆتەری　هەردی ئەنوەر فەقێ ساڵح

ڕاوێژکاران

پ.د. عوسمان عەلی　د. عبدالرحمن صالح میران

نایف ئەحمەد محی الدین شێخانی　عەلی ئیبراهیم حەسەن

ناوەرۆک

٤	سەروتار
٥	سیستەمی سەرمایەداری و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا و خێزان
٢٢	ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان و یاساکان لە باشترکردنی دۆخی ژنان و ڕەچاوکردنی مافـ و تایبەتمەندییەکانیان
٢٥	یەکسانی جێندەری و کۆتا ڤێرژنی فێمێنزم لە هەگبەی نیولیبرالیزمدا
٤٥	ژان و خود پێگەیاندنی ئافرەت لەناو ئەدەبیاتی جیهانیدا
٥٠	ڕۆڵی ژنان لە بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان
٥٤	جێندەر و فێمێنیزم و کاریگەرییە نەرێنییەکانیان
٦٦	ڕۆڵی ئافرەت لە ئابووری خێزان لە ژێر فشاری سیستەمی سەرمایەداریدا
٦٨	جیاوازی ژنانی کورد لە سەدەکانی ڕابردوو، لەگەڵ ژنانی ئەمڕۆ لە بواری پەروەردەی منداڵان دا
٧٠	ئافرەت لە تەرازووی پەیامی خوادا
٧٤	ڕانانێکی خێرا بۆ کتێبی هاوڕەگەزخوازی هۆکارێکی بۆماوەیی یان لادانێکی ڕەفتاری؟!
٨٢	خوێندنەوەی سێیەم لە: پرسگەکانی خوێندنەوەی ئایندە
٩٦	ئایا توانای خوێندنەوەی قوولمان لە دەستداوە؟
٩٩	مەرجەکانی بڵاوکردنەوە
١٠٠	بەشی عەرەبی

نووسینەکان گوزارشت لە ڕای خاوەنەکانیان دەکەن و گۆڤاری ئایندە لێیان بەرپرسیار نییە

تەوەری ژمارە

ڕەوشی ژنان
لە هەرێمی کوردستان
لە سایەی گۆڕانکارییە
جیهانییەکاندا

سەرنووسەر

ڕەوشی ژنان لە هەرێمی کوردستان

سەروتار

پرس و باسی ژنان و ئافرەتان پرسێکی گەرم و گرنگە و دەمێکە جێگەی مشت و مڕ و باسو خواسە، لەو ناوەدا مەسەلەی ماف و ئازادی ژنان و بەشداریان لە کاری دەرەوەی ماڵ و کاری سیاسی و کارگێڕی و دەستەبەربوونی ئەو مافانە لە ئاین و یاسادا، بەتایبەت لەهەرێمی کوردستان لە سایەی گۆڕانکارییە جیهانییەکاندا جێی بایەخ و گرنگی پێدانن، لەم دواییانەشدا بابەتی (جێندەر) زیاد بوو، کە زۆر قسە و باسی بەدوای خۆیدا هێنا.

وڵاتانی ئەم ناوچەیە و کۆمەڵگە ئیسلامییەکان زۆر یاسا و ڕێسای دادگەرانە و عورف و نەریتی جوانیان هەن سەبارەت بە ژنان، بەڵام ئایا کێشە لە دەسەڵاتە ستەمکارەکانە جێبەجێیان ناکەن، یاخود ڕەفتاری نادروست و تێگەیشتنی هەڵە لە ئاین و خراپ جێبەجێکردنی و هەندێ داب و نەریتی نەفامیی و دواکەوتووانە هۆکارن بۆ ستەمکردن لە ژنان و پێشێلکردنی مافەکانیان و سوود وەرنەگرتن لە تواناکانیان؟

ئەی کێ بەرپرسە لە پێشێلکردن و گوێپێنەدان بەو هەموو داب و عورفە جوان و ڕەسەنانەی نێو کۆمەڵگەی کوردستان و پێشێلکردنی مافەکانیان و سەرهەڵدانی دەیان کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی و زۆر بوونی ڕێژەی تەڵاق و کوشتن و خۆکوشتن و لەشفرۆشی و نەهامەتی و داڕووخان و نامۆبوون و چەندین کاری نەشیاوی تر؟

لە هەمووشی گرنگتر چارەسەر چییە بۆ کێشەکانی ژنان و چۆن بتوانرێت هاوسەنگی ژیان لەگەڵ بەشەکەی تری کۆمەڵگە کە پیاوە ڕابگیرێت و پارێزگاری لە بەها جوانەکان لەم کۆمەڵگەیەدا بکرێت؟

دەستەی نووسەران بە هاوکاری ڕاوێژکارانی بەڕێز، بڕیاریدا تەوەری سەرەکی ئەم جارەی گۆڤاری (ئایندە) تەرخان بکرێت بۆ گفتوگۆ و تاوتاوتوێکردنی ڕەوشی ژنان لە هەرێمی کوردستان و وەڵامدانەوەی پرسیارە گرنگەکان، بەسوپاسەوە کۆمەڵێك نووسەر و توێژەر بە نووسین و بابەتی بەپێز لە هەردوو بەشی کوردی و عەرەبی بەشدراییان لەم تەوەرەدا کردووە.

بەو ئومێدەی توانییێتمان خزمەتێك پێشکەش بکەین و ژمارە (٦)ی (ئایندە) بە هەموو بابەتەکانییەوە جێگەی ڕەزامەندی خوێنەرانی بێت.

بەهاری ٢٠٢٣.

سیستەمی سەرمایەداری و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا و خێزان

پێناسەی سیستەمی سەرمایەداری:

سەرمایەداری یان کاپیتالیزم (Capitalism:) سیستەمێکی ئابووریيە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کارکردنیان بۆ قازانج دامەزراوە، ڕێگە بە خاوەندارییەتی تاک و کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان دەدات بە ئازادانە کار بکەن و نرخی بەرهەمەکانیان دیاری بکەن و مافی بێسنووریان پێ بدرێ بۆ تێرکردن و گەیشتن بە چێژەکانیان وقازانجی داراییان.

لە ڕووی ئابوری لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تایبەت بۆ هۆکارەکانی بەرهەمهێنان دامەزراوە و دەیەوێ هەموو بەرەوپێشچوونێک لە ڕێی دەستپێشخەری تاکەکان وپێشبڕکێی ئازاد و دابەشکردنی کار و تایبەتکردنی هەموو داهاتەکان بێت بەهۆی هێزی کڕین و فرۆشتنی بازاڕ و بەبێ دەستتێوەردانی دەوڵەت و پاڵنەری کەڵەکە کردنی سەرمایە تاکە ڕێگەی پێشکەوتنی ئابووریيە و قازانجی ماددی بەتەنها بەسە کەببێتە هاندەری تاکەکان تاکو دەستپێشخەری وجامبازی بکەن و لەبواری خستنەگەڕی سەرمایە پێشبڕکێ بکەن تا قازانجەکەیان چەندهێندە لێ بکەن.

کورتەیەک لەمێژووی سیستەمی سەرمایەداری:

سیستەمی سەرمایەداری بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

1-سەرمایەداری بازرگانی

لە سەدەی شازدە تاحەڤدە١٥٠٠٠ز-١٧٠٠ز لەگەڵ دۆزینەوەی جوگرافی کیشوەرەکانی جیهانی و فراوانبوونی جوڵەی بازرگانی دەستی پێکرد و بواری زۆر گەورەی بازرگانی لەبەردەم ئەوروپییەکان کردەوە، ئەم قۆناغە هەرچەندە ناوەکەی بازرگانی پیشەسازییە، بەڵام لەڕاستیدا بازرگانی بوو بەتاڵانی و پاتاڵ و زێڕ و کان و کانزا و سەروەت وسامان و زەوی و ئاژەڵ و بازاڕە نوێیەکانی گەلە جینۆسایدە جوانەمەرگەکانی هەردوو ئەمریکا و ئوستراليا بوو. سەرمایەداری تاڵانکردنی سێ کیشوەر و جینۆسایدکردنی گەلەکانیان بوو.

چڵێسی دەوڵەتە چاوچنۆکەکانی ئەوروپای داگیرکەر وای دەخواست کە ڕێشمەی خۆیان ڕادەستی کۆمەڵێک مافیاودڕندەوچاوچنۆکی بەناو بازرگان بکەن ،ئەم جینۆسایدەش ناونێن

بەڵام ئێستا وەک لە سەرژمێری ئەو وڵاتانەی ئەمریکا دیارە کە ئەو هاوڵاتیە ڕەسەنانەی ئێستا ماون بە زمان و کەلتور و دینی گۆڕاوەوە کەمترن لەسەدا دووی دانیشتوانی ئەمریکا و ئوسترالیا

سەرمایەداری بازرگانی.

بۆ ئەوەی قەبارەی ڕووبەری زەوی و ئەو سامانە بزانین کە وڵاتە ئیمپریالیستەکان تاڵانیان کرد ، دەبێ ئەم ڕاستیە جوگرافیانە بزانین:

-ڕووبەری کیشوەری ئاسیا٤٤/٢٥٠/٠٠٠ کیلۆمەتر دووجایە.

-کیشوەری ئەفریقیا٣٠/٢٦٠/٠٠٠ کیلۆمەتر دووجایە.

-کیشوەری ئەمریکا بە باکور و باشورەوە ٤٢ ملیۆن کیلۆمەتر دووجایە.

-کیشوەری ئەوروپا دە ملیۆن و نیو کیلۆمەتر دووجایە.

-کیشوەری ئۆقیانووسیا ٨/٥٣٤/٠٠٠ کیلۆمەتر دووجایە.

لە پێش دۆزینەوە جوگرافییەکان، ئەوروپییەکان لە ڕووبەری کەمتر لە١٠٪جیهان گەمارۆ درابوون و بەچەندین مەترسی جەنگی ناوخۆ و سەرما و سۆڵە وب رسێتی و نەزانی و نەخۆشی کوشندە گیرۆدە بوون.

مێژوونا سان ژمارەی دانیشتوانی جیهانی کۆن لەساڵی ١٥٠٠ز بە ٤٠٠ملیۆن کەس دەخەملێنن. بێگومان ژمارەی دانیشتوانی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ لە جیهانی کۆن کەمتر نەبووە. چونکە بژێوی و ئاو و هەوای جیهانی نوێ بۆ دابینکردنی ژیان زۆر باشترە لە جیهانی کۆن، شەڕی ناوخۆ و ململانێکانیش لەجیهانی نوێ کەمتر بوون لەململانێکانی جیهانی کۆن.

بەڵام دوای دۆزینەوەی ڕأس الرجاء الصالح ئەوروپییەکان بازیاندا بەسەر سوڵتان نیشینە ئیسلامییەکان و نیوەی ئەفریقیا و زۆربەی کیشوەری هیندی چینی لەئاسیا و هەردوو کیشوەری ئەمریکا و ئوسترالیایان داگیرکرد، بەم شێوە دوای هەزاران ساڵ گەمارۆدران، لەپڕێکا خۆیان لەناو ڕووبەرێکی خەیاڵی دیتەوە کە دەیکردە لەسەدا نەوەدی جیهان.

شوێنەواری کاریگەری سەرمایەداری ئیمپریالستی لەسەر کۆمەڵگا و خێزان:

هەڵبەت کە دەست بەسەر زەویدا گیرا لەگەڵیدا هاوڵاتیانیشی بەکۆیلەکران و سامانی سەر زەوی و ژێر زەویش هەموو بوو بە سامانی

داگیرکەران، کۆیلایەتی و دەربەدەربوون و کوشتن و بڕین، منآڵ هەتیوکەوتن و ژن بێوەژن بوون و هەڵوەشانی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگا و پێشێلکرانی هەموو مافێکی ژن و منآڵ بەدوای خۆیدا دێنێ.

بەم گۆڕانکارییانە چەند ملیۆن ژن و منآڵ جینۆسایدکران و چەندیان بەکۆیلە و کەنیزەکران و فرۆشران، مێژوونا سان ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بەپێی شوێنەوارە ئاوەدانەکان بە ١٠٠-٣٠٠ملیۆن کەس دەقەبڵێنن، بەڵام ئێستا وەک لە سەرژمێری ئەو وڵاتانەی ئەمریکا دیارە کە ئەو هاوڵاتیە ڕەسەنانەی ئێستا ماون بە زمان و کەلتور و دینی گۆڕاوەوە کەمترن لەسەدا دووی دانیشتوانی ئەمریکا و ئوسترالیا.

ئەورووپییەکان کاتێ هێندە سووڕەکانیان جینۆساید کرد، ژن و کچ و منآڵی هیند و چین و ئەفریقیان کردنە کۆیلە و هێنایانن بۆ کیشوەری ئەمریکا و خزمەتی خۆیان پێکردن، زۆری ڕەنگی ئەسمەر و ڕەش لە ئەمریکا بۆ ئەو ڕۆژانە دەگەڕێتەوە.

کەواتە خێزانی ئەفریقی و هیندی و چینی و ئەمریکی و ئوسترالیە ڕەسەنەکان لێک هەڵوەشا، هی ئەورووپییەکانیش وەک پێویست نەما و زۆربوونی کۆیلە و کەنیزە و لەش فرۆش و منآڵی زۆڵ و ناشەرعی بەهۆی دووری پیاوان لە خێزانە شەرعییەکانیان بەهۆی سەربازی و بازرگانی وخزمەتکاری و....هتد وای کرد کەهەم ژن و هەم پیاوان بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیان پەنا بۆ ڕێگای ناشەرعی و حەرام ببەن.

سەرمایەداری ئیمپریالزم و تاآڵن و جینۆساید و بەکۆیلەکردن لەماوەی ئەو دوو سەدەیەدا هەتا توانیبێتی خێزان و خانەوادەی لەبەریەک هەڵوەشاندووە و کۆمەڵگایەکی پڕ لەداوێنپیسی ڕادەستی سەرمایەداری پیشەسازی کردووە.

٢-سەرمایەداری پیشەسازی ١٧٠٠- ١٨٠٠

سەرمایەداری تێرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لە چێژ و خۆشییەکان و قازانج بەبێ سنووری بە مافێکی سروشتی هەر تاکێک دەزانێ، وە خێزان و ڕەوشت و دین و شەرعەکان باوەڕیان بەم مافە سروشتییە بێ سنوورە نییە و بە یاساغی دەزانن، لای سەرمایەدارەکان هەرچی ئەم چێژوەرگرتنە ڕەهایە سنووردار بکا لەمپەرە و دەبێ لابرێ، کۆمەڵگا و دین و یاسا کە بڕیاردەدەن ژنێک و پیاوێک تەنیا مافیان ئەوەندەیە کە چێژ لەیەکتر وەربگرن و نابێ بەڕەهایی ژنەکان و پیاوەکان چێژ لەهەموو کەسێک وەرگرن، سەرمایەدارەکان ئەمە بەزەوتکردنی مافی سروشتی تاکەکان دەزانن، بۆیە دەیانەوێ دین و شەرع و ڕەوشت و هەموو بەها کۆمەڵایەتییەکان پەراوێز بکەن.

ئینسکلۆپیدیای ڕامیاری عبدالوهاب کەیالی پێی وایە ئیمپریالیزم هاومانای سەرمایەداری پیشەسازییە، بە بۆچوونی لینین ئیمپریالیزم باڵاترین قۆناغە لەسەرمایەداریدا. لەم قۆناغەدا وڵاتە پیشەسازییە سەرمایەدار و ئیمپریالیستە داگیرکارەکان ویستیان هەموو داهێنان و پیشە و زانست و وەبەرهێنانێک لەوڵاتی خۆیان قۆرخ بکەن، جیهانی سێیەم بازاڕی ئەوان بێ، بەهێزی پارەکاغەزەکان بەستراوە بەسەپاندنی کاڵاکان لەبازاڕدا، شەڕی زۆر لەسەر ململانێی بازاڕ قۆرخکردن و بەهەرزان دەستکەوتنی دەستی کار و کەرەستەی خاو لە موستەعمەرەکان هۆکارێکی تری بەربەرەکانێ بوو.

کاریگەری ئیمپریالیزم لەسەر کۆمەڵگاکان:

جەماڵەددینی ئەفغانی ئەم شەش پایە باس دەکا کە بە هۆکاری مانەوەی شارستانییان دەزانێ و دەستبەردان لەو شەش پایە بەهۆکاری سەرەکی داڕمانی شارستانییەکان دەزانێ:

١- باوەڕبوون بەوەکە مرۆڤ پاشای زەوییە و باشترین دروستکراوە.

ئەم بنچینە و بیروباوەڕە گەورەترین ڕێگرە لەوەی کە مرۆڤ وەک کەرەکێوی و گای ناو گاڕان و درندەکانی دارستان بژی و هەمیشە لەئاکارە ئاژەڵییەکان خۆی بەدوور بگرێ و بە ڕەوشت و ئاکارە جیاکەرەوە مرۆڤایەتییەکان خۆی بڕازێنێتەوە و بەهیچ شێوەیەک هیچ هەڵسوکەوتێک لەخۆی نەوەشێنێتەوە کە لە پاشای سەرزەوی و جێنشینی پەروەردگار ناوەشێتەوە.

٢- هەموو دین وفەلسەفەکان پێیان وایە کە ئوممەتەکەیان باشترین ئوممەتە و جگە لەخۆیان هەموو ئوممەت و دینێکی تر گومڕا و سەرلێشێواوە.

ئەم بیروباوەڕەش لایەنە ئەرێنییەکانی ئەوەیە کەتاکەکانی ئەو ئوممەتە مادام خۆیان بەباشترین دەزانن هەوڵ دەدەن هەرچی ڕێکار و ڕەوشت و بەهاو جیاکەرەوەی جوان و بەرزە لە خو و ڕەوشت و لە دام و دەزگا و لەناو ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان کۆ بکەنەوە، وە هەرچی ببێتە هۆی شکاندنی ناو و ناوبانگ و ڕەوشتی کۆمەڵگاکەیان لێی دوور بکەونەوە.

٣- هەموو فەلسەفە و دینەکان دەڵێن مرۆڤ هاتۆتە ئەم جیهانە تاکو ببێتە بوونەوەرێکی تەواو و کامڵ و نەمر و بەرزببێتەوە بۆ جیهانی تەواو و مەلەکوتی باڵا و ئایدیا و بەهەشتی هەمیشەیی.

ئەم بیروباوەڕ و بنەمایانە باشترین پاڵنەری کۆمەڵگاکانن بۆ پێشبڕکێ کردن لەشارستانێتی و ڕەوشت و بەهاکان و دادگەری و هاوسەنگی و دوورکەوتنەوەیان لە هەموو ئاکارە نەشیاو و

هەتک بەرەکان و ئوممەتانی ئەم جیهانە هاندەدەن بە ڕەوشتە بڵندەکان و زانستە بەرزەکان بڕازێننەوە تا لەهەموو گەلانی تر شایانتر بن و بەهەموو بن لە کردەوە بەد و نزمەکان تاشێوەیەک دوور پێش هەموو گەل و ئوممەتان بچنە ناو مەلەکوتی باڵاوە.

٤- شەرم کردن کەبریتییە لە وروژان و کارلێک و هەست بەبێزاری کردنی دەروونی مرۆڤ لەهەر کردار و گوفتارێک کە سەرکۆنە و سەرزەنشتی بۆ مرۆڤ دێنێ، و وادەکا خەڵک سەرکۆنەی مرۆڤ بکەن. ئەم شەرمە وادەکا کەتاکەکان هەوڵبدەن خۆلادەن لەهەموو ئەو کارانەی کە دەبنە هۆی کەم و کوڕی لە کەسایەتییان و وا لە دەروونی کەسەکە دەکا کە هەمیشە بەتەنگ دەروون و کەسایەتی و ناوبانگی خۆیەوە بێ و بەشەریفی بیهێڵێتەوە، شەرمنی قەڵای پابەندبوون و وەفاداربوونە بۆ بەڵێن و پەیمانەکان، سەرمایەی متمانەی مرۆڤە لە کردار و گوتاریدا، یاخی بوون و پشت هەڵکردنە لە کردار و گوفتارە بەد و ناشیرینەکان، دەروون دەگێڕێتەوە لە کردەوە بەدەکان و هانی دەدا لەسەرکردنی کارە جوانەکان، دینەمۆی جوڵێنەری گەل و میللەتانە بۆ سوودبینین لە زانست و زانیارییەکان و سەرکەوتن بەرەو لوتکەی شەرەفمەندی و سەروەری.

بەڵام مرۆڤی بێ شەرم لەهیچ بەدکرداری و بەدگوتاری و نیازێکی خراپ ناگەڕێتەوە و لەگەڵ ئاژەڵەکان پێش بڕکێ دەکا لەداوێنپیسی و بەدڕەوشتی و درندەیی و دزی و درۆزنی و هتد، هەروەک لەفەرموودەدا هاتووە، ئەگەر شەرمت نەکرد، هەرچی دەتەوێ بیکە.

٥- ڕاستگۆیی: پایەیەکی هەرە گرنگی پێکهاتەی مرۆڤە، کۆڵەکە و پایەی ڕاگری سایەی کەسایەتییە، پردی پەیوەندییەکانە لەنێوان تاکەکانی میللەتاندا، هەرگیز هۆگری شارستانێتی و خێزانی بەبێ ڕاستگۆیی دەستەبەر نابێت، بڕوانە کاتێ ئوممەتێک خەسڵەتی ڕاستگۆیی لەدەست دەدات چۆن بەدبەختی و چارەڕەشی لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی دەدا و تەنگی پێ هەڵدەچنێ و چۆن ڕێکخستن و ملوانەکەی پرش و بڵاو دەبێ و

سەرمایەداری نکوڵی لە هەموو خەسڵەتێکی جیاکراوەیی مرۆڤ دەکەن، واتە مرۆڤ هیچ ڕێز و پایەیەکی تایبەتی نییە، بۆیە هەوڵ دەدەن پەردەی شەرمکردنی لێ دارنن و شەرم وشکۆیی بە لەکەداری دەزانن تا کۆمەڵگا بەرەو ئیباحیەت و بێ یاسا و ڕێسایی ببەن و هەموو جیاکەرەوەکانی ڕەوشت و بەهاکان بڕوخێنن و بەکۆنە پەرستی بزانن

یەکگرتویی و یەکێتییەکەی هەڵدەوەشێت.

٦-ئەمانەت و سپاردەپارێزی و دەست پاکی. شتێکی بەڵگەنەویستە کە مانەوەی مرۆڤایەتی بەستراوە بە هەڵسوکەوت و سەوداو ئاڵوگۆڕ و کڕین و فرۆشتن لەو کار و کاڵایانەی سوودیان بۆ مرۆڤایەتی هەیە، ڕۆح و کرۆکی ئەم سەودایەش بوونی خەسڵەتی ئەمانەت و سپاردە پارێزییە، خۆ ئەگەر ئەمانەت نەمێنێ پەیوەندییەکانی سەودا و مامەڵە تێک دەچن و پەتی ئاڵوگۆڕەکان دەپچڕێت و ڕێکخستنی بژێوی تێک دەچێت و ئەمانەش لەناوچوونی خێرا بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دێنێ، ئەم خەسڵەتەی ئەمانەت پارێزی ئەگەر لەناو دام و دەزگا و فەرمانڕەوا و حکومەتدا نەبێت، پڕ دەبێت لەگەندەڵی و بەدکاری و درۆ و چاوبەستەکی و چەواشەکاری و بێ شەرمی.

داهێنانی ماددی ئەگەر بەها و بیروباوەڕیان لەگەڵ نەبێ دەبێتە هۆی قڕی و پڕی و چارەڕەشی و بێ ڕەوشتی و گەندەڵی و دەست و دڵ و دەم و چاو و داوێنپیسی و ستەم و گەندەڵی و بەدکاری و لەکۆتاییشدا دەبێتە هۆی لەناوچوونی نەک هەر ژیار و شارستانی، بەڵکو لەناوچوونی مرۆڤ و ئاژەڵان و ڕووەک و درەخت و هێلانەی ژیان لەتەواوی گۆی زەوی.

سەرمایەداری چی پێ بەخشیوین و چی لێ زەوت کردووین؟

سەرمایەداری بنەمای ڕێچکەکەیان لەسەر نکولی کردن لەسەربوون و توانادارى و پایەداری تاقانە بەدیهێنەرێک بۆ ئەم گەردوونە دەست پێ دەکەن، وە هەوڵ دەدەن بیروباوەڕ و خەسڵەت و خو و ڕەوشت و بنەما و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان ڕەت بکەنەوە و دەڵێن ئەمانە چەند بنەمایەکی بەتاڵ و چەند بیرۆکەیەکن کە لەلایەن مرۆڤەکانەوە دانراون، وەدان بەباشتر بوونی دینێک لە دینێکی تر و شەریعەتێک لە شەریعەتێکی دانانێن، بەڵکو پێیان وایە مرۆڤیش وەکو گیانەوەر و ئاژەڵ و زیندەوەرەکانی تر وایە و هیچ ڕێز و پلەیەکی بەسەرواندا نییە، مرۆڤ لای وان لە زیندەوەر و ئاژەڵان بێ ڕێزتر و بێ بەهاترە لە ڕووی دروستکران و هێز و بەرگە گرتن و هێز و بەهێزی هەستەکان و قەبارە و لەمێژینەیی، وە دەڵێن مرۆڤ دوورترە لە خۆڕسک و فیترەت و سروشت چونکە لەناو قەفەزی چەند ڕەوشت و دینێک خۆی بەندکردووە و ئەو مافە سروشتییەی هەیبوو لە چێژوەرگرتن وەک گیانەوەران واز لێهێناوە.

هەروەها پێیان وایە کە لەدوای ئەم ژیان و تەمەنە هیچ ژیانەوە و زیندووبوونەوەیەک بوونی نییە و نکوڵی دەکەن لە زیندووبوونەوە.

ئەم نکوڵی کردن و باوەڕنەبوونە بەو بنەمایانە وای کردووە کە ئەو کۆمەڵگایەی ئەم ڕەوتە بەڕاست بزانن و وەرە و هیممەتیان سارد و سڕی

ڕووی تێ بکا و هەڵپەی هیچ گەیشتن بەهیچ پلەو پایەکی شەریف و ڕۆحی و عیرفانی نەکەن چونکە لایان جیهانی ڕۆح بوونی نییە، هەروەها لەو کۆمەڵگایانەدا هەڵسان بەکاری بەدڕەوشتی و دەست و دڵ و دەم و چاو و داوێنپیسی و لەشفرۆشی و بێ هۆشی و خواردنەوە و هەموو ئاکارە بەدەکان کردنیان زۆر ئاسان دەبێت چونکە ترۆپکەی بەختیاری لایان خۆش ڕابواردنی جەستەییە و هەست بەتاوان کردن و هەوڵ دان بەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیابێ لە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی و لەجل و بەرگ و خواردن و خواردنەوەی و شێوەی ژیانی خێزانداری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دژایەتی سروشتە، دەست دریژی و فێڵ و تەڵەکە و ستەم و ڕاو و ڕووت ئازایەتییە و هیچ لەکەداری نییە، وەک چۆن ڕاونەکردن و مردنی شێر لەبرساندا شەرمەزارییە، بۆیە کە مرۆڤیش دەستدرێژکار نەبێ شەرمەزارییە و تا دڕندەتر بێت و هەڵپەی گەیشتن بە چێژ و ڕابواردن بکا بەهەر شێوەیەک بێ دروستترە، مرۆڤ لە ژێر سایەی داروینییەکان هەست بەتاوان ناکات و تا بتوانێ بێ ڕەوشتی دەکا و ڕادەبوێرێ و دەستدرێژی دەکات.

سەرمایەداری نکوڵی لە هەموو خەسڵەتێکی جیاکراوەیی مرۆڤ دەکەن، واتە مرۆڤ هیچ ڕێز و پایەیەکی تایبەتی نییە، بۆیە هەوڵ دەدەن پەردەی شەرمکردنی لێ دارنن و شەرم وشکۆیی بە لەکەداری دەزانن تا کۆمەڵگا بەرەو ئیباحیەت و بێ یاسا و ڕێسایی ببەن و هەموو جیاکەرەوەکانی ڕەوشت و بەهاکان بڕوخێنن و بەکۆنە پەرستی بزانن، عەقڵ و بیروهۆش و زانایی مرۆڤ تاجێک نییە بەڵکو تاوانێکە و دەبێ بەئاوی مەی و بێهۆشکەرەکان بشۆرێتەوە و ئەو کۆرپە زۆڵەی ناوی هزر و بیر و عەقڵ و هۆشە بە حەبی بێهۆشکەر لەبار ببرێ.

هەر بۆیە لەهەر شوێنێ ئەم تیۆرییە لەناو دڵی خەڵکی بڵاوببێتەوە هەموو گەندەڵی و بەدکاری و بێ ڕەوشتییەک بڵاودەبێتەوە، چونکە ئەم تیۆرییە مادام پەیوەندی نێوان بەندە و بەدیهێنەرەکەی مرۆڤی پچڕی و باوەڕبوون بە ژیانی دوای مردنی لە کۆمەڵگادا سڕیەوە، کەواتە مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا هیچ تێڕوانینێکی تری نامێنێ جگە لە گەیشتن بە ڕابواردنێکی کەمی ئەم ژیانە و گەیشتنە ترۆپکی چێژوەرگرتن و چاونوقاندن لەهەموو ئازارێکی دەروونی و ویژدانی و نکوڵی لێکردنی وسەرکوتکردنی هەموو پرسیارە نەمرەکان.

لەگەڵ تەمەنی کورتی مرۆڤ چێژ و ڕابواردن و پێشبڕکێ لەو گۆڕەپانە دا دەبێتە مەبەستی هەرە گەورەی مرۆڤایەتی و شانازی بە خۆڕانواندن و نمایشکردنی تاوان و بێ ڕەوشتیەکانی بە ئەندامە وروژێنەرەکانی ژنان و پیاوان و سامان و کارە بەدەکانی دەکات و شانازییان پێوە دەکات، خەڵک

ململانێیانە لەسەر بڵیت و کورسی سینەما و ئاهەنگی سەما و خانەی لەشفرۆشی و قومارخانە و مەیخانە و شوێنی ڕابواردنەکان، لەناو ئەم ململانێی بێ ئاگاییەدا مرۆڤ ئاگای لەبیرکردنەوە لە چارەنووس و لەکوێوە هاتووم و بۆ کوێ دەچم نامێنێ، کۆمەڵگا گشتیان ململانێ لەگەڵ یەک دەکەن، کۆمەڵگا گەلەگورگەکەی مۆنتیسکۆیە و لەسەر کەلاکی مرداری دنیا شەڕیانە، بۆیە لێرە هەندێ لەبیرمەندانیان گەیشتوونە بیرۆکەی سەپاندنی پەیمانی کۆمەڵایەتی تا هەموویان لەم یاریە بەردەوام بن و درێژترین کاتی ئەو ماوە کورتە چێژ لە کەلاکە مرداربووەوەکە بکەن.

بێ باوەڕی و ئیلحاد لەم ململانێ بەکۆمەڵە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پاڵ دەدا بۆ لەناوچوونی بەکۆمەڵ، چونکە هەریەکێ لەتاکەکانی بەخۆپەرستییەکی ڕەهاوە دەژی، پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاکەکانی تر هیچ کاریگەری پەیوەندی خزمایەتی و نەتەوایەتی و ڕەوشتی و دینی تێدا نییە، بەڵکو بەتەنیا پەیوەندی ئاڵوگۆڕی سوود و قازانجەکان بۆ گەیشتن بە باشترین بڕی چێژ وەرگرتن ڕەچاو دەکات، چونکە هیچ مەبەستێک لەم بوونەدا بوونی نییە و مردن و فەنابوون کۆتایی هەموو شتێکە، نەمانی مەرجەعیەتی ڕۆحی مرۆڤ و جیاکەرەوەی عیرفانی و ڕەوشت بەرزی، ئەم تیۆریە داڕنینی قەداسەت و بەپیرۆز زانینە لە مرۆڤ و لەسروشت، مرۆڤ میکرۆبێکی بزر بووە، ئاژەڵێکی دەستەوستانە، ئەوەندەی هەیە با لەگەڵ ڕەوتە زاڵەکە بێ بۆ گەیشتن بە حەز و ئارەزووەکانی، ئەم زۆرینەش کەسانی بەهێز و بیر نیچەیی و ڕەگەزپەرستەکان لە سیاسەتمەدار و ئابووریناس و میدیاکارەکان بەسەریدا زاڵ دەبن.

کەواتە داخوران و لەناوچوونی پێوەرە ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان مرۆڤ وا لێ دەکەن کە بێ پێوانە و بێ هاوسەنگی بێ، دینێک نەبێ مرۆڤی دیندار و بەڕەوشت دروست بکا، وای لێ بکا بۆ ژیانی هەمیشەیی بژی، فەلسەفەی ڕەوشت و حیکمەتی فەیلەسوفە ئیلاهیەکان نەبێ کە وا لەخەڵک بکا بیر بکەنەوە لە ڕابردوو و سەرەتا و کۆتایی و داهاتوویان.

تۆماس هۆبز لەم سەردەمە دەڵێ هەموو پاڵنەر و هاندەرەکانی مرۆڤ ئاڕاستەکراون بۆ پاراستنی ژیان و مانەوەی خود بەتەندروستی، بنچینە لە مرۆڤ دا خۆپەرستی و بەدکارییە

نموونەی زانیاری ڕۆژئاوا لایەنگری و لاسەنگییەکی تەواوی بەلای ماددەدا هەیە و زانست بەسروشت و ماددە ڕێسا و هێڵی گشتی و سەرەکییە، دەبێ مرۆڤیش-کە تۆپەڵێک ماددەی کیمیاوییە- بەهەمان هاوکێشەی کە بۆ ماددەی کارگە و فابریقە و کانەکان دەڕوانێ دەبێ مرۆڤیش وەک ماددەکیمیاییەکە کارلێکی دەزگایی بکا و هەمان پێوەر و کۆنترۆڵی هەبێ کەلە توێژینەوەی دیاردە سروشتییەکان دەکۆڵدرێتەوە، چونکە وەک مالک نەبی دەڵێ:

ڕۆژئاوا ماددە بەهۆکار و عیلەتی یەکەم دەزانێ، کە ماددە خودی خۆی بەدی هێناوە، هەر لەو ماددەشەوە دیاردەکانی سروشتی ڕەنگیان داوەتەوە و پەیدابوون، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم بوونەوەرە بە پیرۆز نەزانن و ئەمەش بە تاکە زانست دەزانن کە لەدەرەوەی ئەو ماددە باوەڕیان بەبوونی هیچ زانستێکی تر نییە، تاکە زانست کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی ڕۆشنبیری چەندایەتی و بڕ و کەڵەکەبوونە، پیرۆزی و قەداسەت بوونی نییە، مادام پیرۆزی نییە کەواتە ڕێزلێنان و هەڵبژاردەیی دروستکراوێک بەسەر دروستکراوێکی تر و کەسێک بەسەرکەسێکی تر و زمان و شەرع و کتێب و دینێک بەسەر یەکێکی تر بوونی نییە، هەر بۆیەش مرۆڤ لە شارستانێتی ڕۆژئاوا مرۆڤایەتی خۆی لەدەست داوە و یان بۆتە دڕندەیەکی ڕاوکەر و هەڵدەکوتێتە سەر هەر شتێک کە دێتە بەردەمی، یان بۆتە ئاژەڵێکی گوم بوو و سەرلێشێواو لەبیابانێک کەتەنیا دەرگای گەندەڵی و بەدکاری و ڕیزپەڕی و ڕەگەزبازی و لاڕێبوون لەفیترەت و سەرگەردانی بۆ کراوەتەوە، ئەوەش ئەو قەیرانەیە کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی تیایدا دەتلێتەوە، بۆیە ئەو مرۆڤەی کەتێڕوانینی ڕۆژئاوا بەرهەمی دێنێ بەتێڕوانینە ماددییەکەی تێکدەر و ڕووخێنەرە، هەموو تاکەکانی ئەم کۆمەڵگا ماددییە بەگەندەڵی و بەدکاری گەمارۆ دەدرێن، کەس نازانێ لەکوێوە بەدکاری هاتۆتە ناو دڵی، ناپاکی و فێڵ و تەڵەکە و غەدرکردن و درۆزنی و دووڕوویی و بێ شەرمی و هەموو لاڕێبوونێک کە mووی سەری مرۆڤی لێ گرژ دەبێ، لەناویان بڵاو بۆتەوە و بەئاشکرا دەکرێن.

ئەگەر بەراوردێکی مێژوویی بکەین لە قۆناغەکانی ژیانی گەل و ئوممەت و شارستانێتییەکان، کە پێش دەرکەوتنی ڕێچکەی بێ هودەیی و عەبەسیەت کاروباریان بەهاوسەنگی بەڕێوە چووە و دوای پەیدابوونی عەبەسی و دەهری بوون دەستیان بەدارمان کردووە، ئەم بەشە شوێنەواری دەهرییەکان لە بارودۆخی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دەردەخات، ،ژیار ناکرێ لە دینداری جیا بکرێتەوە، چونکە ژیارەکان لەسەر بنەمای بەها باڵاکان و ڕەوشتە جوانەکان بنیات

نراون، شارستانێتی و ژیاری یۆنانی چەندین سەدە بە پتەویی و یەکگرتوویی مایەوە، توانی لەبەرامبەر هێرشەکانی فارسەکان خۆڕاگر بێ کە لەکاشغەری تورکستانی چینەوە تا ئەستەمبوڵ لە ژێر دەستیان بوو، ئەم خۆڕاگرییەی یۆنان و گریکەکان بەردەوام بوو تا ئەبیقۆر و شوێن کەوتووانی هاتن، گوتیان مرۆڤ باشترینی دروستکراوەکان نییە، هیچ زیندووبوونەوەیەک لە دوای مردن نییە، مرۆڤیش جۆرێکە لەئاژەڵ، ئەو هونەر و پیشانەی مرۆڤ دەیانزانێ هەمووی بەلاسایی کردنەوە فێری بووە، مۆسیقا و دەنگ خۆشی لەبولبول و باڵندەکان فێر بووە، خانووکردن لە هەنگ فێر بووە، بژێوی و پاشەکەوت کردن لە مێروولە فێر بووە، ئەی بۆچی مرۆڤی لاسایی کەرەوەش وەک مامۆستاکانی نەژی؟ بۆچی شەرم نەی هێڵێ بە کامی دڵی خۆی ڕابوێرێ وەک باڵندە و ئاژەڵەکان؟پەردەی شەرمیان لە دڵ و دەروونەکان دارنی و درێاندیان، مااڵی خەڵکیان بەحەاڵڵ دەزانی و لەهەر کوێیەک خواردن و ئازوقە هەبووایە گەمارۆیان دەدا و تێریان دەخوارد، بۆیە ناونران بە کۆمەڵەی سەگەکان، لەبازارەکان بڵاویان کردەوە کە خەڵکی هەموو هاوبەشن لە ماڵ و سامان، جا کاتێ خەڵکی باوەڕی بە بۆچوونی ئەبیقۆرییەکان هێنا، ئەو زانست و زانین و هونەر و پیشانەی بەجیاکەرەوەیان دەزانین بۆ مرۆڤ و شانازیان پێوە دەکردن، وردە وردە وازیان لێ هێنان، گەوجی و گێلی و نەزانی لەناو گریکەکان بڵاو بۆوە، بازاڕی فەلسەفە و حیکمەت چۆڵ بوو، ئەو هەستەی هەیانبوو بەوەی مرۆڤ سەروەر و پاشایە گۆڕا بۆ هەستکردن بەسووک و چروکی و سەرشۆڕی، ئەو خو و ڕەوشتی ئەمانەت و دەستپاکییەی بەمردنیش دەستبەرداری نەدەبوون گۆڕیان بە پێشبڕکێ لەتەڵەکە و چەواشەکاری و ناپاکی، ئەو شەرم و شکۆیەی هەیانبوو گۆڕیان بۆ بەدڕەوشتی و داوێنپیسی، ئازایەتی و جەربەزییان بوو بە ترسنۆکی، خۆشەویستی نەتەوە و نیشتمان و بەهاکان بووە خۆشەویستی ڕابواردن و چێژوەرگرتن، هەر بەم هۆیەش کەوتنە داوی بەکۆیلە بوون و بەندایەتی بۆ ڕۆمانیە التینییەکان، پاش ئەوەی بەبێ بەرامبەر فەرمانڕەوای ئەوروپا بوون.

لە ئەوروپای دوای ڕێنیسانسیش هەر ئەو ئەبیقۆرە مامۆستای ئەو کەسانە بوو کە ڕەوتی مۆدێرن و حەداسەیان دامەزراند.

تۆماس هۆبز لەم سەردەمە دەڵێ هەموو پاڵنەر و هاندەرەکانی مرۆڤ ئاڕاستەکراون بۆ پاراستنی ژیان و مانەوەی خود بەتەندروستی، بنچینە لە مرۆڤ دا خۆپەرستی و بەدکارییە، هەمیشە حەز دەکات بگاتە زۆرترین بڕ لە چێژ وەرگرتن و ڕابوارادن ئەگەر بە هێزیش بێ، وە تابۆی بکرێ خۆی لە ئازار و ئەشکەنجە و دژواری و مەینەتیەکان الدەدات، وە ئەو بەشداری

و قوربانی دانەش کەهەندێ جار لەگەڵ هەندێ لە هاونیشتمانیانی دەیکات هەر خۆپەرستییەکی ڕووپۆش کراوە و مەبەستی گەیشتنە بەگەورەترین بڕی خۆشی و ڕابواردن بەکەمترین بڕی ئێش و ئازار، چونکە هاوکاری هەندێ ماندووبوونی لەکۆڵ دەکاتەوە، بۆیە ئاشتی هەمیشە خواستی مرۆڤەکانە، لێرە ئەبیقوری پێش زاین پێی وایە مرۆڤ ئاشتی بەدنیابەکەم گرتن بەدەست دێنێ چونکە زۆربەی جەنگەکان بەهۆی پلە و پۆست و سامان و ژن و دەسەڵاتن، بەڵام هۆبز دەڵێ ئاشتی بە دەستکەوتنی هۆکارەکانی هێز و زاڵ بوون و ملکەچکردنی هەمووان و بەکارهێنانیانە بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی بەهێز.

جیری بنتام دامەزرێنەری ڕەوتی براگماتی دەڵێ: سروشت بۆ مرۆڤەکان ڕام بووە بە هۆی دوو حوکمی ئازار و چێژ وەرگرتن، ئەم دووانە فەرمان دەکەن لەهەر کردارێک کە ئێمە دەیکەین و هەرچی دەیڵێین و هەرچی بیری لێ دەکەینەوە، هەرچی سوودی بۆمان نییە و ئازارمان دەدا هەوڵ دەدەین لێی دەرباز بین، ئەم بۆچوونانەی ئەبیقۆر کاریگەر بووە لەسەر زۆربەی بیرمەندە بەناوبانگەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە.

کارل ماركس بڕوانامەی دکتۆراکەی لەسەر دیمۆکریتیس و ئەبیقۆر بووە، یەکەمیان گەردیلەکانی ماددە بە بنچینەی بوون دەزانێ و دووەمیان چێژ و خۆشی بە سەرچاوەی هەموو شتێک دەزانێ، ماركس گەیشتۆتە ئەو پوختەی کە وەک چۆن گەردیلەی دیمۆکریتس هێڵی ڕاستی بەجێهێشت و بازنەیی و بەلاری دەستی بەخولانەوە کرد، ئاکاری ئەبیقۆریش ئەم هەموو لاربوونەوە و خوار ڕۆیشتن و وازهێنانی لە ڕاستە ڕێ بۆ خۆلادان بوو لە ئێش و ئازار و گەیشتن بە چێژ و خۆشییەکان، کەواتە مەبەست و خێر و ئامانج دوورخستنەوەی ئازارە کەشەڕە و گەیشتنە بەڕابواردن کە خێرە.

ماركس لە دکتۆراکەی دا پشتی ئەبیقۆری دەگرت کاتێ کەلەگەڵ دیمۆکریتس ڕایان بەریەک دەکەوت، چونکە بەشاهێدی مێژوویی ئەبیقۆر پاڵەوانی دژایەتی بیری دینداری بوو لە کۆمەڵگای یۆنان و ڕۆمان.

کەواتە ڕەوتەکانی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و لیبرالی و مۆدێرنی و ماركسی و سۆشیالیزمی ئەوروپا کە هەموویان ئەبیقۆریان کردۆتە بنچینەی دامەزرێنەری بۆچوونەکانیان بە کەڵکی ئەوە نایەن ببنە دامەزرێنەری ژیارێکی نوێ، چونکە ئەبیقۆر ڕووخێنەری هەردوو ژیاری یۆنان و ڕۆمان بووە. هەروەها هۆکاری داڕووخانی ژیار و شارستانێتی فارسیش هەر بڵاوبوونەوەی بۆچوونەکانی بەدڕەوشتی و بێباوەڕی مەزدەکییەکان بووە.

به هەمان شێوە هۆی ڕووخانی ژیار و شارستانی عەباسی و عوسمانییە کانیش بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونی حەشاشی و باتنی و قەرامیتەکان بووە کە پێیان وابوو دینداری و پەرستشەکان بۆ کەسانی ساویلکەن و کاتێ مرۆڤ گەیشتە پلەی کەمأڵ و لە دین تێگەیی هیچی لەسەر نامێنێ، حەشاشەکان پێیان وابوو کە کردەوە شەرعییەکانی وەک نوێژ و ڕۆژوو تەنیا لەسەر ئەوانەیە کە مەحجوب و بێبەشن لە بینینی حەق، بەڵام بۆ تۆی کامڵ کە بەحەق گەیشتووی، واز لە ئەرکە بەدەنییەکان بێنە و کۆڵی خۆتیان پێوە سەرگران مەکە، ئەو ئەرکانە تەنیا بۆ بێ عەقڵ و دەروون نەخۆشەکانە، تۆی کامڵ لە ناو بۆتەی ئەرکەکان دەرکەوە و حەڵاڵ و حەرام واز لێبێنە، وەرە بۆ بەرفراوانی ئیباحیەت و ڕێ پێدران، خۆت لەناو قەفەسی ڕەوشت و ئەمانەت و ترس لە ناپاکی و پابەندی بەڕاستگۆیی و بەهاکان و خۆلادان لەدرۆ و چێژەکان خەریک مەکە، ئەوانە چەند فرمانێکی خەیاڵین لە بیروهۆشی ڕابەر و مورشید بۆ کەسانی ناتەواو دانراون.

ئەم ڕانواندنەی مێژووی ژیارەکان بۆ ئەوە بوو تا پێمان بسەلمێنێ کە هەموو ژیار و شارستانییەکانی میللەتان لەسەر ئەو شەش بنچینە کۆنکرێتییە بنیات دەنرێن، تائەو شەش بنچینە بە پایەداری بمێننەوە و نەڕووخێن هەرگیز هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێ ئەو شارستانێتی و ژیارە بڕووخێنێت. کەواتە بەختەوەری ڕاستەقینە تەنیا لە دیندارییدایە.

دوای ئەوەی کە سەرمایەداری بازرگانی کۆمەڵگای لێکهەڵوەشاند و شوان و سەرپەرشتیاری کۆمەڵگای لەناو برد و ڕەوشت و بەهای لەناو خەڵک کردە کۆت و بەند، بەهۆی چەند دۆزینەوەیەکی فیزیایی و کیمیایی لە سەر سروشتی ماددە چەند دۆزینەوەیەك کەڵەکەبوون، ئەم دۆزینەوانە بوونە هۆی داهێنانی شەمەندەفەر و پاپۆڕ و یەخت و کارگە و فابریقەی جۆراوجۆر بۆ دروستکردنی کاڵاکان، کەجاران خێزان و بنەماڵەکان لەکاڵا و پۆشاک و خۆراک پێوەری دینی و ڕەوشتییان ڕەچاو دەکرد، بەڵام کارگەکانی سەرمایەداری هەر لەسەر ڕەوتی چاوچنۆکیەکانی سەرمایەداری بازرگانی ڕۆیشتن و مەبەستیان تەنیا گەیشتن بوو بەقازانج، بۆئەمەش کەنیزە و کۆیلەکانی بازرگانیان بەلێشاو ناردن بۆ کارگە و فابریقەکان و بە نانەزگێ و مەمرە و مەژی خوێنیان مژین، لەم ناوەدا چینایەتی کرێکار و سەرمایەدار و بۆرژوازی هاتە کایەوە و چینەکانی کۆمەڵگا وەک دوژمنی باوک کوشتە بەڕق و قین لەیەکتریان دەڕوانی و تا بۆیان دەکرا چاڵی لەناوبردنیان بۆیەکتر هەڵدەکەند، چاوچنۆکی و قۆرخکاری و کێبڕکێی ناشەریفانە و دوور لەڕەوشت و سۆز گەیشتە چڵە پۆپە.

> دین و ڕەوشت و ڕۆحانییەت نێردرانە مۆزەخانە، مرۆڤ وەک ئامێر و تۆپەڵێک توخم ومادده سەیر دەکرا، ئەمەش سەری کێشا بۆ جۆری سێیەم لەسەرمایەداری کە سەرمایەداری داراییە

ئەوەی ئەم ئاگرەی زیاتر خۆشکرد بێبەهاکردنی دین و ڕەوشت و خێزان بوو بەهۆی گەڵاڵەکردن و بەکارهێنانی چەند بیردۆزەیەک کە بۆیەی زانستیان لێ درا و هەوڵ دەدرا کە ئەم بیردۆزانە وەک ڕاستییەکی زانستی بەڵگەنەویست بکرێنە بەدیلی دینەکان و بیروباوەڕەکان، لەوانەش بیردۆزی پەرەسەندن کەپاڵ دەدرێتە لای چارلس داروین، وە بیردۆزی شیکاری دەروونی کەپاڵ دەدرێتە لای سیکمۆند فرۆید، وەبیردۆزی کۆمەڵناسی دۆرکایم و ئۆگەست کۆنت و بۆچوونە ڕەگەزپەرستییەکانی مارکس و نیچە و ....هتد، وە بیردۆزی عەبەسیەت و بێهودەیی سارتەر.

ئەم بیردۆزانە هەریەکە و چینێکی لەکۆمەڵگای لێکهەڵوەشاوی بەخۆیەوە خەریک کرد، ئەو تاکانەی سروشتی شۆڕگێڕانەیان هەبوو بوونە دەروێشی مارکس، ئەوانەی سروشتی بیر و هزر و لێگەڕانیان هەبوو بوونە دەروێشی داروین، ئەوانەی کۆمەڵایەتی بوون چوونە لای دۆرکایم، ئەوانەی چڵێسی جنسی و خەیاڵی بوون چوونە لای فرۆید، ئەوانەش کەڕەشبین و بێئومێد بوون بوونە دەروێشی عەبەسی وبێ هودەیی.

بەم شێوەیە بازاڕی هەموو هەڵسوکەوتە بەدەکان ئاوەدان کرایەوە و هەموو کردەوە بەدەکان پەرستگا و کاهینی خۆیان هەبوو بەڵام بەناوی پرۆفیسۆر و زانستی بوون.

شەڕ و ئاژاوە و جەنگ و خۆپەرستی چووە ناو هەموو یەکەیەکی کۆمەڵگا و لێکترازان و هەڵوەشان بەرەو خراپتر چوو، چینەکان تیر و شیریان لێک دەسوو، شەڕی نەتەوایەتی و چینایەتی بەدرێژایی سەدەی هەژدە و نۆزدە نەکوژایەوە، مرۆڤی جیهانی سێیەم هەم کرێکار بوو هەم بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکان، هەم کۆیلە و جەنگاوەر بۆ خەرجکردنی چەکەکان، هەم گەدە بوو بۆ هەرسکردنی خۆراکە بێ کوالێتەکان، بازاڕی ماددەی سەربۆشکار و بێهۆشکەر و تلیاک گەیشتە چڵەپۆپە.

دین و ڕەوشت و ڕۆحانییەت نێردرانە مۆزەخانە، مرۆڤ وەک ئامێر و تۆپەڵێک توخم ومادده سەیر دەکرا، ئەمەش سەری کێشا بۆ جۆری سێیەم لەسەرمایەداری کە سەرمایەداری داراییە.

٣-سەرمایەداری دارایی ١٩٠٠- تاکوئێستا

لەژێر سایەی ئەم قۆناغەی سەرمایەداری کارەساتەکانی جیهان گەیشتنە چڵەپۆپە و تائێستاش مرۆڤایەتی بەدەستی لێکەوتەکانی ئەم قۆناغەوە لەژێر هەڕەشەی بنەبڕبوون دایە.

لە سەرەتای ئەم قۆناغە لەساڵی١٩٠٠ز ژمارەی دانیشتوانی جیهان ملیارێک و حەوتسەد ملیۆن کەس بوو، لەم ژمارەیە لەدەیەی دووەمی ئەم سەدەیە بەهۆی چاوچنۆکی و سەختی ململانێیەکان لەشەڕی جیهانی یەکەم لەساڵانی١٩١٤-١٩١٨دا کە حەفتا ملیۆن سەرباز تیایدا بەشدار بوون کە شەست ملیۆن لەوان ئەورووپی بوون و لەو جەنگەدا دە ملیۆن سەرباز و حەوت ملیۆن هاوڵاتی سڤیل گیانیان لەدەست دا و دەیان ملیۆنیش بریندار و کەنەفت بوون.

هەر لەکاردانەوەی ئەو جەنگە پاش جەنگ ئینفلەونزای ئیسپانیش پەنجا تا سەد ملیۆنی کوشت. لەجەنگی جیهانی دووەمیش زیاتر لە حەفتا ملیۆن گیانیان لە دەست دا. ملیۆنەها کەسیش کەنەفت بوون.

ئەم جەنگانە جگە لەکوشتن و بریندارکردن و ئاوارەکردن و وێرانکاری لێکەوتەی تری وەک برسێتی و تاڵان و بڕۆ و داگیرکران و دەرد و نەخۆشیشی پێوەبوو کە تائێستاش مرۆڤایەتی

> جیهان تووشی ئیدمانی ڕابواردنی حەرام بووە بەهەموو جۆرەکانی، ئەو وڵات و ڕێکخراوانەی کە ئیباحیەت و مافی زیناکردن و نێربازی بەحەرام دەزانن خەریکە وەک تیرۆریست و کۆنەپەرست هەژمار دەکرێن

بەدەست ئەو ستەمەوە دەناڵێنێ کە لەدەرەنجامی ئەم جەنگانەوە کەوتۆتەوە. مرۆڤایەتی بووە پاروویەکی ناوەفری وڵاتە زلهێز و کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان.

کاریگەری ئەم ڕووداوە گورچکبڕانە لەسەر خێزان و باری کۆمەڵایەتی:

١- جیهان دوای ئەم جەنگانە بووە مەیدانی ململانێی زلهێزان و لەئەنجامی چاوچنۆکی سەرمایەداریدا لەسەدا حەفتای جیهان بۆ ماوەی حەفتا ساڵ چارەنووسی خۆیان ڕادەستی کۆمۆنیزم کرد، ڕەوتی کۆمۆنیزمیش بەهەموو شێوەیەک هەوڵیدا پێگەی دین و ڕەوشت و خێزانداری لەناو دڵ و دەروونی خەڵکیدا لاواز کرد، چەندەها جەنگی خوێناوی ڕوویدا و بەملیۆنەها خەڵک لەجەنگی شۆڕش دژی ئیستیعمار کوژران و ژێرخانی وڵاتان لەو پێناوەدا لەناو چوو، خێزانەکان لەبەریەکهەڵوەشان

و کۆمەڵگاکان بوونە کۆمەڵێک هەتیو و بێوەژن و پیرەژن و پیرەمێرد و شەل و سەقەتی بێچارە و ئاوارەی ناو خێوەتگاکان.

بەڵێ ژمارەی دانیشتوان زۆر بەخێرایی زۆر بوو، بەڵام بوونی نەوەیەکی زۆڵ و بێ باوک و دایک بووە کارێکی ئاسایی، هەر بۆیە گەیشتنی جیهان بە هەشت ملیار لەماوەی یەک سەدەدا، لەگەڵ کەم بوونەوە و پاشەکشەی گرێبەستی هاوسەرگیری زۆر باش دەری دەخەن کەئەم سەدەیە ژنان و پیاوان لە پێناوی گەیشتن بەوپەڕی چێژ قوربانیان بە ڕەوشت و خێزاندا و وەک چۆن لە بەکارهێنانی کەرەستەخاوەکان و وزە و ئاو و بژێوی زۆر زیادەڕۆییان کرد، لەزیادکردنی وەچەی زۆڵیش هەر وایان کرد، بۆیە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان یاردەیەکی ئەرێنی نییە.

۲-لەڕووی ئابووری:لەسەدا نەوەدی سامانی جیهان کەوتە ناو گیرفانی لەسەدا دەی مرۆڤایەتی و لەسەدا نەوەدی جیهان خاوەنی لەسەدا دەی سامانی جیهانن، ئەمەش بۆتە هۆی قڕی و پڕییەکی زۆر سامناک و هاوسەنگی جیهانی تێکداوە.

جا وەک چۆن کەسانێک بەهۆی ستەمی چینایەتی لەسەدەی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە پێشبینیان کرد کە بەرەیەکی کۆمۆنیزم لەجیهان سەرهەڵبدا، ئەم جارەش ئەم قڕی و پڕییە بۆتە میکانیزمی زۆر لەجەنگ و هەرا و ململانێکانی جیهان.

ڕیبا و سوو خۆری و قۆرخکردنی داهێنان و لاوازکردنی ویست و ئیرادە و سەروەری و سامانی زۆرینەی میللەتان بۆ ئەو کەمینەیەی هەموو شتێک هەڵدەلوشن و گەندەڵی و دزی و نەمانی ئاسایشی دارایی و بژێوی زۆر بەئاشکرا هەستی پێ دەکرێ.

ئەم بارودۆخە وای کردووە کە بە ملیۆنان لەگەنجان کۆچ بکەن بۆ هەندەران و لەپێناو خۆشکردنی باری ئابووری واز لەهاوسەرگیری بێنن و لەم لاش ئافرەتێکی زۆر ببنە قەیرە و بێوەژن و شیرازەی خێزان لەبەریەک هەڵوەشێت.

۳-سەرژمێرییەکانی ساڵانە بۆ دەستدرێژی جنسی بۆ سەر کچان و منداڵان و ڕێژەی نەخۆشییەکانی ئایدز و نەخۆشی تر لە جیهاندا لەژێر سایەی سەرمایەداری و ئازادی کاری جنسی لەزیادبووندان، ساڵ بەساڵ ژن و پیاوان لەگرێبەستی خێزانی دوورتر دەکەونەوە و لە وابەستەیی بە ڕابواردنی یاساغ و ڕەگەزبازی گەرم و گوڕتر دەبن، نەمانویست بابەتەکە بەسەرژمێرییەکان درێژتر بکەینەوە.

جیهان تووشی ئیدمانی ڕابواردنی حەرام بووە بەهەموو جۆرەکانی، ئەو وڵات و ڕێکخراوانەی کە ئیباحیەت و مافی زیناکردن و نێربازی بەحەرام

دەزانن خەریکە وەک تیرۆریست و کۆنەپەرست هەژمار دەکرێن، ئەو وڵات و ڕێکخراوانەی کاری زینا و لەشفرۆشی و نێربازی و جێندەر ئاسان دەکەن زلهێزەکان هەموو کارێکیان بۆ ئاسان دەکەن و بەهەموو شێوەیەک پشتیان دەگرن..

٤-خەڵکی ئەمرۆ وادەزانن هەزاران ساڵە مامەڵە و سەودا بەپارەی کاغەز دەکرێ، نازانن کەئەم پارە کاغەزانە لەگەڵ هاتنی پەتای سەرمایەداری بەسەر جیهاندا سەپێنراون، لە نیو سەدە لەمەوبەرەوە سەرمایەداری دارایی بۆ زیاتر بەکۆیلەکردنی وڵاتان و کۆمەڵگاکان و بەپاشکۆکردنیان خەریکە ئەم پارە کاغەزانەش بەکاش ناهێڵێ و دەمێک دەیانکاتە چەک و کۆمپیالە و دەمێک هەوڵ دەدات بکرێنە کارتی ئەلکترۆنی تا پارەی کاغەز لەگیرفانی هیچ کەسێکدا نەمێنێ و هەمووی لە ناو مەکینەی کۆمپانیا سەرمایەدارەکاندا بێ و هەر کاتێ ئەو کۆمپانیایانە بیانەوێ هەموو جۆرە فشارێک لە کۆمەڵگا بکەن و بەفشار ی ئابووری و دارایی خەڵک ناچار بکەن کەواز لەهەموو تایبەتمەندییە دینی و شەرعی و یاسایی و نەتەوەیی و ناوچەییەکانیان بێنن و لە فکر و بیرکردناوە و جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوە و کڕین و فرۆشتن و خوێندن و فێربوون و پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەموو جیهان و گشت مرۆڤایەتی ببێتە یەک گوند و یەک شێوە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان هەبێ و هەموویان ملکەچی شەرعییەتی یاساکانی زلهێزەکان بن.

٥-چاوچنۆکی سەرمایەداران زۆر دڕندانە کەوتە گیانی ناخی زەوی و مرۆڤی وەها سەرەڕۆ کرد کە بەربەرەکانێی دیاردەکانی سروشت و ڕێسا چەسپاو و هاوکێشە نەگۆڕەکان بکات.

مرۆڤ جێنشینی پەروەردگار و شۆفێر و و لێخوڕی کەشتی و هەسارەی زەوییە، هیچ بوونەوەرێک ناتوانێ هیچ لە ڕووکار و دیاردەکانی زەوی بگۆڕێ بێجگە لە مرۆڤ، مرۆڤ بەو بڕە زانستە و توانایەی بەتێپەڕبوونی کات لای کەڵەکەبووە و توانیویەتی لە نهێنی بەشێک لە نەوامس و ڕێسا و تایبەتمەندییەکانی سروشت بگات و ئاڵوگۆڕ لە بەشێک لەو سونەت و دیاردانە بکات، ڕووبەرە سەوزایی و ئاوی و بیابانی و سەهۆڵبەندان و بەفراوییەکان بەهۆی هەوڵی مرۆڤەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و دێت، ئێستا لەم سەردەمەدا ئەوەشی هاتۆتە سەر کە زیادکردنی ناوچە دارژراو و قیرتاو و ئەسفلت و کاشیکراو، هەروەها زیادکردنی ناوچەکانی داپۆشراو بەخانووبەرە و کۆڵین و دارنینی شاخەکان و تۆنێل دروستکردن و بەندا و و پرد دروستکردن و هەڵکەندنی جۆرەهای دەرهێنانی کانزا و بیری ئاو و نەوت و غازە جۆراوجۆرەکان، هەموو ئەم ڕووداوانە بە زیادبوون و کەڵەکە بوون دەبنە هۆی

ئەوەی کە سروشت و دیاردەکان کاردانەوەیەکی شەڕانگێزی و تووندوتیژییان هەبێت، لەوانەیە ئەم کاردانەوە تووندوتیژییەی دیاردە سروشتییەکان زۆر مەترسیدارتر بێ لە ڕێکخراو و بانده تیرۆرستییەکان، ئەنجامە بەراییەکانی ئەم جەنگە دەرکەوتووە، ئەگەر بێین قوربانیانی لافاو و زریان و داڕووخان و هەرەسهێنان و داڕمانی بەفر و شاخ و تسۆنامی و بوومەلەرزە و ئاگرکەوتنەوەکان کۆ بکەینەوە و بەراوردی بکەین لە گەڵ قوربانیانی جەنگەکان، دەبینین چ جیاوازییەکی وایان نییە، زانایان دە لێین گۆی زەوی ٥٩٧٢ ملیار تەنە، ڕۆژانە ١٠٠ملیۆن بەرمیل نەوت دەردەهێنرێت. وە دەیان ملیون تەن دەبێتە جۆرەها کانزا و تەختە و جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوە وکاغەز و سووتەمەنی و...هتد.

ئەمە جگە لەو هەموو دووکەڵ و کاربۆن و پاشەڕۆکە ژەهراوییانەی مرۆڤ ڕۆژانە لە ناوناخی زەوی و ناو دەریا و زەریاکان دەیانشارێتەوە، یان ڕۆژانە دەچنە ناو بەرگە هەوا و مرۆڤ و زیندەوەران تووشی جۆرەها نەخۆشی دەکەن.

ئەی کە ئەو ڕووە چەکسازی و پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن لە دەریاو و زەریا و وشکانی و ئاسمانی و بۆشایی و چەکی بایەلۆجی و کیمیایی و ناوەکی و هایدرۆجینی و جۆرەها بۆمبی نیۆترۆنی و پرۆتۆنی کە هێشتا تەنیا بەرهەم هێنراون و کەمێکیان نەبێ نەتەقێنراون، ئەی کە ئەو پیسبوونی ئاو و هەوایەی کەلە ئەنجامی جەنگەکان و تەقینەوەکانە وە دروست دەبێت.

ئەوەی باسمان کرد ڕۆژبەڕۆژ لە هەموو بوارەکان ڕوو لە زیادبوونە، کەواتە

زیادبوونی ئەم ژەهراوی بوون و داڕووخانە=خێراتر بوونی لەناوچوونی زەوی و ژیان.

سەرچاوەکان

(١)ماڵپەڕی وێکیپیدیا.

(٢)الموسوعة الميسرة.

(٣)ماڵپەڕی الجزيرة نت.

(٤)ماڵپەڕی المعرفة.

(٥)المنجد في الاعلام.

(٦)موسوعة السياسة /عبدالوهاب الكيالي.

(٧)الرد على الدهريين/جمال الدين الافغاني.

٨-مذاهب فكرية معاصرة /محمد قطب.

٩-نظرية الفستق/فهد الاحمدي.

١٠-سر تطور الامم /غوستاف لوبون.

وە چەند سایت و ماڵپەڕی تر.

ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان و یاساکان لە باشترکردنی دۆخی ژنان و ڕەچاوکردنی ماف و تایبەتمەندییەکانیان

د. دڵێر صابر خۆشناو

زانایانی زانستی سیاسەت پێیان وایە کە حزبی سیاسی سەرچاوەی نوێبوونەوەی کۆمەڵگەیە، ئەویش لە ڕێگەی پێکهێنانی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت ئەم ڕۆڵە دەبینێت و بە بەردەوامی نوێکاری دەکات.

جووڵە و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە ڕێگەی دەستوور و یاساکان ڕێکدەخات. ڕاستە دەستوور باڵاترین سەرچاوەی یاسادانانە بەڵام ئەویش سیاسییەکان بە ڕەچاوکردنی بنەما نیشتمانی و بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە دایدەڕێژن و لەڕێگەی لایەنگر و هەوادارانیانەوە ڕەزامەندی دانیشتووانی بۆ فەراهەم دەکەن.

پێمان وایە توندوتیژی دژی ژنان و کچان تەنها لە خێزان چڕنابێتەوە بەڵکو لە نێو کۆمەڵگە بە گشتی ڕوودەدات

ڕاستە ژن لە سەرەتای ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵیان سنووردار بووە بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ژنان توانان بەشداری کارایان هەبێت لە پێشخشتنی ئەم ئەزموونە، هەرچەندە لە گەلێك قۆناغدا ڕۆڵیان بە ڕووکەش دەردەکەوێت بەڵام ئەو هەوڵانەی کە بۆ هۆشیاری و توانادارکردنی ژنان دەدرێت کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە خەریکە هاوسەنگی بە ئاراستەکان دەبەخشێت.

ڕەنگە سەخت بێت بتوانین پێی دروستی ژنان لە کایەکانی کۆمەڵگا جێگیر بکەین، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لاوازی کۆمەڵگا و بوونی کێشەی جۆراوجۆرهۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنان ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان نابینن یاخود ڕاستر وایە بڵێین بەربەرستی دیتە بەردەم، هەر بۆیەش کۆمەڵگەی کوردەواری ناوە ناوە دیاردەی توندوتیژی بە خۆیەوە دەبینێت.

حزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بە جۆرێك کەوا پەیڕەو

و پراگرامی حزبی کوردستانی لەسەر دوو بنەما نوێ کرایەوە کە ئەوانیش یەکەم: پەرەوکردنی دیموکراسی لە حوکمڕانی. دووەمیش پاراستنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتییانە کە لە دەرئەنجامدا ئەم دوو بنەمایە سەروەربوونی یاسا بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

هەڵبەتە یاساکان بە بەشداری کارای ژنان توانرا بەشێك لە مافەکانیان جێگیر بکەن کە لە بەرامبەر ئەمەدا بووە هۆی زاڵبوون بەسەر بەشێك لەو توندوتیژییانەی کە لە کۆمەڵگەی کوردەواری بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرێت بە مانایەکی تر بەشێك لەم باسایانە بوونەتە ڕێچکەیەکی سەرەکی بۆ پاراستنی شکۆی نیوەی کۆمەڵگە.

راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە کۆمەڵگەی کوردەواری لە شێوە گشتییەکەی هەر لە کۆنەوە پێگەی ژنی ڕێزلێناوە و پاراستوویەتی، پیرۆزی خێزانیش بەشێك بووە لەم کەلتوورە، بەڵام دەبێت ئەم ڕاستییەش بزانین کە ئەوەی ماف و ئازادی بۆ ژنان دەستەبەردەکات ویستی هاوبەشی کۆمەڵگەیە نەك تەنها پیاوان چونکە ئەم وشەیە دەبێتە سەرچاوەی بووژانەوەی کۆمەڵگە کە هەڵبەتە حزبی سیاسیش دەگرێتەوە.

دیارە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ یەکێك لەو یاسایانەیە کە بە دەرچوونی توانی سنووردێك بۆ دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان و کچان لە نێو خێزاندا دابنێت و بۆ ئەم مەبەستەش یاساکە جەختی لە دروستکردنی دادگایەکی تایبەتمەند کردۆتەوە کە سەرجەم ڕێکارەکانی قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن بە نهێنی دەبێت ئەمەش بۆ پاراستنی شکۆی خێزانە لە لێکترازان.

هەرچەندە پێیان وایە توندوتیژی دژی ژنان و کچان تەنها لە خێزان چڕنابێتەوە بەڵکو لە نێو کۆمەڵگە بە گشتی ڕووەدات، بۆیە یاساناسان و ڕێکخراوەکانی ژنان بە پێویستیان زانی کە ئەم یاسایە هەمواری پێویستی بۆ بکرێت بە ئاراستەیەك سەرجەم ئەو توندوتیژییانە بگرێتەوە کە لە خێزان و کۆمەڵگە بە گشتی ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕەشنووسی هەمواری پێویست ئامادەکراوە و چەندین ڕاوێژ و گفتوگۆی لەسەر کراوە.

لایەنێکی تری ئەرێنی ئەم یاسایە ئەوەیە کە سزای پێویستی داناوە بۆ ئەو توندوتیژییانەی کە لە چوارچێوەی خێزان ئەنجام دەرێن و تەنانەت جۆرەکانی توندوتیژیشی بۆدیاریکردووە کە خۆی دەبینێتەوە لە: بەزۆر بەشووودان، ژن بەژنی و بەشووودانی بچووك هەروەها لە بری

خوێن بەشوودان، جیاکردنەوەی بە زۆرە ملێ، پچڕاندنی سیلەی ڕەحم، ناچارکردنی هاوسەر لەسەر بەدڕەوشتی، خەتەنەکردنی مێ، ناچارکردنی جێهێشتنی کار، سواڵکردن و جێهێشتنی قوتابخانە بە زۆر، خۆکوشتن لە ئەنجامی تۆندوتیژی، لەبەرچاوان لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵ، هەروەها سووکایەتی و جنێودان و بەزۆر سەرجێی کردن.

بەرامبەر ئەم تۆندوتیژییانەی سەرەوە سزای پێویستی بۆ دانراوە لە نێوان پێبژاردن و بەندکردن لە نێوان ١-٣ ساڵ دەبێت، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەشدا ڕزگاربوو ئەگەر پێویستی بە شوێنی حەوانەوە بوو ئەوا ئەم یاسایە جەختی کردۆتەوە کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ماڵی دااڵدەدانی بۆ ژنانی هەڕەشەلێکراو دەستەبەر دەکات. دواتر لە ڕێگەی ئەم ماڵەوە چەندین خزمەتگوزاری هۆشیاری و شیاندنی پێشکەش دەکرێت بۆ ئەوەی بە جۆرێك بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگە کە سوود بە خۆی و دەوروبەرەکەی بگەیەنێت.

لە نوێترین یاسا کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسند کرا یاسای کارە لە هەرێمی کوردستان کە بەشێکی تایبەت کرا بە پاراستنی ژنان لە کارکردنی کە چەندین مافی بۆ ژنانی کرێکار دەستەبەر کردووە

وەکو مۆڵەتی دووگیانی بۆ ماوەی (١٤) هەفتە، جگە لە پاراستنی ژنان لە گێچەڵی سێکسی لە سەرجەم قۆناغەکانی ڕاهێنان و گەڕان لە دوای دەرفەتی کار و کارکردنیش، کە ئەمەش دەبێتە ڕێگری لە بەردەم ئەو سەرپێچیانەی کە لە کەرتی کارکردندا ڕووبەڕووی ژنانی کرێکار دەبێتەوە.

جگە لەمەی کە باسکرا، یاسای نوێی کار لە هەرێمی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕێگەی پەیڕەوێك ڕێژەی کرێکاری ژن لە پرۆژەکان دیاری بکات بە جۆرێك کە هاوسەنگی ڕەگەزی بپارێزێت.

پڕۆفایل..

د. دلێر صابر ابراهیم خۆشناو

* ساڵی ١٩٧٣ لە هەولێر لەدایك بووە.

* دکتۆرا لە یاسای گشتی.

* بەشداری چەندین چالاکی پیشەیی و ئەکادیمی کردووە و لە زۆر کۆنگرە و کۆڕ و خول و سمینار لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەشداری کردووە.

* کۆمەڵێك ئەرك و کاری فەرمی وەرگرتووە، دواییانیان ڕاوێژکاری یاسایی یاریدەدەر لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان.

* خێزانداره و ئێستا نیشتەجێی هەولێرە.

یەکسانی جێندەری و کۆتا ژێرژنی فێمێنزم لە هەگبەی نیولیبرالیزمدا

سامان حەمەسالح
ڕەباتی

دنیای ماددیگەرا لە ژێر ناوی ڕێزگرتن لە ئاین، ئاینی بەرکەنارخست، لیبرالیزم و نیولیبرالیزم بونە ئیلاهی کۆمەڵگەی دوای کرانەوە.

ئازادی تاکێکی بێ ڕۆحی ئەنانی و ئازادی ڕەها لە شارستانیەتی ڕۆژئاوای دوای دوو جەنگی جیهانی و میراتگری فەلسەفەی کۆن و نوێ، بوونە لۆگۆی ژیانی ڕۆژانە، هەموو سنوورەکانی خوای بەزاند (ئەوەی کاری قێزەونە کردیان بە ئاسایی و یاسایان بۆ دەرکرد).

هەتا لە دادگای ویژدان و کلتوریش ڕزگاریان بێت (سەرچاوە لە ئیلحاد و عەقڵگەرایی موجەڕەد) هوە، وتیان ئاین زادەی بیری مرۆڤە، بۆیەش هەرکەس و گەل و ژینگەیەک جۆرێک لە پەیوەندی ڕۆحی دروستکردووە، کەواتە ئاینەکان هەموو یەکسانن و هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە ژیان و ئازادییەکان،عەقیدە نابێت پەنجەمۆری هەبێت لەسەر تەشریع) ڕستەیەک بۆ پەکخستنی شەریعەت.

بۆ ئەوەی ئێستامان و داهاتوومان لەم فیکرە وێرانکەرە سەلامەتبێ، ئەبێ پێشتر قەبارەی مەترسییەکە بزانرێت (بەتایبەت دەرهاوێشتەکانی) تا بەپێکوتی نەخۆشیەکە بەرگریی فیکری بەهێزتر بکرێت.

هەتاکو بتوانین ئەوەی ئەوان بەرکەناریان خستووە لە شەرع و دین و بەهاکان، بیهێنینەوە بۆ ناو ژیانی تاک و خێزانیمان، وە ئەوەی لە شەرع هێشتا بۆیان بەرکەنارنەخراوە و هەوڵی پەراوێز خستنی ئەدەن، ئێمە هەوڵی هێشتنەوە و بڕەوپێدانی بدەین.

ڕاستییەک: بزووتنەوە ڕووخێنەرەکان کار لەسەر وەڵامدانەوەی داوای غەریزە ئەکەن لە غیابی سنووری شەرع، ئەمەش واتای ئەوەیە زەمینەی کاری ئەوان لە هەموو تاکێکدا هەیە.

هەرچۆن بزووتنەوە ئیسلاحیەکان کار لەسەر پابەندی غەریزە ئەکات بە وەڵامدانەوەی بەرژەوەندی گشتی و فیترەت و لایەنی خێر، کەواتە ئەم دوو بزووتنەوەیە، کار لەسەر لایەنی خێر و

شەڕی مرۆڤ ئەکەن، بۆیە وەڵامدانەوەی کارە لادەرەکان زەمینەی غەریزەیی هەیە و بەهێزن، پاڵپشتی یاساییش هێزی هەنگاوی خێراتر و جورئەت و بێ بەندوباوی پێئەدات، ئیتر گرنگە زەمینەناس بین، تا واقیع بینانە هەنگاوهەڵگرین .

هاوکێشە قورئانییەکە بەم شێوەیە:

﴿ وَالَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ﴾ الأنفال: ٧٣. واتە: ئەوانەش کە بێ باوەڕ بوون، هەندێکیان پشتیوانی هەندێکی تریانن و پشتیوانی لەیەکتر دەکەن، خۆ ئەگەر ئێوەی ئیماندار کۆمەک بەیەکتر نەکەن و پشتی یەکتر نەگرن، ئەوە لەسەر زەویدا ناخۆشی و ناکۆکی و گوناهـ و تاوانی گەورەپێش‌دێت.(تەفسیری‌ئاسان).

گرێکانی سەرنەکەوتن:

قورئان یاسای بەرەنگاربوونەوەی پێوتوین، بەڵام زۆرینەی کاری ئێمە لەو وردە چپە چپ و قسە و کەمە دەنگ هەڵبڕینە ئەچێت، کە بۆ قسەکردن لەسەر بابەتێک لە لایەن خەڵکی ئامادەبووی ناو هۆڵێک ئەوترێنەوە، لە کۆتاییدا بێجگە ژاوەژاو کەسمان هیچ ناپێکین، تا ناچار کەسێک پێمان ئەڵێ تکایە(بێدەنگی بپارێزن)، ئەزانی (سوشیال میدیا)مان کردووە بەو هۆڵە.

لەسەر بنەمای ﴿وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ﴾ الشعراء: ١٨٣. هیچ هەوڵێک بە نادیدە ناگرم، بەڵام هەمیشە باش و باشتر و باشترین هەیە، کەواتە بۆچی هەوڵەکانمان باشترین نەبێت؟!

گرێی یەکەمی سەرنەکەوتن:

- بپرسین، بەڵکو نەک تەنها پرسیار هەقە هەڵوێستە بکەین لەسەر خودی خۆمان، ئەم (خۆمان)ەی کە ئەیەوێ ژینگەی خۆی بپارێزێت یان بگۆڕیت، ئایا خۆی گۆڕیوە!؟ وەعدی خوایە ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ الرعد: ١١. کە قودرەتی گۆڕینی نەفسی خۆتت نیبە، عەجەب تاوت داوەتە کۆڵی قورسی گۆڕانکاریی؟! لە نەبوون چی ئەبەخشیت!؟

پێشپرسیارێک: ئێمە بۆچی دژی بەچکە فیکریەکەی نیولیبراڵیزم (جێنەدەریزم)ین؟ چونکە

فێمێنزم وەکو بەرەنجامی لیبراڵیزەکردنی مافی ئافرەت خاڵی لەسەر پیت داناوە و بژاردەیەکی کاریگەری خستۆتە نێو قەرەوڵی ئامانجەکانی

هەرشتێک دژی یاسای خوا بوو، بەڵاهێنە، دژی فیترەتە، دژی مافە ئاسایی و یاساییەکانی منداڵ و ژن و پیاوە، دەرهاویشتە وێرانکارەکانیش بەڵگەی ئێمەن.

پرسیارە جەوهەریەکە: ئێمە لە کوێی هاوکێشەی شەریعەتین وەکو وەڵامی کرداریی بۆ ژیانکردن ؟! ئایا پێت ڕەوایە شەڕی بەرقەرارکردنی شەریعەت بکەیت، لەکاتێکدا هێزی ڕاستەڕێکردنی خۆتت نەبێ؟ (جو) ئاسا قورئان ڕوومان تێبکات و بفەرموێت :﴿أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ البقرة: ٤٤. ئایە فەرمان بەخەڵکی ئەکەن بە چاکە، بەڵام خۆتان لەبیر کردووە، ئایا ژیر نابن !! واتە شەریعەت تا چەند لە ژیانی هەڵگرانی ڕەنگی داوەتەوە؟

گرێی دووەمی سەرنەکەوتن:

ژاوەژاوی ناو هۆڵەکەیە، بۆ نەجاتیمان لێی و گۆڕینی بۆ نەخشە و پلان، خوا (جل جلاله) ئەفەرموێت ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾ الانفال: ٧٣. ئەوانەی حەقیان شاردۆتەوە بەشێکیان پشتیوانی بەشێکی تریانن، تا ئەم شوێنەی ئایەتەکە خوا پێیان ئەفەرموێت ئەوان پشتیوانن بۆیەکتری، کەواتە گەر پرسیت بۆ نەخشەکانیان سەرئەگرێت و کات لە خزمەتی ئەواندایە؟! قورئان وەڵامت ئەداتەوە و ئەفەرموێت ﴿بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾ الانفال: ٧٣. بەڵام زۆرێک لە ئێمە نەک پشتیوانی یەکتر ناکەین، بەڵکو پلانی دوژمنی خۆمان جێبەجێ ئەکەین بۆ لاوازکردنی یەکتر(جا پێ بزانرێت یان نا)، لە جیاتی بێین وەکو قورئان فەرمانمان پێئەکات ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ﴾ المائدة: ٢. هاوکاری یەکتربن لە سەر خۆپارێزی و چاکە، بە پێچەوانەوە لە ناو ئەجندای پەرتکە و زاڵبە ی دوژمن ڕۆڵ ئەگێڕین.

بەڵام خوا (سبحانه) فەرمووی ﴿إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ﴾ الأنفال: ٧٣. ئەگەر ئێوەش وەکو دژبەرەکانی بەرنامە و نەخشەی خوا (جل جلاله) بۆ مرۆڤ پشتیوانی یەکتری نەکەن، فەساد بڵاو ئەبێتەوە، کەواتە گەر پشتیوانی یەکتر بکەن بڵاو نابێتەوە، واتە تەنها ڕێگەیەک، پشتیوانیتانە بۆ یەکتری... لەو پەیامە ڕوونەی قورئان زیاتر چیمان ئەوێت.

کەواتە گـــرێی دووەمی سەرنەکەوتن دەستبەردارباوونمانە لەو پشتیوانییە.

هەستانەوە بە گۆڕینی خۆمان و پشتیوانی یەکتری ئەبێت، کاری دە کەس بە نەخشە و

پلان، کاریگەریی لە دەیان هەزار دەنگی عاتفی و تێکڕژانی فەیسبوک بەهێزترە، چونکە یەکەمیان سەرباز دروست ئەکات و ئاڕاستە و ئامانج و گیانی قوربانی هەیە، ئەوی دووەم ئەگەرچی کەم نییە، بە تایبەت لە ڕووی دروستکردنی ڕایگشتی و بەهێزکردنی بەرەی ئیمان، بەڵام لە ڕووی بەرنامە ڕێژیەوە لە کەفوکوڵ زیاتر نییە، کەفوکوڵیش (تنفیس)ە، بەتاڵکردنەوە، دوای ئەوە دامرکانەوە و لەبیرکردنە.

ئەوان لە هێرشی بە پلان سڵ ئەکەنەوە، هەر بۆیەشە سەدان هەوڵیان هەیە تا پێکەوەبوونمان بە ناوی دینەکەی خۆمان و لەسەر زمانی زانای خۆمان بە حەرام و بیدعە ناوزەد بکەن ئەوەش واتا ﴿تَكُن فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ﴾ الأنفال: ٧٣.

لە فەلەکی کاری هاوبەش و هاوکاریی، یەکێک لە هەرە کاری لە پێشینەمان بۆ پەروەردە و کاری کۆمەڵکاری بواری خێزانە، چونکە خێزان قەڵای بەرجەستەکردنی پەیامی خوایە.

گەر بمانەوێت ئیباحیەت تەشەنە نەکات و قەڵاکەی خوا بپارێزین(کە خێزانە) ئەبێت گەشە بە خێزان بدەین و نرخی ژن - لەوەی ئێستا هەیە زیاتر - بایەخ پێبدەین، چونکە خێزان سەنگەری یەکەم و یەکەی یەکەمی بەرپاکردنی شەریعەتە.

باوکێکی باشبە نەک بیانووی هەڵوەشاندنەوەی خێزان.

دایکێکی میهرەبان بە نەک بزماری لێکترازان.

کوڕ و کچێکی یاخی بە لە فێمێنزم و سیکۆلاریزم نەک یاخی لە خوا(سبحانە).

ڕووخانی قەڵای خێزان سەرەتای هەموو ناشرینیەکانە.

هەرچی خوا داوای کردووە بۆ تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەت یەک ڕێگەی هەیە بۆ چوونە نێو ئەو دنیایە ئەویش دەرگای خێزانە و کلیلی کردنەوەی ئەو دەرگایەش یاساکانی شەریعەتە. شەڕی گەورە ئەبێ پارێزگاری بێت لە قەڵای خێزان، دۆڕانی ئەو شەڕە دۆڕانی هەموو شتێکە. بۆیە هاوکێشەکە وای لێدێت: خێزان سەلامەت بێت شەریعەت سەلامەتە، بتەوێت خێزان سەلامەت بێت، ئەبێت پەروەرشکارەکەی سەلامەت بێت کە ئافرەتە، واتە ئافرەت سەلامەت بێت خێزان سەلامەتە، سەلامەتی ئافرەت یەکسانە بەسەلامەتی بەرپاکردنی شەریعەت، ، گەر جورعەی فێمێنزم وەکو بەرەنجامی لیبڕاڵیزەکردنی مافی ئافرەت خاڵی لەسەر پیت داناوە و بژاردەیەکی کاریگەری خستۆتە نێو قەرەوڵی ئامانجەکانی وشیاری زیاتر نەدرێت بە ئافرەتان بردنەوەی ئەو شەڕە سانا نییە.

سیاسەتی قاودان و دەرچەی دەربازبوون:

قاودانی فکریی بە گۆڕینی مێنتاڵێتی تاکی پێکهاتەکانی خێزان بەرامبەر بە ژینگەکەی خۆی، بۆ گۆڕانێکی نەرێنی، سەرەتای هەنگاو بوو، لە بەرامبەردا پێشکەشکردنی دەرچەی ڕزگاربوون و ئەڵتەرناتیڤی نائیسلامیانە.

گەر بیرتان بێت ئەیانوت تۆ ئازادی خۆ عەبدی دایک و باوکت نیت، ئەوان بۆ خۆشی خۆیان تۆیان بووە!! لە شکاندنی شکۆی دایک و باوکەوە دەستیان پێکرد، ئەو کوڕ و کچانەی یاخی ئەبوون لە لایەن ئەهریمەنەکانی شکۆی خێزانەوە دەستخۆشیان لێئەکرا، دااڵدە ئەدران، جورعەی جورئەتی تریان پێئەدرا. پاشتر قەرینە سوئەکانی فێمێنزم بە ژنیان وت ئەوە چی ئەکەی لەو سجنە؟ لەمێردەکەتی قبوڵ نەکەی، خۆ کۆیلەی ئەو نیت.

یاسای پاڵپشتیان بۆ ئەو مەرامانە دەرئەچواند، بە موبارەکەی سەرکردە و حیزبی عەلمانی و فەندی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ ئەو هەنگاوانە، ئەوەش بە گێڵاندنی چەند ڕیجالوددین و مەهزومی پاشخان ئیسلامی و خەوی غەفڵەتی میللەتی موحافیزکار، کە لێی ئەپارێیتەوە بچێت دەنگێک بدات سەد بیانو ئەهێنێتەوە، بەمەرجێک گیان بەخشین بۆ پاریزگاری لە قیەمی کۆمەاڵیەتیمان هێشتا کەمە، کە تۆ بتوانیت کورسیەک پڕ بکەیتەوە بە بەریگریکارێک لە دنیا و دینت، بۆ ڕێ ئەدەی لەژێر سێبەری بێ خەمیت گزیکارێک بڕوات؟

ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی زەمینەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان لەبارە و ڕۆژانە لێی هەڵتەوریت، بەاڵم ئەمە هێشتا (لۆلۆیە، لێ لێ ماوە).

ئامانج لە کردنەوەی شێڵەتەرەکان، بۆ یاخی کردنی کچ و ژن بوو نەک پاراستنیان، بەداخەوە چەندەهایان لێوە تووشی الدان کرد.

ئاسان نییە ڕوئیات ئەوەندە فراوان بێت، لە ناوجەرگەی بەرژەوەندیەکی کورتی کاتی، ڕەزامەندی خوا و بەرژەوەندی داهاتوی نەوەکان و کۆمەڵگەکەت ببینیت، ئای چ ژنێکی عاقڵە ئەو ژنەی هەموو یاسای لەپشت بێت، بڵێ یاسای خوام بەسە، ڕێگە چارەی شەرعی بگرێتەبەر بۆ مانەوە و جیابوونەوە. ئای چ ژنێکی میهربانە نەهێڵێ ڕق دڵی بەریئی منااڵ دابپۆشێت لە کاتی نەگونجانی خۆی لەگەڵ هاوسەری.

ئای چ ژنێکی ژنانەیە بڵێ پاراستنی هەیبەتی باوک (کە خەسڵەتێکی سەرەکی پەروەردەیەکی سەرکەوتووە) ناکەمە قوربانی سەرکەوتنی تۆڵە

ئای چ ژنێکی ئەویندارە ئەو ژنەی تێئەگات لەوەی ئەبێ دایک و باوک لە ژیانی منااڵنەکەیان هەبێت ئەگەرچی لە یەکیش جیابنەوە.

چ پیاوێکی مەردە شەریعەت نەکات بە پەیژەی حەز و حوججەی خۆسەپاندن.

بەڵکو هەردووکیان ببنە سەفیری ڕەحمەت و بەرجەستەکردنی یاساکانی فیترەت و جوانی.

ئەم جیهانبینییە نایەتەجێ هەتاکو هەستی پابەندی بەدینەوە زاڵنەبێت لەگەڵ پێشخستنی بەرژەوەندی کۆمەڵگە.

بەقوڕاچوونی کۆمەڵگەش لێرە و لەم ئاستە ناوەستێت، ئێستا ببینە ڕاهاتووی بە شتانێک، بینینیان تووشی شۆکت ناکات، پیاوێک دەرکراوە لەماڵەوە کەی کێشەیە، هەرخۆت لەوانەیە بڵێی دیارە سەرخۆشە، یان قومارباز، یان زاڵمە، دەستی ژنەکەی خۆشبێت، بێ ئاگا لەوەی ئەوە هەڵتەکاندنی پایەکانی خێزانە لە ڕەگەوە.

سێ حەز کە لە دەرەوەی خێزان دەستنەکەوتن و یاساش لەخزمەتی ماف و جێبەجێکردنی ئەرکدا بوو لە چوارچێوەی خێزان، ئیتر کۆمەڵگە سەلامەت ئەبێت. ئەو سێ حەزەش: سێکس و منداڵ و نەفەقە

بۆیە عەقدی شەرعی ئەرزشی نەما لە ڕۆژ ئاوا!؟ چونکە سێکس لە دەرەوەی خێزان زۆر زۆر و هەمەڕەنگ و ڕازەوەیە و بۆڵە و ئەرک و بەرپرسیارێتی یاسایی نییە.

حەزی بوون بە دایک یان باوک، واتە بوون بەخاوەنی منداڵ لە دەرەوەی عەقدی شەرعی چەندین ڕێگەی هەیە لە جوتبوونی ڕاستەوخۆ تا کڕینی سپێرمی نێرێک بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی ببینرێت تەنها خەسڵەتەکانی لەسەر ڕاپۆرتی هاوپێچ لەگەڵ سپێرمەکە نوسراوە.

بۆ نەفەقەش بە ناوی ئازادی ئابووری، ئەرکی بژێویشیان خستە سەر ژنان خۆیان، بەبێ ئەوەی ئەرکی قورس و پڕئازاری منداڵ بوون و ئازاری سوڕی مانگانە و شیردانی لەگەڵ دابەش بکەن... واتە بەبێ دانانی هیچ ئیعتبارێک بۆ باری سایکۆلۆجی و فسیۆلۆجی ژن.

لای خۆشمان زۆر بەگەرمی ئیش لەسەر ئابووری سەربەخۆ کراوە و ئەکرێت(کەس وانەزانێت دژی ئەوەم ژن ئیش بکات، نەخێر بەڵکو دژی ئەو جۆرە بیرۆکەم ژن یاخی ئەکات و ئەرکی پیرۆزی دایکایەتی لە لا بێئەرزش ئەکات و ئەیکات بە مونافیس و دژەپیاو).

بەشێک لەکۆمەڵگە گەرچی کەمینەش بن لە ناو قۆناغی ئەنجامدانی سێکسن لە دەرەوەی عەقدی شەرعی (ئۆقیانوسێک لە تاوان بخوێننەوە بزانن چی ئەگوزەرێت).

دوای ئەمەش قۆناغی قبوڵکردنی منداڵی ناشەرعی دێتە پێش بە دەرچواندنی یاسا بۆیان تا پاڵپشت پێی، ئەو پرۆسەش دادەبدرێت.

هەرچی ئەو داڕووخانەش هەیە لە قازاجی نێرە، واتە کۆمەڵگە ئەبێتە نێر بازاڕی و ژنیش ئەبێتە پیتزا و نێری برسی بە تەلەفۆن و بە ئەپلیکەیشنێکی سەر مۆبایلەکەی ئۆردەری ئەکاو بە دلیڤەری بۆی ئەهێننە ماڵەوە، ئەمە ئێستا لە ئەوروپا دیاردەیە.

کەس نەڵێت ناگەینە ئەو قۆناغە، تەنها سەیری بیست ساڵ پێش ئێستا بکە لە کوێ بووین و هاتووینەتە کوێ، بیست ساڵی داهاتووش وەکو ئێستا نابێت دڵنیابە، ئەوروپاش هەروەکو ئێمە پەنجا ساڵ پێش ئێستایان جیهانێکی تربووە. ئەوە بزانە کە عەقڵ پابەند نەبوو بە پەیامی خواوە، بە هیچ ئاستێکی نزمی تێرکردنی حەز ناوەستێت، بۆ ئەوەش لە ژێر ناوی دیموکراسی و ئازادی، یاسا بۆ حەزدان دەرئەکەن، فەرەنسیەکان ئازادیان دا بەکچی ١٣ ساڵ کە ئازادە لەوەی سێکس لەگەڵ کێ ئەکات، ئەمە ساڵانێکی پێشتر جەریمە بوو. بپرسین چۆن و بۆچی کۆمەڵگەی ئەورپی و ڕۆژئاوایی گەیشتن بەو دەرئەنجامانە ؟

ڕاستیەک هەیە بیزانین کە هەموو مەحکومی پێناسەین، موشەریع لە دیدگای بۆچەمکەکان ئەگات بە دەرەنجام و تەشریع. دوانەکانی فکر و سلوک، یاسا و ئایدۆلۆژیا، سیاسەت و فکر، پایەی مەعنەوی و مەرجەعی دەوڵەتدارین.

سلوک هیچ کات بێ دایباب نییە(سلوک بێچووی فکرە، ئەوەی ڕۆژئاوا پێی گەیشتووە لە کردار، زادەی زەمینەی فکریە). یاسای بێ ئایدلۆژیا وجودی نییە، سیاسەت بەبێ مەرجەعی فکری نەبووە و نابێ. ئەمانە بەدیهییاتی ژیانکردنە لە ناو دەوڵەت.

کەواتە گەر بمانەوێت؛ سلوک: سەلامەت بێت. یاسا: مرۆڤ سەروەریی بێت. سیاسەت: مۆراڵی بێت. بە کورتی ویستی خوای تێدا بەرجەستە بێت، ئەبێ فیکر پارێزگاریی بکات لە سنورەکانی سروش (وەحی) تا سلوک سەلامەت بێت، سلوکیش دەرهاویشتەی تاک یان دەستە و گروپ و دەوڵەتیش ئەگرێتەوە.

بۆ ئەوەی تەشریع و تەقنین، فیترەت نەشێوێنێت، ئەبێت ئەو چەمکانەی ڕەهەندی مەرجەعبوونیان هەیە پێناسەیان هەڵێنجاو و ڕێکهاتنەوەی سروش(وەحی)بن، تا لەوێوە دنیابینی و ئایدۆلۆژیا قاڵب بگرێت. فیکری سەلیم بکرێتە ئاڕاستەوانی سیاسەت تا سیاسی لە خەمی ئیسلام بێت وەکو پەتی تەسبیحی شیرازەی کۆمەڵایەتی لێی بڕوانێت.

لە نمونەی ئەو چەمکانە: (ئازادی، یەکسانی، حوکمی گەل [دیموکراسی]، دادگەری) چەمکگەلێکن لە دیدگا و پێناسە بۆیانەوە، فۆرمی

دەوڵەت بۆ حوکمڕانی قەرار ئەگرێت و لەوێوە ئەتوانی پێناسەی جۆری حوکمڕانی ئەو دەوڵەتە بکەیت. پێناسەی ئەم چەمکانەم بۆ بکە پێت ئەڵێم تۆ کێی، پێناسەی ئەم چەمکانە ئەبێ بە مەرجەعی یاسا.

جیاوازی جەوهەریان لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا لە فەلسەفە و جیهانبینیان بۆ ژیان، لە جیاوازی ڕوانین و پێناسەمانە بۆ ئەو چەمکانە، وە هەرچی دەرهاویشتەی نەرێنیش هەیە، بەرئەنجامی ئەو سیستەمەیە کە لە هەناوی ئەو فەلسەفە و دنیابینیەوە لەدایک بووە.

کەواتە هەمان ڕێگا و ڕێکاری ئەوان، هەمان ئەنجام ئەدات بە دەستەوە، واتە هەمان دەردی کۆمەڵایەتی و بێبەندوباوی و نەخۆشی دەروونی و لە نیوە زیاتری منالّی بێ باوک و ئینتحار و حەشیش و تلیاک کێشان و بەکالّاکردنی ژن و دەیان و دەیان دەرهاویشتەی نەرێنی تر، سەرئەنجامی ئەو سلوکە ئەبێت کە لە پێناسە بۆ ئەو چەمکانە سەرچاوەی گرتووە بە پاڵپشت و پشتیوانی یاسا.

هەرچی حیزبی سیکۆلار و لێبراڵ هەیە لە جیهانی ئیسلامی بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە چ سۆشیالیستی یان سۆشیال دیموکرات و نەتەوەیی بە باکگراوندی ئایدۆلۆژی نەرێنی، هەمان پێناسە ڕۆژئاواییەکەیان هەیە بۆ ئەو چەمکانەی ئاماژەم پێکردن، ئەم حیزبانە خۆڵەمێشین بە حوکمی ئەو ژینگەیەی تێیدا کاردەکەن، نایانەوێ ڕوون و ڕاشکاو بن، چونکە بەرکەوتەی ڕۆژانەیان هەیە لەگەڵ کلتورێکی کۆمەڵایەتی بەهێزی موتوربەکراو بە ئیسلام، ئەمە وایکردووە بە ڕێژەی جیاواز و بەپێی واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسی کار لەسەر بەرکەنارکردنی ئیسلام بکەن.

هەرچی گۆڕانکاریی نەرێنیش هەیە کە ئەبینرێت لە کۆمەڵگەی موسڵمانان بە پیلانە و هەوڵی بنکەنکردنی ژێرخانی ئیسلامیە، ئەم کارەشیان بەچەند میکانیزم و بۆیاخکارییەک ئەنجام ئەدەن:

میکانزمەکان: لەوانە/

١- **ڕاگەیاندن/** لە ڕێگەی دراما و بەرنامەی وروژاندنی بابەتی گومانهێن و ڕەواجدان بەشتی نامۆ و ئاسانکردنی قەدەغەکراوەکان و ناشرینکردنی حەڵاڵەکان.

٢- **بێدەنگی/** چاوپۆشی لە زۆر لادانی گوتاری و گوفتاری و کرداری، کە زۆرجار پێچەوانەی دەستورە و ئەبێ داواکاری گشتی کەیسی بۆ بجوڵێنێت، بەڵام کەس دەنگی لێوە نایەت.

٣- **چاپەمەنی/** ڕێپێدان بە بڵاوکردنەوەی ژەهرە نووسین لەژێر یاسای ئازادی پەخش و چاپ، کە

بڕەو ئەدات بە شتگەلێک لە ئیسلامدا لە هێڵی حەرامە نەگۆڕەکاندان، یان کار بۆ ڕێگری لە ڕێساو ڕێکارێک ئەکات ئیسلام وەکو بژاردەی چارەسەر بۆی ئەڕوانێت لە نمونەی میرات و چەندژنی.

٤- ڕێگری/ بەرتەسککردنەوەی ئەرک و پرۆژەی مزگەوت و تەنانەت قورسکردنی ڕێکارە ئیداریەکان بۆ دروستکردنی مزگەوت، یان پشتگوێخستنی لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە.

٥- پەراوێزخستن/ کەمکردنەوەی کاریگەری پەروەردەی ئیسلامی و دەستکاریکردنی ناوەڕۆک و سپاردنی بەکەسانی ناتایبەتمەند بەو بواره و سەیرکردنی وەکو مامددەیەکی ناپێویست و پەراوێزخراو.

٦- والاکردن/ بڕەودان و ئاسانکاری بۆ نێرگەلەخانە و یانەی شەوانە و قومارخانە و دەیان کاری تری دژ بە کۆمەڵگە.

وامەزانە ئەوەی ڕوو ئەدات ئەوە گۆڕانکاری ئاسایی کۆمەڵگەکانە بە ڕووی کرانەوە، بە ڕێژەیەکی کەم ئەوە ڕاستە، بەڵام هەمان ئەو میکانزمانەی ئاماژەم پێدان، گەر پێچەوانە بکرێنەوە بۆ قازانجی بڕەوی دینداری و پاراستنی کولتوری ئەرێنی و پشتیوانی یاسایی، ئەبینرێت چۆن و بە چ ڕێژەیەکی زۆر، خراپەکاری و لادان کەم ئەبێتەوە.

بۆیاخکارییەکان:

دەسەڵاتی عەلمانی بۆ حاڵی خۆی زیرەکە، بۆیە بۆ گومان لە سەرخۆ لابردن و هاوتەریب لەگەڵ بوونی پیلانیان بۆ چەواشەکردنی گۆمەڵگە و بەشێکی باش لە نوخبەی دیندار، کۆمەڵێک ڕێکار و هەنگاوی خۆیان هەیە کە وەکو بۆیاخ بەکاری دێنێت و هەزارانی پێ چەواشە ئەکات.

لەوانە/

١- **دامەزراوەی ئاینی/** دروستکردنی دەزگا و دامەزراوەی ئاینی، بۆ چالاکی ڕوکەشیی و فەتوای بێ زەڕ و زیندووکردنەوەی موناسەبات و زۆر جاریش وەکو فریادڕەسی حکومەت لەکاتی قەیرانەکاندا دەرئەکەوێت.

٢- **بڕەودان/** بەو گوتارە نا مەسئولە نەزان و زۆرزانەی کە کاربەدەستی عەلمانی بە وەلی ئەمر ئەزانێت، ئەوەش بە هێنانە پێشەوەیان و گرنگی پێدانیان و والاکردنی زۆر دەرگا بۆیان، بە مەرجێک هاوکات لەگەڵ کاری دەعوە و بانگەوازیان، کار

وشیاری تاکی مسوڵمان لە ئۆکسجین پێویستترە، هەتاکو هاوتەریب لەگەڵ چاکسازی لە حوکمڕانی و خزمەتگوزاری، ئیسلام بکات بە سەرچاوەی پێناسەی ئەو چەمکانە، هەتاکو قیەم نەدۆڕێنین و مەرجەع لە دەستنەدەین

لەسەر سێ تەوەر بکەن:

٣- (دژایەتی حیزبی ئیسلامی، دەخالەت نەکردن لە سیاسەت، ناساندنی سەرانی حیزبی عەلمانی بە وەلی ئەمر)، ئەم تەوژمە تا چەک هەڵگرتن بۆ دەوڵەت ئامادەن گەر وەلی ئەمر ئەمر بفەرموێت.

٤- کەسایەتی دۆڕاو/ زەقکردنەوەی کۆمەڵێک کەسایەتی پاشخان ئیسلامی دۆڕاو یان بەناو بیریاری ئیسلامی پینەچی، ئەمانە ئیشیان مەشغوڵکردنی خەڵکیە بە مێژوو و شتی لاوەکی، هەرگیز نابینیت ئەمانە لەسەر جەوهەر و بەرەنگاری لە ستەم و تاڵانی بدوێن.

٥-نمایشی ئایینداری/ ناوبەناو سەرۆکی حیزبێکی سیکۆلار، کچە مۆدیلێک، کەسایەتیەکی سیاسی گەندەڵ دێت و ئەڵێ من مسوڵمانم و نوێژ ئەکەم و ئایەتیش ئەخوێنێتەوە، لەکاتێکدا ئیسلامیان لە دەوڵەت و حیزبەکەیان پەراوێزخستووە.

بەکورتی چاوخشاندنێک بە پێناسەی ئەو چوار چەمکانەی ئاماژەم پێکرد لە نێوان دوو جیهانبینی(ئیسلامی و عەلمانی) جیاوازدا، ئەتگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە ئەوەی لە ڕۆژئاوا ڕوئەدات، لە دیدی جیاوازی ئەوانە بۆ ئەو چەمکانە، وە ڕاستی ململانێی سیکۆلاریزم و پرۆژەی ئیسلامیت بۆ دەرئەکەوێت، لەوێشەوە زیاتر بۆت ڕوون ئەبێتەوە دژایەتی پرۆژەی ئیسلامی یەعنی چی بە بیانووی ئیسلامی سیاسی.

باشە ئەبێ کێ پاریزگاری لە پێناسە قورئانیەکە بکات بۆ ئەو چەمکانە لە کاتی نووسینەوەی دەستور؟! ئایا بیرت لەو خاڵە چارەنووسسازە کردۆتەوە ؟! ئەی ئەگەر کەس نەبوو وەکەس خەمی نەخوارد کێ بەرپرسیارێتی مێژوویی و قیامەتی هەڵگرێت، بۆیە وشیاری تاکی مسوڵمان لە ئۆکسجین پێویستترە، هەتاکو هاوتەریب لەگەڵ چاکسازی لە حوکمڕانی و خزمەتگوزاری، ئیسلام بکات بە سەرچاوەی پێناسەی ئەو چەمکانە، هەتاکو قیەم نەدۆڕێنین و مەرجەع لە دەستنەدەین، ئەم پێناسانە ئەبێت لە دەستور جێگیربکرێت تا هیچ یاسایەک دەرنەچێت دژ بە ئیسلام و ئادابی گشتی و عورف و کلتور، لێرەوە پێویستی بەشداری سیاسی و پەرلەمانی دەرئەکەوێت، کە کەمترین قازانجی هەوڵە بۆ بەرگرتن لە هەر هەوڵێکی لادان، تەنها ئەم وشیاریەش بەر بەو ژیارە داڕماوە فکری و کۆمەڵایەتیەی ڕۆژئاوا ئەگرێت.

ئافرەتانی مسوڵمان پێکهاتەی بنچینەیین لە فۆڕمی ژیاری ئیسلامی و ڕۆڵگێڕی پێشەنگن بۆ شوناسی ئوممەت

ئەوەش بزانین کۆمەڵێک کەناڵ و تەوژم و حیزب و ڕێکخراو و زانکۆ و نووسەر، لەهەوڵی شەو و ڕۆژن بۆ سازانی زەمینە و ژینگەی لەبار بۆ قبوڵکردنی ئەو ڕەوتە زاڵەی دنیای ئەمڕۆ، ئەوەش بە پشتیوانی ماددی و مەعنەوی هێزە شاراوەکانی ئەو دیوی یاریەکەیە.

بەکورتی هەردوو پێناسە ئیسلامی و عەلمانیەکە بۆ هەر چوار چەمکەکە:

١- **ئازادی**/ لە مومارەسەی حەز و ئیرادەی خۆت، بە پاراستنی سنووری ئەوانی تر و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و نەبەزاندنی قەدەغەکراوەکان سەربکێشێت بۆ ئازادیەک کە شتێک نەمێنێت بە ناوی سنووری خوا تا ئەگاتە ماڕەکردنی هاوڕەگەز لەیەکتری و داننان بە منداڵی ناشەرعی و سێکس لە دەرەوەی عەقدی شەرعی.

٢- **یەکسانی**/ لە چون یەک بون لە بەردەم دادگا و مافی دەستخستنی ژیانێکی شایستە و نەهێشتنی جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەنگ و زمان و ئایین بگاتە یەکسانیەک بڵێ هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە ژێر ناوی جێندەر و بخزێنرێتە نێو پرۆگرامی خوێندن و بسەپێنرێت بەسەر منداڵی پێنج ساڵان، تا شتێک نەمێنێت بە ناوی دایک و باوک و خوشک و براو ژن و مێرد، بەڵکو هەمو یەک شتن بۆی هەیە ژن ببێت بە مێرد و مێرد بە ژن، واتە شەڕ لە گەڵ خوا و فیترەتێک کە خوا بڕیاری لەسەر داوە .

٣- **حوکمی گەل(دیموکراسی)**/ لە میکانزمی دیاریکردنی نوێنەر بۆ ژیانێکی باشتر و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بگات بەوەی نوێنەرەکانی گەل بکات بە سەرچاوەی تەشریع واتە (یاسادانان) با ئەگەرچی دژی نەگۆڕەکانیش(الثوابت) بێت، واتە لە میکانیزمەوە بۆ (بت)ی تەشریع، وەکو بەدیل بۆ قورئان.

٤- **دادگەری**/ لە گەڕاندنەوەی ماف بۆ ماف خوراو و جێبەجێکردنی یاسا لەسەر هەموان بگات بەوەی بڵێین نادادگەریە گەر تۆڵە وەرگرینەوە لە بکوژ و دەیان لادانی تر.

بۆ زیاتر کاریگەریی دروستکردن و بەرگری کردن لە ژیاری ئیسلامیان پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بە وشیاری ئافرەتان کە خۆیان بینە مەیدان و ڕێکربن لەو هێرشەی کە زەرەرمەندی یەکەم ژنە تێیدا، لەم سۆنگەوە ئەتوانین بڵێین ئافرەتانی مسوڵمان فۆڕمی ژیاری ئیسلامی و پێشەنگن لە پاراستنی شوناس، ئافرەتانی مسوڵمان پێکهاتەی بنچینەیین لە فۆڕمی ژیاری ئیسلامی و ڕۆڵگێڕی پێشەنگن بۆ شوناسی ئوممەت.

ژن پایە و پێکهاتەی سەرەکی فۆڕمی شارستانیەتی ئیسلامی و سەری ڕمی شوناسی ئەو ژیارەیە، کێ وەکو ژنان و کچانی ئیماندار

ناسنامەی ئیسلامیانن، کاتێک بە حیجابەکانیان ئەڵێن بەڵێ بۆ ئیسلام، ئایا ئەم خاتونانە هەق نییە بکرێن بە تاجی سەر، هەق نییە وایان لێبکەین کە شانازی بە خۆیانەوە بکەن، ئەوان لە هەموو شەڕێکی توندڕەوە ڕاسیست و نازیە تازەکان لەسەنگەری پێشەوەن و بە ئامانج گیراوی یەکەمن، زۆربەی جیاکاری ئاینی و ڕەگەزی دژی ئەوان ئەنجام ئەدرێت، سیکولارە لار و فێمێنزمە نزمەکانی لای خۆشمان شەڕی زیاتریان لەگەڵ کچ و ژنی بە حیشمەتە.

ئافرەتی مسوڵمان ئۆکسجینی ژیان و گوڵستانی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی سەلامەتە، کە ئەو گۆڕا و هەناسەکانی بوون بە گازی کاربۆنیی لیبراڵیزم، ئیتر فیترەت و چێژی ژیان ئەخنکێت.

بۆیە ئەو کاتەی: منداڵ وەکو بەرهەمی کارگە سەیر ئەکرێت. گرێبەستی هاوسەرگیری ئەبێتە بار و ئەرکێکی قورسی یاسایی و کۆمەڵایەتی. ژن ئەبێتە بوکەڵەی دەستی سەرمایەداریی. پیاو ڕاگری ماڵ لەدەست ئەدات. ژن و پیاو مەسرەف بەشئەکەن(بەمانا هاوکاریەکەی نا، بەڵکو بە مانای بەرژەوەندی ماددی و ڕاکردن لە ئەرک).. ئیتر یەعنی ژن لە خشتە براوە و ئەوەش کۆتایی یاریەکەیە.

ئەو کاتە ژن بەهێزە کە بڕوای وابێت شەریعەتی خوا لە ڕووی گرنگی و پێگە پێدان و ڕێز، ماف و ئەرکی تەواوی پێداوە. شکست و ماڵوێرانیش ئەو کاتەیە کە گومان ببات خۆی لە سیستەمێکی تردا بینیوەتەوە و ئازادی پێبەخشراوە.

زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێم، ئافرەتان کلیلی سەرکەوتن و فەشەلی ژیاری ئیسلامیانن، چون شەرەفی دایکایەتی بەو سپێردراوە، هەم کۆڵەکەی خێزان (کە قەڵای بەرجەستەکردنی ئیسلام)ە، هەمیش نەخش و جێدەستی پەروەردەیی ئەوان لەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگە هەیە. ئاوەدانی قەڵاکەی ئیسلام کە خێزانە (دایکە) و دایکایەتیش ڕۆڵی هەرە گەورەی (ژن)ە. هەموو ئەوەی پێشوو وەسفی ئەو حەقیقەت و پێگەیە کە ئیسلام بە ئافرەتانی بەخشیوە.

هەرگات: لەو یاسایە بترازێت و بترازێنرێت. نرخی خۆی نەزانی و نەزانرا. ئەرکی خۆی نەبینی و پێی نەدرا. ڕۆڵی خۆی نەدرێتی و نەیگێڕا. دەنگی نەبیسترا. هەوڵی بەپیاوکردنی درا. دوژمنایەتی پیاوی تێداچێنرا. لەلایەن گورگەوە پشتیوانی لێکرا. فێمێنستێکی بێلانە لاوانیەوە. بە ئازادی درۆینە چەواشەکرا و هزری شێوێنرا. وە بەناوی یەکسانیەوە ژنێتی و ژیان و ڕۆڵی ڕاستەقینەی لێزەوتکرا.

ئەو کات ئارامی و ئارامگەیەک بۆ ئافرەت نامێنێتەوە ومنداڵ وەکو بەرهەمی کارگەیەک

سەیرئەکرێت، ئیتر جیابوونەوەی ژن و مێرد لە گۆڕین و کڕینی پانتۆڵێک ئاسانتر ئەبێت، گرێبەستی هاوسەرگیری ئەبێت بە دێوەزمە و لێپێچینەوەی یاسایی، چونکە بە نیەتێکی خراپەوە دەستئەکەن بە کارێکی پیرۆز کە هاوسەرگیرییە

ئەوەتا کار گەیشتووە بەوەی کە ئێستا لە دنیای (پۆست مۆدێرنە)ی ڕۆژئاوادا، بڵێن شتێک نییە بەناوی (نێر)و(مێ) ئای چ کارەساتێکە دنیای فیترەتی ژن و پیاو بشێوێنرێت و بڵێن گەرەکتە هەرچی بی و چۆنبیت ئاوابە. چ نەگبەتییەکە دەنگی خوا (جل جلالە) کە قورئانەکەیەتی لە ژیانمان بکرێتە دەرەوە.

ئەمە خەیاڵ و گریمانە و بیردۆزی موئامەرە نییە کە باسی ئەکەم، ئەمە ئێستا پرۆگرامی قوتابخانەیە لە ڕۆژئاوا و هێزە شەڕانگێز و شەیتانە شارەوەکەی دنیا، لەو دیوی پەردەوە، بە پشتیوانیەکی بێ سنووری ماددی و ئیعلامی و ئیرهابی فکری و یاسایی، بەوەی پێئەدات و ئەیسەپێنێت.

لێرەوە دوو پەیام بە پێویست ئەزانم بۆ کەسێک کە هەستی بەرپرسیارێتی هەیە، خەمێکی لە دڵ هەڵگرتووە، خولیای ئیسلامە و بە ئاوی حەیاتی ئەزانێت، ئەم کەسە ناکرێ و ناگونجێت هۆکاری تۆراندنی خەڵک بێت لە ئیسلام، چ جای ئەوەی ئەو

ئیتر جیابوونەوەی ژن و مێردلە گۆڕین و کڕینی پانتۆڵێک ئاسانتر ئەبێت، گرێبەستی هاوسەرگیری ئەبێت بە دێوەزمە و لێپێچینەوەی یاسایی

خەڵکە لە نزیکەکانی خۆی بێت، واللە کارەساتە نەتوانی نوێنەرایەتی لایەنی کەمی ئەخلاقی پێغەمبەرەکەت بکەیت (ﷺ):

پەیامی یەکەم/ ڕوو بە پیاوان: ئەم فەرموودەیە بکە بە بنەمای مامەڵەت لەگەڵ خێزانەکەت (**لا يفرك مؤمن مؤمنة، إن كره منها خلقا رضي منها آخر**) با پیاوێکی باوەڕدار خێزانە باوەڕدارەکەی نەبوغزێنێت، خۆ ئەگەر ڕقی لە خویەکی بۆوە، خۆ لە خویەکی تری ڕازییە، ئەم فەرموودەیە ئەوەمان فێرئەکات با جوانی و چاکیەکان ببینین و زاڵی بکەین بەسەر سیفەتێک کە حەزمان لێی نییە.

+ ڕێزی ئافرەتان بگرن چ دایک بێت یان خوشک و کچ و خێزان، سەروەرمان (ﷺ) فەرمووی ڕێزیان ناگرێت ئەو پیاوانە نەبن کە بەڕێزن.

+ ئەمانەتن لەلای ئێوە پارێزگاری لە ئەمانەت نەشکادنێتی.

+ ئەو جوانییەی کە بە هۆی تەمەن و منداڵ بوون و شیردان و خزمەتکردنەوە نەیماوە، عەیبەیە ببێت

منالْ مەکەن بە قوربانی و وەرەقەی فشار و لێدان لە یەکتر، بێویژدانی و ئیمانکزیە بیر لە داهاتووی منالْ نەکەیتەوە، بۆ حەزێکی ڕقاوی ئێستا ئەندامێکی دەروون وێران پێشکەشی کۆمەڵگە بکەیت

بە جێگەی ڕەخنە و تانەی تۆ.

+ هیچکات خۆتان لە ئەوان بە زیاتر نەزانن، باشترینمان بە تەقواترینمانە.

+ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوان شوشەن، کەواتە ئەوان ناسکن، هەوڵ مەدەن بیانکەن بە ئاسن و کانزایەکی تر، وەکو خۆیان بیانهێڵنەوە و پارێزگاریان لێبکەن.

+ ئیسلام پەرستشە بۆ خالق و ڕەوشتە لەگەڵ مەخلوق، وریای هەڵسوکەوتت بە (جنێو و ناوناتۆرە و ئیهانە وغەیبەت و بوهتان ...) هەمووی حەرامن لە دژیان.

+ هەرگیز ڕەزیلی نەکەی.

+ چاودێری بکە بەڵام دڵپیسی و جاسوسی مەکە لەسەریان و بە متمانە کەسایەتیان بۆ دروستبکەن.

+ بۆ هیچ عیبادەتێک پێی نەڵێی تا خۆت جێبەجێت نەکردبێت.

+ ئیش لەسەر ناخ بکەن پاشان ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕووکەش، واتە با خەڵک و قسەی خەڵک پاڵنەر نەبێت بۆ دروستکردنی دیندارێکی ناخ کەلاوەی ڕوو ئاوەدان.

+ ئیسلام وەکو تاکە چارە و مەرجەع بەکار بهێنن و با شەریعەت بەرپابێت لە ماڵەکانتان.

+ توانا و وزەیان مەشارنەوە، لەهەربوارێکی شیاو بە ڕۆڵ و کەسایەتیان، مادام بتوانن خزمەت بکەن و هاوسەنگی ماڵداری و پەروردە بپارێزن، با خزمەت بکەن و ڕێگریان لێمەکەن.

پەیامی دووەم / ڕوو بە ئافرەتان: ئەوە بزانە تۆ بە ئامانج گیراویت و خراویتە نێو قەرەوڵی نیشانی هێزە ڕووخێنەرەکان، ئەزانن زەفەر هێنان بە تۆ زەفەر هێنانە بە ئوممەت، کەواتە تۆش:

+ بەیعەت لەگەڵ خوا تازە بکەرەوە و پەیمانی بەندایەتی ڕاستەقینە ببەستە.

+ بە دڵ و لە دڵەوە ڕازیبە بە شەریعەتی خوا، بە یەقینەوە بڕوانە بۆ ئەو هەموو کەسایەتی و سنووری ڕێزەی لێی ناوی.

+ بزانە لە دووری شەریعەت، پەراگەندە و ئاوارەی، هەرچی ئەوانی تر، داوی دیکۆر و میکیاجە بۆ ڕاوکردنی تۆ.

+ هەرچی چالاکیت هەیە بۆ داواکردنی ماف، با ئەوەبێت کە خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بۆی داناویت، هەر مافێک ئەو سنوورەی بەزاند، با لە قازانجی

دنیایی و کاتیت بێت، ڕێک بیخە تەنەکەی زبڵ، چونکە هەمووی بۆ لێکترازان و لە خشتە بردنە کەس بەقەدەر خوا تۆی خۆشناوێت و قازانجت نازانێت.

+ ڕێزی هاوسەرت بگرە بەتایبەتتر لەلای منااڵەکانت تا خێزان سەلامەت بێت.

+ کەسایەتی هاوسەرت لە هەموو شوێنێک بپارێزە و بە کۆڵەکەی ماڵ و پەنای خۆتی بزانە.

+ دڵ خۆشی بکە بەوەی ئەو دڵی پێی خۆشە.

+ دەستبڵاو مەبە.

+ نەنازی بەهیچ شتێکدا لەئاستی ئەو.

+ یاسای ژیانە ئەوشتانەی لەگەڵتن ڕادێی پێیان و پاشتر تووشی ساردبوونەوەت ئەکات، زۆرێکی هۆی تەاڵق ئەوەیە، تۆ هەوڵبدە هەمیشە سوپاسی خوا بکە لەسەر نیعمەتی ژیانی خۆت و ڕەزامەندی پیشان بدە، چونکە هەزارانی خراپتر و موبتەلاتر هەیە، پاشان ئەوژیانە (ڕیفرێش) تازە بکەنەوە، بە سەفەر و سەفرە و ناو بەناو دووورکەوتنەوەی پۆزەتیڤ.

+ خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) و قورئان و ئیسلام و مسوڵمان بچەسپێنە لەدڵی منااڵەکەت و ستەمی لەال ناشرین بکە.

+ گوێڕایەڵی هاوسەرتبە لە سنووری شەرع.

+ هەرکات قەناعەتت بەو ژیانە نەما، هەرگیز بیر لە خیانەت و فێڵ و جادو نەکەیتەوە و پەناش نەبەیتە بەر یاسایەک کە دژی شەریعەت بوو، بۆ هەمیشە ترسی ئەو سوێندەی خوای گەورەت لە دڵ بێت، گەر پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نەکەین بە دادوەر ئەوە ئیمانمان نیە[**فلا وربك لايؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في انفسهم حرجا مما قضيت و يسلموا تسليما**]، بەڵکو دوای هەوڵی چەندین جارەی پێکهاتنەوە، هەر نەگونجان ئەوا با شەرع دادوەربێت و یاساش تەنها لەو چوارچێوە بەکار بهێنە.

+ منااڵ مەکەن بە قوربانی و وەرەقەی فشار و لێدان لە یەکتر، بێویژدانی و ئیمانکزیە بیر لە داهاتووی منااڵ نەکەیتەوە، بۆ حەزێکی ڕقاوی ئێستا ئەندامێکی دەروون وێران پێشکەشی کۆمەڵگە بکەیت.

خوشکی سەنگینم دوژمنان ئەزانن لە کوێوە هاتوون، تۆش وریابە و مەهێڵە تۆ خاڵی الوازی ئەم شەڕە بیت بۆ قازانجی دوژمنانی ئیسالم، بزانە چی داهاتوویەک چاوەڕێی ئافرەتانی داهاتووی ئەم میللەت و ئوممەتەیە، بە ڕۆحی بەرپرسیارانە هەنگاو هەڵگرە، خۆت و جیلێک پەروەردە بکە تۆ پەروەرشکاری و ئەتوانیت.

داوای مافی خۆت بکە لەسنووری شەرع و زۆریش پێداگربە، چونکە ئەو مافەی خوا پێی داوی لە هیچ شوێنێک دەستت ناکەوێ، شەڕ بۆ ئەوە بکە، بەختەوەرترین ئەبیت، بەڵام خۆشت پابەندبە بەوەی خوا فەرزی کردووە لەسەرت، نەک تەنها داوای ماف بکەیت.

هەرچی ئیسلامە بۆ ئەوە هاتووە بەختەوەری بهێنێت بۆ مرۆڤ، بۆیە لە هەر ماڵێک ئیسلامی تێدا بوو، بەڵام بەختەوەری تێدا نەبوو، ئەوە ئاریشەیەکی فیکری و سلوکی هەیە لەو ماڵەدا، کە ڕێگرە لە گەیاندنی نور و سەکینەتی ئیمان، بۆیە پێویستە موراجەعەی خۆیان بکەنەوە و پەرستش لە لاشەیەکی مردووەوە بکەن بە گیانێکی زیندوو وە ئاوێتەی بکەن بە ژیان و خوڕەوشت و لێبوردن و گەردن ئازادی.

هەر خێزانێک بڕیاربدات ئاوها بەرەنگاری هێرشی موفسدین و تێکدەران و دوژمنانی ئیسلام ببێتەوە، ئەوا دڵنیابن کە ناحەزانی خێزان هیچیان بۆناکرێت و سەرەنجام سەریان ئەدا لە کێوی نەلەخشاوی خێزانێکی ئیماندار، بۆیە گرنگە ئیسلامناسێکی باش بین و پارێزگاریی لەو نیعمەتە بکەین کە خۆمان ڕۆژانە لەمسی ئەکەین و چێژی لێوەرئەگرین، بە هەمان ئاستیش با ڕۆژئاواناس بین و ژیانیان ببێتە وانەیەک و دەربچین لە وەهمی ڕوانین بۆ ڕووکەش، ببینن ئەو شتەی جێگەی شەرم و شاردنەوە بوو ئەمڕۆ لۆبی بۆ ئەکرێت.

جۆری وێنەکە ڕادەی کاردانەوەکە بەرهەم دێنێت، هەربۆیە ڕاکردن لە مشک وەکو ڕاکردن نییە لە شێر، خۆ حەشاردان لە تفەنگ وەکو خۆ حەشاردان نییە لە باران. دەرککردن بە خەتەرناکی ئەوەی بەڕێوەیە بۆ سەر وڵات و میللەتمان زووتر بە خەبەرمان دێنت.

هەتا کنە و پشکنینێک نەکەیت و نەپرسیت هۆکاری ئەم فەوزا کۆمەڵایەتی و نەخۆشیە دەروونی و خۆکوشتن و منگەراییەی ڕۆژئاوا پێیگەیشتووە، لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە ؟ ناتوانیت بەربگریت بەوەی ڕووی لێناویت، چونکە هەر لە بنەڕەتدا نایان ناسیتەوە تاکو پێشی لێبگریت، واتە هەتا نەزانیت خواردنی فلان میوە بۆ فلان نەخۆشی خراپە چۆن ڕێگری ئەکەی لە خواردنی!

ئەی **هەتا نەزانیت چی وایکرد جێندەربازی ببێتە باس و خواسی سەردەم و خەریکە بەرە و قۆناغی سەپاندن هەنگاو ئەنێت، چۆن ئەتوانیت ڕووبەڕووی ببیتەوە.**

هەتا نەگەین بە قۆناغی خود گۆڕین، خۆ چاککردن ﴿حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ الرعد: ١١. گۆڕانکاریە گەورەکە ڕوونادات﴿إِنَّ اللَّهَ لَا

﴿يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ﴾ الرعد: ١١.، ئەو خودگۆڕینەش ڕووندادات تا دەرک کردنمان نەگۆڕێت، دەسپێکی ئەمەش خاڵی وەرچەخانە لە پرسیار و گومان دروستکردن لەسەر گوتار و سلوکی هەموو ئەوانی تر.

ناکرێت ئەو قۆناغەمان تێنەپەڕاندبێت بە (ئێن ئار تی ٤) پیلانی (ئێن ئار تی ٢)مان لەبیربەنەوە (وەکو نموونە). ناکرێت بە ڕووکەشێکی خزمەتگوزاری نادادگەریت لەبیر ببەنەوە. ناکرێت بوونی مووچە یەکسان بکرێت بە ژیانێکی شایستە و کەرامەتدار.

هەرچۆن ناشکرێت پەیامی چاکسازی هەڵقوڵاوی ئیسلام کە ئیش لەسەر پاراستنی بەها ئاینی و کۆمەڵایەتی و کلتوریە کە ئەکات و هاوکات و هاوتەریب کارکردنە لەسەر بەرپاکردنی دادگەری و ئیشکردنە بۆ بەجێهێنانی مەبەستەکانی شەریعەت (کە خۆی لە پاراستنی دین و ڕۆح و وەچە و کەرامەت و ماڵ ئەبینێتەوە، واتە بەختەوەرکردنی مرۆڤ)، بێین و یەکسانی بکەین یان بیدەینە پاش هەر هەوڵێکی چاکسازی کە تەنها خۆی لە بەدیهێنانی حوکمڕانیەکی دادگەرانە و خزمەتگوزاری ببینێتەوە، بۆیە ئەبینی هەرکەس فوی پیائەکات کۆمەڵێک خەڵکی موتەدەین و مامۆستای ئاینی لێ خڕئەبێتەوە، باشە ناپرسن ئایا حوکمەتێک هەیە لەسەر ڕووی دنیا بەبێ جیهانبینینی و ئایدۆلۆژیا !؟ ئەی کە نییە و نابێت !، چۆنە نەپرسی جەنابی پێشەنگم چ شەریعەتێکی کردووە بە مەرجەعی ئەو دنیابینیە تا یاسای لێوەهەڵێنجێت.

ئەی ناپرسی ئەو دەوڵەتە چ جۆرە فەلسەفەیەکی ئەوێت بۆ سەرچاوە و ئیلهام بەخشی بیریار و یاساناسەکانی تا لێیەوە دەستوور سەرچاوە بگرێت!؟

ئاخر چۆنە نەتپرسی هەرچی بەڵای کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسەتی دووفاقی هەیە کە بەسەر ڕۆژئاوا هاتووە و واخەریکە بەسەر خۆشیان و ئێمەش ئەڕووخێت، تەنها لە فەلسەفە و لە دیدێکی جیاوازەوە بۆ پێناسەی ئازادی و عەدالەت و یەکسانی و بەرژەوەندی، ئەو هەموو کارەساتە بەرهەم هاتووە ! لە کۆی هەموویاندا مۆراڵ و ویژدان ژێرپێ خراوە.

کەواتە تۆی پەیامدار ناکرێت نەپرسیت کە هەمان چارەنووسی ڕۆژئاوا چاوەڕێمانە بە خراپتر و هیچ خەمیشی لێنەخۆیت (لە ڕۆژئاوا بۆ هەموو دەرهاویشتە نەرێنییەکان هەوڵیانداوە لە پاڵیدا چارەیەک دابنێن، بەڵام عەلمانچی لەمەڕ خۆمان بەس ئەزانن تێکی بدەن بەبێ پێشبینی ئەوەی چی ڕووئەدات)، بۆیە هاوشان لەگەڵ هەوڵی لابردنی ستەم و چەسپاندنی دادگەری ئەبێ بزانین و سازش لە مەرجەعی فکری و ڕوانین و جیهانبینی ئەو دەوڵەتە نەکەین، هزری بابایەکی لیبراڵیست چەن

بۆ ناسینی زیاتری هەر فەلسەفەیەک سەیری ئەنجامەکان بکە، تا ئامانجەکان بناسیت، ئیتر قسە و شیعار سەنگێکی نامێنێت

دادگەریش بێت (هەتیوباز و قوماریاز و ژنبازت) بۆ بەرهەم دێنێت بە بیانووی ئازادییەوە، بۆیە ئەبێ بزانین حوکمڕانی گرێبەستە لەسەر دوو ڕەهەند:

یەکەمیان/ مەرجەعی دەستوور(ئەمە بنەمای بەرگرتنە بە داڕووخان بەڵام لێی بێخەمین).

دووەمیان/ میکانیزمی حوکمڕانی، واتە جۆری سیستەم کە مەرج تێیدا دادگەری و کەرامەت بێت(هەموو وزە خراوەتە سەر ئەمە و بەرهەمیشی نزیکە لە سفرەوە).

لەم واقیعەی ڕووبەڕوومان بۆتەوە هیچ مسوڵمانێک بەدەر نییە لە بەرپرسیارێتی.

قۆناغی سادە بیرکردنەوە تێپەڕیوە و واجبی سەرشانی هەموانە بەر بەو لافاوە بگرین تا دین و کلتور و جوانیەکانی هەمووی نەپێچاوەتەوە، قسە سواوەکان با نەڵێینەوە، گەورەتر بیربکەینەوە، بڕیاربدە ڕۆڵت هەبێ، خشتێک بە لە دیواری پرۆژەی ئیسلامی، خێرخوازی بێت یان پەروەردەیی یان سیاسی یان بانگەوازیی، بەڕۆحی هاوپرۆژەیی و هاوئامانجی کاربکە، لافاو کەس ناناسێت هەمووی ئەبات، ئەوانەی تەریک و لاواز و تەنهان زووتر ئەخنکێن و بەهێزەکانیش دوای ماوەیەک لە فشاری تاقەت پڕوکێن لەڕەگ دەرئەکات.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (**من لم یهتم بأمر المسلمین فلیس منهم**) ئەو کەسەی بێ خەمبێت لە کاروباری مسوڵمانان ئەوا لەوان نییە. تۆ بڵێی لە خێری بەرگرتن لە داڕووخان گەورەتر چی بێت!! خوا (جل جلاله) فەرمانمان پێ ئەکات کە لە سەر چاکە هاوکاری یەکتری بکەین﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ﴾ المائدة: ٢.

بۆ ناسینی زیاتری هەر فەلسەفەیەک سەیری ئەنجامەکان بکە، تا ئامانجەکان بناسیت، ئیتر قسە و شیعار سەنگێکی نامێنێت.

ڕۆژئاوا ئەگەرچی توشی لادانی گەورە بووە، بەڵام دەیان چارەسەری ماددی بۆ سەرئەنجامەکان فەراهەم هێناوە، هەر لە دایەنگا و چارەسەری پزیشکی و دەروونی و خانەی پیران و یاسا و پشتیوانی دارایی و تەندروستی و جێگەوڕێگە و دەیان هەوڵی کۆنترۆڵکردن، بەڵام ئەمان بێ ئامان دەستیان داوە پێی بەبێ هەوڵی ئیستیعابکردنی ئەنجامە کارەساتبارەکان

(مرۆڤ کائینێکی عاقڵ و ئازاده، نابێت به هیچ کلۆج و هیچ بیانوویه‌ک ئه‌و ئازادییه‌ی لێ زه‌وت بکرێت، خۆی قازانج و سوودی خۆی ئه‌زانێت، هه‌ر ده‌خاله‌تێک، سوکایه‌تیه به مرۆڤبوونی مرۆڤ، جارێک به‌ناوی کلتور و جارێک به ناوی ئاین و جارێک به‌ناوی یاساو جارێک به‌ناوی دایک و باوک، خه‌ریکی شکاندنی شکۆی مرۆڤن).

ئێستا ئه‌م قسانه بریقه‌دار نه‌بوون؟ پڕ نه‌بوون له‌هه‌ستی به‌رزی مرۆڤانه ؟ جا بۆ که‌مێک له‌گه‌ڵم به، بزانین ئه‌نجامی ئه‌م قسه باقوبریقانه چی ئامانجێکیان هه‌یه و چی داوه به‌ده‌سته‌وه.

سه‌ره‌تا قسه‌ی ناو که‌وانه‌که به‌تاڵه له سروش(وه‌حی) واته جێیه‌ک نه‌کراوه‌ته‌وه بۆ ڕێنموونی خالق، تا مه‌خلوق له‌ڕێیه‌وه باشتر خۆی بناسێت و له باره‌ی خۆیه‌وه زیاتر ئاشنا بێت. ئه‌م کاره‌ساتانه‌ی ئاماژه‌ی پێ ئه‌که‌م هه‌مووی له‌ژێر یاسای نێو دوو که‌وانه‌که جێی ئه‌بێته‌وه:

(پاره پاره‌ی خۆمه و ئازادم چی لێئه‌که‌م بۆیه قومار بژارده و ئازادی خۆمه. گه‌وره‌م و عه‌قڵم هه‌یه بۆیه حه‌زم له جگه‌ره و نێرگه‌له‌یه و ئه‌یکێشم.

ژن ناهێنم و کچ و ژن هه‌ن و به پاره یان به هاوڕێیه‌تی له گه‌ڵیان ئه‌بم منالێشم لێیان بوو، یان خۆم ناکه‌م به خاوه‌نی یان ئه‌بێ له‌باری به‌رن ئه‌م ڕێگه‌یه له ئه‌رکی قورسی هاوسه‌رگیری ڕزگارم ئه‌کات.

عاره‌ق زۆر خه‌مم له بیر ئه‌باته‌وه بۆیه سه‌رم تێناوه.

له ناخه‌وه هه‌ست ئه‌که‌م کچم (قسه‌ی کوڕێک) یان هه‌ست ئه‌که‌م کوڕم(قسه‌ی کچێک) بۆیه ڕه‌گه‌زی خۆم ئه‌گۆڕم و ئازادم ببمه هاوڕه‌گه‌زباز.

دایک و باوکم بۆ حه‌زی خۆیان منیان بووه بۆیه خۆ من عه‌بدی ئه‌وان نیم زۆر فشارم بۆ بهێنن ماڵیان بۆ چۆڵ ئه‌که‌م.

من عه‌قڵم هه‌یه و ئازادم که هاوڕێم هه‌بێ له ڕه‌گه‌زی به‌رامبه‌ر.

ژیان سه‌خته و پڕه له خه‌م بۆیه خۆم ئه‌کوژم.

ئه‌م به‌ڵا نه‌گریسانه ئامانج و ئه‌نجامی قسه ڕه‌ونه‌قداره‌کانی نێو دوو که‌وانه‌که بوون.

قسه‌ی ناو دوو که‌وانه‌که، به‌رزترین ئاستی عاقڵانی مرۆڤه که له ڕۆژئاوا پێی گه‌یشتوون، به‌ڵام چونکه خاڵیه له (خوا) بزانه چ کاره‌ساتێکی به‌سه‌ر کۆمه‌ڵگه‌کان هێناوه، به‌ڵام ئه‌وه‌ی جێگه‌ی داخه له‌گه‌ڵ بینینی ئه‌و ماڵوێرانییه کۆمه‌ڵایه‌تی و که‌سییه‌ی ڕۆژئاوا، بابای دژه ئیسلامی له هه‌وڵی کۆپی کردنی ئه‌و ئه‌زموونه بێت، به‌ڵام کۆپیه‌کی زۆر ناشرینتر، واته ڕۆژئاوا ئه‌گه‌رچی توشی لادانی گه‌وره بووه، به‌ڵام ده‌یان چاره‌سه‌ری ماددی بۆ سه‌رئه‌نجامه‌کان فه‌راهه‌م هێناوه، هه‌ر له دایه‌نگا و چاره‌سه‌ری پزیشکی و ده‌روونی و خانه‌ی

پیران و یاسا و پشتیوانی دارایی و تەندروستی و جێگەوڕێگە و دەیان هەوڵی کۆنترۆڵکردن، بەڵام ئەمان بێ ئامان دەستیان داوە پێی بەبێ هەوڵی ئیستیعابکردنی ئەنجامە کارەساتبارەکان.

مرۆڤ هەر ئەو کائینەیە کە لە قۆناغی منالێدا ڕەونەقی ئاگرێک سەرنجی ڕائەکێشت، گەر ڕێگری لێنەکەن بەرە و ڕووی ئەڕوات و هەموو جەستەی ئەسوتێنێ، سەرەتایەکی هەڵخەڵەتێنەر و کۆتاییەکی تراژیدیا، ئەمە حاڵی مرۆڤە لە گەورەییشدا بەبێ پەیامی خوایی.

ئەو ئاوێتە بوونەی پەیامی خوا لە گەڵ سوودی جەستەیی و دەرونی مرۆڤ بەڵگەیەکی تری بەهێزی ڕاست و دروستی ئیسلامن، کە ڕۆژانە پێمان ئەڵێن ویردی [الحمدلله على نعمة الاسلام] بڵێنەوە.

سەرچاوەکان لەدوای قورئانی پیرۆز:

ـ تەفسیری ئاسان.

ـ صحيح البخاري

ـ سنن الترمذي

ـ سنن ابن ماجة

ـ پێگەی AFP

ـ ئۆقیانوسێک لە تاوان/نوسینی:خەندان محمد جەزا.

ـ وەچەندین توێژینەوەی مێژوویی وکۆمەڵایەتی تر.

پرۆفایل

سامان حەمە سالح فەقێ

ـ ساڵی١٩٧٣ لە سەنگاو دایك بووە.

ـ بەکالۆریۆس لە شەریعەی ئیسلامی.

ـ ماستەر لە بانکی ئیسلامی و کارگێڕی گشتی.

ـ ماستەر لە گەشەپێدانی بەردەوام.

ـ لە ساڵی ١٩٩٣ وە بەشداری کاری سیاسی کردووە.

ـ لە ساڵی ٢٠٠٠وە وولاتی بەرەو تاراوگە بەجێهێشووە.

ـ دەیان چاوپێکەوتن و نوسینی بابەت و وتاری فکری و سیاسی ئەنجام داوە.

ـ ٣٠ساڵ زیاترە لە بواری شیعر دەنوسێت.

ـ ئێستا دانیشتووی بەریتانیایە.

ژان و خود پێگەیاندنی ئافرەت لەناو ئەدەبیاتی جیهانیدا

بوخاری عەبدوڵڵا قەسرێ

گەشە و پەروەردە ئەو ڕەهەندە ئینسانییە پڕبایەخەیە، کە هیچ مرۆڤێک، لەسەر ئاستی (تاک) لە جڤات و کۆمەڵگە لێی بێبەش نییە، هەر مرۆڤێک بەش بە حاڵی خۆی شوێنپەنجەی کۆمەڵگەی لەسەر دادەنرێ، لە ئامۆژە و بکە و مەکە و ئاڕاستەکردن و پێگەیاندن و فێرکردندا. ڕەگەزی مێینە پشکێکی گرنگ و گەوهەریی ئەو پڕۆسێسەی پەروەردەی بەردەکەوێت، لەوەدا کە وەک هاویار و هاوبەشی (نێرینە)یە لە کۆمەڵدا، وە هاوپێکهێنی گەشە و زۆربوونی مرۆڤە، هیچ کات لە یەک ئاستدا قەرار ناگرێت، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات گەشە دەکات. ئەو خاڵە جەوهەرییەی کە لەم کورتە وتارەدا جەختی لێدەکەمەوە، بریتییە لەو ڕەهەندە خودپەروەردەییەی کە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا، وەک چیرۆک و ڕۆمان و بەسەرهات، ئاماژەن بۆ پەروازکردنی ئافرەت، خودگۆڕان و وەرچەرخان لە پێگەی لاواز و بێ بڕیارەوە، یان لەناو هەناوی ژان و ئازارەوە، بە دەستەپاچەیی و کزۆڵیی، بۆ پێگەی باڵاتر و کاراتر، بۆ ئەم مەبەستەش چەند نموونەیەکی ئەدەبیی دەهێنمەوە و، چەند پەیام و مەبەستێک دەخەمە بەربژار.

نموونەی یەکەم:

شانۆی **A Doll's House** (ماڵی بوکەڵە) ١٨٧٩ ی، هێنریک ئیبسن، نووسەری نۆرویژی، لەسەردەمانێک نووسراوە کە دۆخی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی مۆدێرن پەلی هاویشتووە بەرەو گۆڕانی ئابووری نوێ، شێوەی ژیانی تازەی کولتووریی و هاتنەکایەی تێگەیشتنی تازە و، شێوەژیانی قورسی ژێرباری سەرمایەداری. لەوکاتەی هێنریک ئیبسن شانۆی (ماڵی بوکەڵە) ی نووسیوە ڕژێمی سەرمایەداری **capitalism** ژیانی تاکی داگیرکردبوو. سەرمایەداری پەلی هاویشت بۆ قۆرخکردنی شێوەژیانی تاک و قورسکردنی، باری سەرشانی، ئەوسا سەرەتای کارکردنی سەرجەم ئەندامانی خانەوادە بوو بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و، بەڕێوەچوونی مەکینەی ئابووری دەوڵەت. ئیدی بەمشێوەیە ئافرەت ناچاربوو شان بەشانی پیاو بێتە دەرێ، وە لەناو کایە جۆراوجۆرەکانی پیشەوەرییدا، بژێوی بەدەست بهێنێت.

> هەرچەندە شانۆی (ماڵی بوکەڵە) A Doll's House لەبنەڕەتدا بە زۆر ئاراستەی بیرۆکەی فێمینیستی لێکدراوەتەوە، بەڵام خودی شانۆکە و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی دەرخەری شکستی شێوەژیانی خێزانیی نۆرویژیەکانی ئەوکات بووە

کۆی گشتی شانۆیەکە دەرخستنی ئەو ململانێ و چەپاندن و داپڵۆسینەی سیستەمی نێرینەیی سەرمایەدارییە دەرهەق بە تاکی مێ، ئافرەت وێناکراوە وەک کەسێک کە لە کایەکانی پیشەسازی و بانک و ئۆفیسی حوکومیدا، ناچارە هەوڵبدات ببێتە خاوەنی هەژمار و دەنگی خۆی، تا لەناو دەنگی نێرینەکاندا دەنگی ببیسترێت و، نەبێتە پاشکۆی (نان)ێک کە سیستەمی پیاوسەنتەریی کاپیتاڵیستی ئەوسا بە شکاندنی دەروونی و، زیندانیی کەسایەتییەکەی دەیداتێ. نورا بەدوای شوناسێکی تازەدا دەگەڕێت بۆ مرۆڤبوونی خۆی، وە وەک ئافرەتێک لەکۆتایی ئەو شانۆیەدا بە ڕاوەستان لە دژی متبوونی ئەو لەچوارچێوەی ماڵێکی ئەرستۆکراتیدا، لە قەفەسی ئەو هەژموونە دێتە دەرێ، دەنگ هەڵدەبڕێت و سەردەردەهێنێت، نەفرەت لە مشەخۆریی و بەرخۆریزمی بنەماڵەیی ئەرستۆکراتیی دەکات، وە دەبێتە خاوەنی شێوەژیانێکی نوێی ئابووری، بە کارکردنی وەک کە پتر جێپەنجەی خۆی پێوەدیار دەبێت و پشت بە خۆی دەبەستێت. هەرچەندە شانۆی (ماڵی بوکەڵە) A Doll's House لەبنەڕەتدا بە زۆر ئاراستەی بیرۆکەی فێمینیستی لێکدراوەتەوە، بەڵام خودی شانۆکە و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی دەرخەری شکستی شێوەژیانی خێزانیی نۆرویژیەکانی ئەوکات بووە، بەوەی کە لێکتێگەیشتن و سازان و شکۆی نێوان هاوسەران لەسەر بنەمای بەها مرۆییەکان نەبووە، ئازادی و ڕێز لەنێوانیان لاواز بووە، بەڵکو لەسەر بنەمای چەپاندن و خیانەت و فێڵکردن لەگەڵ یەکتری بووە، بەجۆرێک کە بە لێکترازانی خێزان شانۆیەکە کۆتایی بە باسەکە دەهێنێت.

دووەم بەرهەمی ئەدەبیی کە دەمەوێت لەم وتارەدا لێی بدوێم، بریتییە لە شانۆی (پیشەگەریی خاتون وارێن) Mrs. Warren's Profession ی نووسەری ئێرلەندی بەناوبانگ (بێرنارد شۆ)، کە دەنگێکی دیار و دلێرە بۆ دەرخستنی ژان و ئێشی ئافرەت لەژێر چنگی زەحمەتی ڕۆژگار و، بێباکی پیاوانی چڵێس و هەلقۆزەری کۆمەڵگەی کاپیتاڵیستی، کە لەو شانۆیەدا دەیانەوێ سوود لە جەستەی ئافرەت، وەک بوونێکی سەرنجڕاکێش، ببینن بۆ ڕاکێشانی گیرفانی پیاوان و کەڵەکە کردنی سەرمایە بەو بۆنەیەوە. بێرنارد شۆ بە دوو ئەدگار و سیما جیادەکرێتەوە لە زۆربەی

نووسەرانی دیکەی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا، یەکێکیان ئەوەیە کە شۆ خاوەنی بۆچوونێکی تایبەت بووە لەبارەی کێشەی ئافرەت، بەوەی کە پێیوابوو ئافرەت بەوە شکۆی دەپارێزرێت کە خاوەنی گیرفان و سەرمایە و پیشەی تایبەتی خۆی بێت، کە ئەم ڕەوتە ناسراوە بە **social feminism** ، دووەم شت کە بێرنارد شۆ پێی دەناسرێتەوە وەک خاسیەتێکی گرنگی ئەدەبی، ئەویش ئەوەبووە کە ڕەخنەگرێکی وردی دژە کاپیتالّی (چەپ بالّ) بووە، کە پێی وابووە مەکینەی ئابووری سەرمایەداری ڕۆژئاوا بە داپلّۆسینی دەستی کار و کۆشش و ڕەنجی چینی هەژارەکان و خوارەوە، دەجولّێت. بیرمەند بێرنارد شۆ دەیویست نووسینەکانی تەنها لەپێناو چێژی ئەدەبی نەبێت، بەڵکو خەم و پەیامێکی قولّی هۆشیارییانە لەخۆ بگرێت، بۆیە لەم شانۆیەدا دەیەوێ بەشێوەیەکی کۆمیدی و توانج و پلارهاویشتن پەنجە بخاتە سەر ناشیرینیەکانی هەژموونی ڕژێمی ئابووریی مۆدێرن و، قۆستنەوەی کەرامەت و بەهای ئینسانیی و هەولّی هەژاران لەپێناوی کەڵەکەبوونی سامان و مالّی سەرمایەداران. لەم شانۆیەدا ئافرەتێک بەناوی (وارێن) کە گەیشتۆتە تەمەنێک تێر عومر و کاملّ بووە، بەچاوێکی ناجێگیر و پەژارە سەیری ڕابردووی ژیانی خۆی دەکات، کە چۆن ناچار بووە، بەبێ دۆزینەوەی هیچ دەرچەیەکی پیشەوەریی،

ئافرەت ئەتوانێت هاوبەشی ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی پیاو بێت لە کایەکانی ژیاندا، وە ئەسپی خۆی لەناو چوارچێوەی مۆرالّییدا بەشێوەی ئەخلاقپەروەرانە تاوبدات

تەنها لەڕێگەی لەشفرۆشی بژێوی خۆی و کچەکەی (ڤایڤا) پەیدا بکات و، بەردەوام بێت.

ڤایڤا ئافرەتێکی گەنجە، کچی وارێنە، دەیەوێت لەو شێوازی ژیانەی کە دایکی تێوەگلاوە بێتە دەرەوە، چونکە جگە لەوەی بە ڕەوای نابینێ ئافرەتێکی وەک دایکی ببێتە سەردەستەی چەندین ئافرەتی دیکەی لەشفرۆش و بەڕێوەیان ببات، لەهەمان کاتدا پێیوایە کە دەستخستنی ڕۆزی و بژێوی ژیان و دەولّەمەندی لەسەر بنەمای فرۆشتنی جەستە کارێکی بێ بنەواو نا ئەخلاقییە و هەڵەیەکی زەقی مۆرالّییە. ڤایڤا فرۆشتنی جەستە بە کارێکی پەست و دارمانی بەهای ئینسانی دەبینێت، وە پێی وایە کە ئافرەت توانست و کارامەیی و بەهرەی زۆر زیاتر لەوە هەیە کە لەژێر هەر دۆخێکدا ناچار بێت جەستەی خۆی، کە بوونێکی زۆر شەخسییە، وا بە نزمیی تەسلیم بە ئینسانێکی دیکە بکات تا یاری پێوە بکات و چێژی لێ ببینێ. ئەم شانۆیە مێشکی مرۆڤ دەوروژێنێت بەوەی کە بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن

دوو ئاراستەی فیکری دژ بە یەک بوونی هەیە، لە شێوەی ژیاندا، یەکێکیان پشت دەبەستێت بە مانەوە و خۆ زیندوو هێشتنەوە لە هەر دۆخێکدا، تەنانەت ئەگەر لەسەر بنەمای کەرامەتی مرۆڤ بێت و بەهای ئەخلاقییش بێنێتە ژێر پرسیارەوە، ئەویتریان بریتییە لەو ئاڕاستەیەی کە پێیوایە مرۆڤ دەتوانێ بە پشت بەستن بە توانای هۆشەکیی و عەقڵیی و دەست و خامەی بتوانێ خۆی بژینێ و تەنانەت سەرمایەش بینا بکات. خاتوو وارێن نموونەیە بۆ شێوە ژیانی یەکەم، کە بەهۆی بێهێزی خۆی و نەبوونی تواناییە زاتییەکانی، لەنێو ململانێی دنیای سەرمایەداری نەیتوانیوە وەک تاکێکی سەربەخۆی خۆژیێن بمێنێتەوە، ناچاربووە تەسلیم بێت بەوەی (جەستە)ی خۆی بکاتە کاڵایەک لەپێناوی چنگ خستنی پارە.

بە پێچەوانەوە نموونەی (ڤایڤای) لەناو ئەو شانۆیەدا بوونی هەیە کە ئافرەتێکی تازەی خاوەن بڕیار و بڕوانامەیە، پشت بە توانستە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکانی خۆی دەبەستێت و، دەیەوێت لەڕێگەی بڕوانامە و ئەزموون و توانایی ئیداریی خۆیەوە کە بە ڕەنجی خۆی بەدەستیهێناوە، ببێتە خاوەنی سەرمایە و سامان و خۆی بژێنێت. بۆیە دوای مشتومڕ و گفتوگۆ لەگەڵ دایکی، لەبارەی ئاستی مۆراڵیی ئەو پیشەیەی کە دایکی پێی هەڵساوە، ئەو شوێن و ماڵە جێدەهێڵێت کە دایکی لێی دەژیت و، دەبێتە کەسێکی خاوەن بڕیار و خاوەن داهاتوو و داهاتی خۆی، بەو پێیەی کە لە ئۆفیسێکی بانکیی دا کار دەکات و، باوەڕی وایە کە ژانی ژیان نابێت ببێتە هۆی پەکخستن و داڕمانی بەهای مۆراڵیی.

ئەنجام:

ئەو پەیام و هزرە سەرەکییە ئەدەبی و فەرهەنگییەی کە لەم دوو شانۆیەدا دەردەکەوێت، بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە کە سەرجەمیان هاوبەشیان هەیە لەوەی کە لەنێو ژاندا ژیانی نوێ دروست دەبێت، بەتایبەت بۆ ڕەگەزی مێینە، کە سەرەڕای داپڵۆسین و خەم و ناسۆری ڕۆژگار و ئەو ڕژێمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانەی کە ناهێڵن ئافرەت وەک بوونێکی کارا لەکۆمەڵگەدا دەربکەوێت، هێشتا ئومێدی خودپەروەردەیی و دەرچەی سەرکەوتن بۆ پەیژەی ڕزگاریی بوونێکی کارای هەیە، ئافرەت ئەتوانێت هاوبەشی ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی پیاو بێت لە کایەکانی ژیاندا، وە ئەسپی خۆی لەناو چوارچێوەی مۆراڵییدا بەشێوەی ئەخلاقپەروەرانە تاوبدات.

یەکەم: ڕژێمی ئابووریی مۆدێرن و فەرهەنگی سێبەری ئەم ڕژێمە، کەشێک دەخوڵقێنن کە، ئافرەت لەماڵ بێتە دەرەوە و، چیتر پیاو وەک بەخێوکار و ڕۆزیهێن **breadwinner** دەربەستی

ئەوە نایەت کە سەرجەمی ئەو پێداویستییە زۆرانەی مالّ دابین بکات، ئەوەی کە پالّنەرە بۆ هاتنی ئافرەت بۆ کارکردن لەدەرەوە، لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، بریتییە لە سەختیی بواری ژیان و ئەو قەرەبالّغی و هەژموون و جەنجالّیی و زەحمەتکێشییەی کە بازاڕی مۆدێرن خولّقاندوویەتی.

دووەم: بۆ ئەوەی ئافرەت لەو بارە سەختەی بازاڕی نوێی مرۆڤایەتی نەچێتە ژێر چنگی ستەم و چەوسانەوە و بێبەهاکردنی توانایەکانی، پێویستە خودپەروەردەیی و خۆدیسپلینکردن و پێگەیشتن بکاتە چەکێک بۆ بەرگریکردن لە شێوە ژیانی تایبەتیانەی خۆی، کە نەچێتە ژێر چنگی هیچ سیستەمێکەوە کە مۆراڵی ئینسانیانەی هەتک بکات و بشکێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش، نووسەرانی ئەدەب و ڕەوشەنهزران هەوڵدەدەن پەیامی خودهۆشیاریی لە ڕۆمان و شانۆیەکانیاندا بنووسن، تا وەچەی خوێنەری ئافرەت، هێز و بەخششی خۆپێگەیاندن و لەسەرپێخۆڕاوەستان بزانێت، بێگومان نووسەرانیش وەک شادەماری هزری کۆمەڵگە، درک بە بایەخی ئەو پڕۆسەیە دەکەن لە گۆڕانی (ژان)ی ژیان بۆ پەروازکردن و گەشەکردن.

سەرچاوەکان:

Ibsen, Henric. A Doll's House. Dramatists Play Service, inc. 1998

Shaw, Bernard. Mrs. Warren's Profession. 1st World Library Society. 2004

پڕۆفایل

* بوخاری عبدالله قەسرێ.
* لەدایکبووی ١٩٩٠ی شاری هەولێر.
* بەکالۆریۆس و ماستەر لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی.
* قوتابی دکتۆرا لە هەمان پسپۆڕ.
* مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەددین.
* لە زانکۆکانی (تیشک) و (نۆڵج) و (ئەڕبیل) وانەی وتۆتەوە.
* نووسەری کتێبی (لە دەرەوەی سندوقەکە بیر بکەرەوە).
* دامەزرێنەری یەکەمین پێشبڕکێی دیبەیتی زانستی زانکۆکانی کوردستان.

ڕۆڵی ژنان لە بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان سیاسەت بەشێکی فراوانی ژیانی داگیر کردووە، واتە سیاسەت تەنها حیزبەکان نایکەن، بەڵکو هەموو جۆلەیەک بە ئاراستەی هوشیاری کۆمەڵگە و باشترکردنی ژیانی خەڵک هەر سیاسەتە، ئەمەش شان بەشانی حیزبە سیاسییەکان ڕێکخراوەکان و سەنتەر و کۆمەڵە و یەکێتییەکان پێی هەڵدەستن، تەنانەت دەربڕینی ناڕەزایەتی لە کەم و کورتییەکانی سیستمی حوکمڕانی و فشار دروستکردن و خۆپیشاندانیش هەر دەچنە چوارچێوەی هوشیاری سیاسییەوە، واتە دەکرێ بڵێین بەشێکی فراوانی کۆمەڵگە هەر یەکە و بە جۆرێک بەشداری سیاسییان هەیە و ئاگاییان هەیە لە بارودۆخەکە، بەڵام بەشداری تەنها بە مانای بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی بڕیاردا نەک لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، چونکە بەداخەوە ئەوە تەنها حیزبە کە بڕیار دروست دەکات، لەناو حیزبیشدا ژمارەیەکی زۆر کەم بەشدارن لەدروستکردنی بڕیاردا، ئەویش لە بەر ئەوەی تا ئێستا لەهەرێمی کوردستان و لەناو پارتە سیاسییەکانیشدا بوونی سیستم و بەدامەزراوەییکردن بەدیناکرێ هێندەی میزاج و دەستەگەری و خێڵگەرایی ڕۆڵ دەبینێت.

بۆیە ڕۆڵی بەشداری ژنانیش زۆر لاوازە جگە لەو هۆکارەی سەرەوە کۆسپ و ڕێگری زۆر لەبەردەم ژناندا هەیە لەوانە:-

١- تێڕوانینی کۆمەڵگە:

تا ئێستاش کۆمەڵگە دان بە تواناکانی ژناندا نانێن لە زۆر بواردا، بەتایبەتی لە بواری سیاسیدا، لەکاتێکدا ژنان لە ماوەی ٠٥ ساڵی رابردووەوە تا ئێستا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، لەسەردەمی شۆڕش و پێش ڕاپەڕین ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان چ ئەو ژنانەی چوونەتە شاخ و خەباتیان کردووە، چ ئەو ژنانەی لە شارەکان و لە ڕێکخستنەکاندا هەبوون، لەدوای ڕاپەڕینیش بەهەمان شێوە لە دام و دەزگاکاندا ڕۆڵیان بینیوە.

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگە تێڕوانینێکی نەرێنییان هەیە سەبارەت بە بەشداری سیاسی ژن

و پێیانوایە پێویست نییە ژنان لەو بوارەدا هەبن..

جا ئەگەر باس لەوە دەکرێ ژنان نیوەی کۆمەڵگەن و حوکمڕانیش بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە ئەی بۆ دەبێت ژن لەو بوارە دوور بخرێتەوە؟

٢- **لەگەڵ ئەوەی** سالانێکی زۆرە ژنان لە ماڵ هاتوونەتە دەرەوە و لە سەرجەم بوارەکاندا کار دەکەن و توانیویانە هاوکارێکی باش بن بۆ دابینکردنی بژێوی خێزانەکەیان، کەچی ئەرکی ماڵیان لەسەر کەم نەبووەتەوە، بەڵام بەلێهاتوویی و توانا و پێگەی خۆیان توانیویانە هاوسەنگی لەنێوان ئەو دوو ئەرکەدا دروست بکەن، ئەمەش بارگرانییەکی تر لەسەر ژنان.

٣- **میدیا:** ژنان لە میدیاکانەوە وێنایەکی جوانیان بۆ ناکرێ، نە لە بەرنامەی کەناڵەکاندا، نە لە فیلم و دراماکاندا، بەڵکو هەمیشە وەکو کەسایەتییەکی نەخوێندەوار و نەزان و هۆکاری دروستبوونی ئاژاوە و ئامرازی پێکەنین نمایش دەکرێت، لەلایەکی ترەوە هێنانی کلتوری میللەتانی تر لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە کە لەوانیشدا ژن ڕۆڵێکی نەرێنی هەیە، لەکاتێکدا لە ڕاستیدا وانیە و لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ژنی زۆر بەتوانا و لێهاتوو هەیە و ڕۆڵی ئەرێنیان هەبووە لەزۆر بواردا کە هەلیان بۆ ڕەخسا بێت سەرکەوتوو بوون، بۆیە ئەم وێنەیەی ژن لە ڕاگەیاندندا کاریگەری خراپی لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگە هەیە بۆ ژن، لێرەوە مافی بەشداریان لە کایەکانی ژیاندا پێ ڕەوا نابینن بەتایبەتی بواری سیاسی و بەبەرنامە کار بۆ پەراوێزخستنی ژن دەکرێت.

٤- **خودی ژنان** خۆیشیان هۆکارن کە نەیانتوانیوە متمانەی کۆمەڵگە و تەنانەت متمانەی ژنان خۆیشیان بەدەست بێنن ئەویش لە بەر ئەوەی:

أ- **گرنگی نەدانیان** بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و مەعریفی خۆیان تا بتوانن تێڕوانینی کۆمەڵگە بگۆڕن، بۆیە کەمی ژنانی شایستە و بەتوانا کاریگەری نەرێنی لەسەر هاتنە پێشەوەیان هەبووە، چونکە ئەگەر ڕێژەشیان کەم بێت بەڵام لەڕووی جۆرییەوە دەنگێکی بەرز و کاریگەر بن ئەوا دەتوانن متمانەی پیاوانیش و ژنانیش بەدەست بێنن.

ب- **سەربەخۆنەبوونی** ڕێکخراوەکانی ژنان و ژنان بەگشتی و دابەش بوونیان بەسەر حیزبەکان و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکاندا.

ج- **دەربازنەبوونیان** لە پاشکۆیەتی بۆ پیاوان، جا بەرپرسەکەی بێت یان هاوسەرەکەی یان باوک و برا.

٥- **ناوەندی حیزبەکانیش** نەیان توانیوە ژینگەیەکی لەبار بۆ ژنان دروست بکەن

تاتواناکانیان ببینرێت، پێوەری ئیرادەی سیاسی، تەکەتولی ناو حیزبەکان تواناکانی ژنانی پەرت کردووە.

٦- سیاسەت لە هەرێمی کوردستان

شێوازێکی نەخوازراوی وەرگرتووە، تەنانەت هەندێ لە پیاوانیش ناوێرن خۆیانی لێ بدەن، ئەم ڕەوشە بۆ ژنان دژوارترە بەهۆی ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر سیاسیەکان و ململانێیەکی ناهاوسەنگ و ئێسک شکاندن هەیە، ئەمەش پاشەکشەی بە ژنان کردووە، چونکە هەمیشە ژن ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خێزانەکەی بەلاوە گرنگترە لە هەر شتێکی تر، هیچ ژنێک ئامادە نییە خێزانەکەی لەدەست بدات بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی پەرلەمان یان هەر پۆستێکی تری سیاسی.

٧- ڕاستە ژن ئێستا لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی کۆتای هەیە لە پەرلەمان و ئەنجومەنە هەڵبژێراوەکان(ئەنجومەنی پارێزگاکان) بەڵام بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن کۆتای نییە، بۆیە دەبینین ڕێژەی ژنان لەحکومەت و دام ودەزگاکاندا زۆرکەمە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١١ فەرمانبەرانی دامەزراوەکانی حکومەت ٤٠٪ ی ژنان پێکی دەهێنن، لە کەرتی پەروەردە دا ڕێژەی ژنان بەرزترە لە پیاوان، ٥٥٪ ژنانن، ٤٥٪ پیاوانن، ئەمە و لە پۆستە ئیداریەکانی بواری پەروەردەدا ڕێژەکەیان زۆر لەوە کەمترە.

دەرەنجامی یەکێک لە توێژینەوەکان کەلە نێو ٢٠٠ ژنی فەرمانبەری دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم ئەنجامدراوە لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر، ڕێژەی بەڕێوەبەری فەرمانگەکان لە سلێمانی پیاوان ٧٥٪ی ڕێژەکە پێک دەهێنن، لە هەولێر پیاوان ٧٨٪ی ڕێژەکەن.

لە سەرجەم کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تەنها یەک ژن یان دوو ژنی وەزیر هەبوون، تەنها لە کابینەی ٩دا سێ وەزیری ژن هەیە.

٨- ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری کاریگەری لەسەر ژن بەپلەی یەکەم هەیە.

پێشنیار و چارەسەر:-

ئەگەر ژنان لە ناو سیاسەتدا هەبن دەبنە هەوێنی ئاشتی و ئارامی، چۆن ئەمە بکەینە دیدی کۆمەڵگە سەبارەت بە بەشداری ژنان:

١- **کارکردنی ژنان لە سەرخۆیان** و بەهێزکردنی تواناکانیان و زیاترکردنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری لەڕووی سیاسییەوە.

٢- **زیادکردنی سیستمی کۆتا** بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ناوەندی بڕیاری حیزبە سیاسییەکان، ڕاستە ژنان نابێت تاسەر پشت بە کۆتا ببەستن، بەڵام تا ئەم قۆناغەیش بۆ هەرێمی کوردستان پێویستە نەک هەر لە پەرلەمان، بەڵکو لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش، ئەرکی پەرلەمانە بە یاسا و بڕیار ئەوە ڕێک بخات و هەمواری یاسای حیزبەکان بکات بەجۆرێک ئەگەر ڕێژەی کۆتا بۆ ئاستەکانی ناوەندی بڕیاری حیزبەکان دیاری نەکرێت مۆڵەتیان بۆ تازە نەکاتەوە، لەهەمان کاتدا ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە فشار بخەنە سەر حکومەت و حیزبەکان پێداچوونەوە بە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیاندا بکەن لەسەر کاراکردنی نوێنەرایەتیکردنی ژنان لە دامەزراوە حکومییەکان و حیزبییەکاندا، چونکە ڕێژەی بەشداری ژنان لە حیزبەکان تائێستا (١٠٪ بۆ ٢٠٪) تێپەڕ ناکات کە ئەویش لای هەموو حیزبەکان وەک یەک نییە، با ئەم ڕێژەیەش بەرزبکرێتەوە بۆ ئاستی بەشداری ژنان لە پەرلەماندا.

٣-**سەربەخۆیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن** و ئاراستەکردنی کەناڵە حیزبییەکان تا بتوانن ڕۆڵی ئیجابیان هەبێت لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

٤- کارکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان بە سەربەخۆیی و یەکگرتوویی لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە بەشداری ژنانەوە هەیە لە سەرجەم بوارەکاندا.

سەرچاوەی داتاکان:

بەشداری سیاسی ژنان لە باشووری کوردستان لە ساڵانی ١٩٩١-- ٢٠١٦ ز

کنێر عەبدوڵڵا

پرۆفایل..

نجیبە لطیف احمد

- لەدایک بووی ١٩٦٩

- دەرچوی کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان، زانکۆی سلێمانی.

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

- ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان.

سەلاحەدین ئەحمەد

جێندەر و فێمێنیزم و کاریگەرییە نەرێنییەکانیان

دۆز و پرس و باسی ئافرەت باسێکی گرینگ و گەرمە و قسە و باسی زۆری لەبارەوە دەکرێت، یەکێ لە بابەتە هەرە گرینگ و گەرمەکانیش پرسی (جێندەر) و (فێمێنیزم)ە، کە لەم دواییانەدا زۆرترین قسە و باسی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام ئەوەی جێی داخە زۆربەی ئەو تەوژمانەی دێنە مەیدان یەکەم شتیان دژایەتیکردنی ئاین و ئەخلاق و عورفی جوان و ڕەسەنایەتییە! ئینجا ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لە کۆتاییشدا هەمووی بە زەرەر و زیانی ئافرەتان کۆتایی دێت و ئافرەتان تووشی نەهامەتی و داڕووخان و نامۆبوون بە کۆمەڵگە و خێزان دەکەن و تووشی دەیان کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی دەبن، دواییش خۆیان لێ بێبەری دەکەن و بەتەنها جێیان دێڵێن! هەر بۆیە دەیان و سەدان ژنیان تووشی کوشتن و خۆکوژی کردووە!

کۆمەڵگەی موسڵمانان لە بەرنامە و یاسا و بۆچوونی جوان و دادگەرانە بەرامبەر ئافرەت پەکیان نەکەوتووە و ئیسلام پڕیەتی لە یاسا و ڕێسا و سنووری جوان و گونجاو بۆ ئافرەتان، ئەوە دەستەڵاتە ستەمکارە عەلمانی و غەیرە عەلمانییەکانن جێبەجێیان ناکەن، کەواتە خەتایەکە لە دەستەڵاتی سیاسی و دادوەری و جێبەجێکارە کە یاساکان جێبەجێ ناکەن، هەتا یاساکانی باری کەسێتیش کە زۆربەی لە ئیسلام وەرگیراون و خۆیان دایانناوە جێبەجێیان ناکەن، بۆیە لە جیاتی ئەو هەموو شیوەنە و فرمێسکە درۆینانەی بۆ ئافرەت دەیڕێژن با بچن بە گژ ئەو دەستەڵاتە ستەمکارانەدا کە مرۆڤیان بە ئاژەڵ کردووە ئافرەتیان کردووە بە کاڵایەکی زۆر بێ نرخ و سووک!

جێندەر (gender) چییە؟

وشەی جێندەر (gender) (النوع الاجتماعي - جۆری کۆمەڵایەتی) وشەیەکی ئینگلیزییە، سەرچاوەی ئەم وشەیە، لە (gendre)ی ئینگلیزیی چاخی ناوەندەوە هاتووە، ئەم تێرمە لەزمانی فەرەنسیی کلاسیکەوە وەرگیراوە و ڕیشەی ئەم تێرمە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ (genus)ی زمانی لاتینیی.

ئەم جیاوازی ڕەگەزییە هەر بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکو هەموو بوونەوەرەکان بەم شێوەیە دابەش بوون

(gender) لە زمانی ئینگلیزیدا بە مانای؛ جۆر (kind) بەکاردێت، کە لە بنچینەدا لە وشەی(gen) زمانی هیندۆ ئەوروپییەوە وەرگیراوە. سەرچاوەی وشەگەلی وەک : kind، king، (kin) چەندین وشەی دیکەیە لە زمانی ئینگلیزیدا. لە زمانی فەرەنسیدا وەک وشەی (genre sexuel) (genre) سەرچاوەڵداوە کە لە بنچینە یۆنانییەکەوە وەرگیراوە (gen)، لە وشەگەلی وەک (،(genesis) ،(gene oxygen)) دەبینرێت.

جێندەر لە ڕووی زمانەوانییەوە بەمەبەستی جیاوازی و لێکدانەوەی سروشتی تایبەتمەندی نێوان (نێر و مێ) بەکاردەهێنرێت. ئەم وشەیە، بەپێی ئۆرگانیەتی دەلالی چەمکەکە خۆی، گوزارشتە لە جۆر و سروشتی (نێر و مێ) بە شێوازێکی فراوان بەکاردەهێنرێت، لە بواری کلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

وشەی جێندەر لە ڕەگەزە ڕێزمانییەکاندا، سەرەتا بۆ (جیاوازی نێوان تاک و کۆ) بەکارهێنراوە. تا ساڵانی ١٩٥٥ز « جۆن مۆنی John Money»جیاوازییە چەمکییەکانی نێوان ڕەهەندە بایۆلۆجییەکانی ڕەگەز و ڕۆڵی جێندەر دەخاتە ڕوو. هەرچەندە ڕیشەی جێندەر وەکو ڕەهەندێکی بایەلۆژی لە ئینجیلیدا بەکارهاتووە، (تۆ نابێت ڕێگە بدەیت بە ئاژەڵەکانت زاوزێ لەگەڵ جۆری جیاواز لە خۆیان بکەن).

بۆ ناساندنی جێندەر لەڕووی زاراوە و ناوەڕۆکەوە لە (پوختەی بنەما فکرییەکانی جێندەر)دا خۆی دەبینێتەوە.

پوختەی بنەما فکرییەکانی جێندەر

١. نەهێشتنی نێرایەتی و مێیایەتی، چونکە پێیوایە نێری و مێیی دەستکردی کۆمەڵگەیە.

٢. جێندەر هەستکردنی مرۆڤە بە مێیایەتی یان نێرایەتی (واتە هەستکردنی مرۆڤە بە ڕەگەز)، واتە شتێکە مرۆڤ خۆی دەیخولقێنێت، نەک لە حەقیقەتدا وابێت، بۆیە بۆی هەیە بە جەستە پیاو بێت، بەڵام ناسنامە جێندەرییەکەی ژن بێت، یان بەپێچەوانەوە، واتە پیاو ڕۆڵی ژن ببینێت و ژن ڕۆڵی پیاو ببینێت.

٣. نابێ جیاوازی بایەلۆجی بێتە هۆی دیاریکردنی ئەرک و ماف و ڕۆڵ، بۆ نموونە پیاو کە هەستی مێ بوونی هەبوو بۆی هەیە شوو بکات و نابێ هیچ کەسێکیش سەرکۆنەی بکات لە هەڵبژاردنی ئەم ناسنامە جێندەرییە بۆ خۆی.

٤. جۆرەکانی هاوسەگیری و زەواج و خێزان یەک جۆر نین، بەڵکو دەیان جۆریان هەیە، پیاو و ژن، ژن و ژن، پیاو و پیاو، پیاو و ئاژەڵ، ژن و ئاژەڵ ..

٥. کەواتە ڕەگەزی بایەلۆجی و جۆری کۆمەڵایەتی لەلای جێندەر جیاوازە و نابێ ڕەگەزی بایەلۆجی ڕۆڵی هەبێ لە دیاریکردنی ئەرک و ماف و ڕۆڵ، هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان نێر و مێدا.[١]

بەڵام لەتێڕوانینی ئیسلامدا بەهیچ شێوەیەك ئەم بۆچوونە جێی نابێتەوە، چونکە نێر نێرە و مێ مێیە، نەك خۆیان یان کۆمەڵگە بۆیان دیاری بکات، واتە شتێکی حەقیقی و زاتییە و لە بنەڕەتەوە هەیە و هیچیشیان فەزڵ و جوان و چاکە و ... نییە بەرامبەر ئەویتریان، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ﴾[٢]، واتە: هەر ئەو زاتەش (خودا) دوو جۆری دروست کردووە کەنێر و مێیە ..﴿وَمَا خَلَقَ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ﴾[٣]، واتە: سوێند بەو زاتەی کە نێر و مێی دروست کردووە.

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو خۆچواندنی نێر و مێش بەیەکدی دروست نییە[٤]، چونکە هەردووکیان تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، تایبەتمەندی دەروونی، جەستەیی، فسیۆلۆجی، کۆمەڵایەتی، ..... بۆنموونە ئافرەت لەڕووی جەستەییەوە مەمکی هەیە بۆ شیردان، وە منداڵدانی هەیە بۆ هەڵگرتنی منداڵ، وە هەروەها هێلکەدان و .... هەیە، ئینجا وەك پیاو موودار و دەنگگڕ و .... نییە، بەهەما شێوە لە ڕووە دەروونیەکەشەوە زۆر جیاوازە، ئەو نەرمونیان و ناسکی و ڕەحم و .... خوای گەورە داویەتی بە ئافرەت بۆ ئارامگری لەسەر ناڕەحەتییەکانی حەمل و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ نەیداوە بە پیاو، بەهەمان شێوە زۆر شتیشی داوە بە پیاو کە نەیداوە بە ژن، ئەم تایبەتمەندیانەش هەر لە خۆیان جوانە و یارمەتیدەرێکی زۆر گەورە و گرینگیشە بۆ ڕاییکردنی کار و ئەرك و ڕۆڵەکانیان.

ئەم جیاوازی ڕەگەزییە هەر بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکو هەموو بوونەوەرەکان بەم شێوەیە دابەش بوون، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾[٥]، واتە:

جێندەر لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا لەڕێی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان و پاڵپشتی دارایی دەرەکی و پەیمانگا و دامەزراوەکانی تویژینەوە و ڕاگەیاندن بلاوکرایەوە

لەهەموو شتێک ئێمە جووتمان دروست کردووە (لەجیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕووەک و بێ گیاندا، لەهەموو شتێکی ماددی و مەعنەویدا) بۆ ئەوەی بیربکەنەوە و یادەوەری وەربگرن.

بۆیە ئەگەر بڕوانینە ژیانی ژیندارانیش زۆر بەڕوونی هەردوو ڕەگەز دەبینین و هەر یەکەشیان ئەرك و ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. کەواتە ئەوە شتێکی فیتری و زگماکی و خوداییە و لادان لێی لادانە لە سروشت و فیترەت و ئەسڵ و چوونە بەرە و داڕووخان و لێکهەڵوەشان و .. بۆیە لە ئیسلامدا هەر دوو ڕەگەزەکە دروستکراوی خودان و هیچیان باشتر و گەورەتر و بەنرختر نین، تەنها پێوەرێك بۆ گەورەیی و باشی و جوانی و بەرزی شتە مەعنەوییەکان و ئەخلاق و ڕەوشت و بەها باڵاکان ئیمان و تەقوایە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ الحجرات: ١٣. واتە: (...بەڕێزترینتان لە لای خودای گەورە ئەو کەسەتانە کە لە خودا ترستر و خۆ پارێزتر و فەرمانبەردارترە).

کەواتە لێرەدا خودای گەورە تەرازوو و پێوانەی خۆی بۆ ڕوونکردووینەتەوە، کە باشترین و بەڕێزترین کەس لای ئەو، ئەو کەسەیە کە زیاتر لەخوداترس و خۆپارێز و فەرمانبەری خودایە، کەواتە پێوانەکە ڕەگەز و ڕەنگ و دەنگ و عەشیرەت و جوانی و زانست و دەوڵەمەندی و خانەدانی و دەسەڵاتداری و بەناوبانگی و..... نییە، بەڕاستی ئەو یاسایە ئەگەر لێی تێبگەین بەسانە، چونکە خودای گەورە شتێکی وای داناوە و کردوویەتیە پێوەر، کە هەموو کەسێك پێی دەکرێت، هیچ کەسێك نییە پێی نەکرێت، بۆیە شوانێك لەو شاخانە زۆر زۆر بەئاسانی دەتوانێت ئەو پلەیە بەدەست بهێنێت، وە هەروەها هەژارێك یان کۆڵهەڵگرێك (حەمباڵێك) یان نەخوێندەوارێك یان پەککەوتەیەك یان خاوەن پێداویستی تایبەتێك یان..... هەر هەموویان زۆر بەئاسانی دەتوانن ئەو پلەیە بەدەست بهێنن، بۆیە خودای گەورە ئەگەر دەوڵەمەندی دانابایە ئەوا بەس دەوڵەمەندەکانمان ئەو پلەیەیان بەدەست دەهێنا، وە ئەگەر زانستی بە پێوەر دانابایە ئەوا بەس زاناکان ئەو پلەیان بەدەست دەهێنا، یان ئەگەر ڕەگەزی دانابایە .... بەڵام ئێستا هەموو کەسێك دەتوانێت ئەو پلەیە بەدەست بهێنێت!

مێژووی جێندەر

بۆیەکەمجار لە کۆنگرەی قاهیرە، ساڵی ١٩٩٤ دا بە ڕەسمی بەکارهێنرا و سەپێنرا، دواتر لە کۆنگرەی پەکینی ساڵی ١٩٩٥، دواتر لە دەیان کۆنگرەی تەندروستی و گەشەپێدان و نیشتەجێبوون و

... ناوی هاتوو و بووە دەستەواژەیەکی بەربڵاو، بەڵام لە سەرەتای بەکارهێنان و دەرکەوتنیدا زۆر ناڕوون بووە، بەشێوەیەك ئەوانەی بەکاریشیان هێنا نەیاندەزانی مانای دەقیقی چییە! بۆیە لیژنەی پێناسە لە کۆنگرەی چواری تایبەت بە ئافرەت کە لە پەکین بەسترا لە ساڵی ١٩٩٥ز، بڕیاریدا پێناسەی نەکات (The non definition the term Gender)[٦]. واتە ماوەیەی چەند ساڵێك _ کە بەکاریش دەبرا _ پێناسە نەکرابوو.

ئامرازەکانی بڵاوبوونەوە

جێندەر لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا لەڕێی ڕێکخراوە نێودەڵەتییەکان و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان و پاڵپشتی دارایی دەرەکی و پەیانگا و دامەزراوەکانی توێژینەوە و ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە.

ئامانج و کاریگەرییەکانی جێندەر

جێندەر بۆ ئامانج و مەبەستگەلێکی ترسناك دروستکراوە و بڵاوکراوەتەوە و دەکرێتەوە، تاوەکو ئەم کاریگەرییە نەرێنیانەیی ببێت:

کاریگەری ڕۆشنبیری و فکرییەکان

١. گومان خستنە سەر بنچینەکانی ئیسلام، بۆ نموونە گومان خستنە سەر قورئان، بێڕێزیکردن پێی و بانگەوازکردن بۆ ڕاڤەی لاڕێ و لادەر بۆ

جێندەر هیچ حیسابێک بۆ جیاوازییەکانی ژن و پیاو و نێر و مێ ناکات و دەیەوێ لە ڕیشەو بناغەوە مانای نێرایەتی و مێیایەتی ڕشەکێش بکات

دەقەکانی قورئان، وە هەروەها گومان خستنە سەر فەرموودە و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) و سوکایەتی پێکردن و ڕەخنەگرتن لێی و گومان دروستکردن لەسەر زاتی پێغەمبەر (ﷺ) بەوەی کە مافی ژنی خواردووە و .....

٢. شێواندنی فیقهی ئیسلامی و نەهێشتنی شتێک تایبەت بە ڕەگەزی ئافرەت، وەک حیجاب و واجبە شەرعییەکانی تایبەت بە ئافرەت و ...

کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان

١. ڕەخنەگرتن لە سیستمی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا و هەوڵی ناشیرین کردن و ناساندنی وەک دواکەوتوویی و...

٢. ڕەخنەگرتن لە خێزان و هەوڵی تێکدان و لێکهەڵوەشاندن و شێواندنی.

٣. دژایەتیکردنی زەواج و هاوسەرگیری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ناشیرینکردنی و داهێنانی زەواجی دیکەی وەک پیاو و پیاو و ژن و ژن و ئاژەڵ و ژن و پیاو و ئاژەڵ.

٤. دژایەتیکردنی هاوسەرگیری لە تەمەنێکی زوودا.

٥. دژایەتیکردنی چەند ژنی و ناشیرنکردنی.

٦. دژایەتیکردنی هەموو ڕۆڵەکانی ژن و پیاو لە خێزان و کۆمەڵگەدا و بنیاتنانەوەی بەشێوەیەک کە هیچ سنووردێک بوونی نەبێت لە ئەرک و ماف و ڕۆڵدا، ڕۆڵەکان بەدیارینەکراوی دەهێڵێتەوە.

٧. دژایەتیکردنی مارەیی و تەڵاق هەموو دەستەواژە و سنوورە شەرعییەکان.

٨. نەهێشتنی ڕۆڵی ئافرەت وەک دایک و هاوسەر و خێزان و کردنی بە مرۆڤێک ناجیاواز لە پیاو.

کاریگەرییە ئەخلاقییەکان

١. نەهێشتنی شتێک بە ناوی ئەخلاق و بە ڕێژەییکردنی، بۆ نموونە هاوڕەگەزبازی بەهیچ شێوەیەک شتێکی نا ئەخلاقی نییە، یان زەواجی ژن و پیاو لەگەڵ ئاژەڵ شتێکی ئاساییە و ناکرێ بە نا ئەخلاقی وەسف بکرێت.

٢. بڵاوکردنەوەی مومارەسەی سێکسی لە دەرەوەی خێزان و ژیانی هاوسەری و ژن و مێردایەتیدا.

کاریگەرییەکانی لەسەر پڕۆسەی فێرکردن

١. دووبارە دارشتنەوەی پڕۆگرامی خوێندن لەسەر بنەما فکری و فەلسەفییەکانی خۆی.

٢. تێکەڵکردنی نێر و مێ و هاندان بۆ تێکەڵاوی بێ مەرج وبێ سنوور.

٣. زیادکردنی فورسەی خوێندن بۆ ڕەگەزی مێ و بێئاگاکردنی لە ئەرکە گەورەکانی دیکەی.

کاریگەرییە ئابووریەکان

١. هاندانی ئافرەت بۆ ئابووری سەربەخۆ و وا تێگەیاندنی کە دەبێ پارە و سامانی خۆی هەبێت و نابێ چاوی لە دەستی پیاو بێت، واتە نەفەقەی پیاو بە شتێکی خراپ دادەنێت و پێیوایە دەبێ هەرچۆنێ بێ و بە هەر ڕێگەیەک بێت ئافرەت لە مااڵ بێتەدەر و ببێتە خاوەن سامان، بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخ و کەسایەتی و ئەرکی ئافرەت.

٢. بێکاری، بەهۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە و هێنانە دەرەوەی هەموو ئافرەتان و کارپێکردنیان، بێکاری زۆر لە ناو پیاواندا دروست دەبێت، کە وا دەکات ڕێژەی زەواجیش کەم ببێتەوە، چونکە لە کۆتاییدا ئەوەی دەبێ کار بکات و پارە و بژێوی بۆ

ژن دەبێ یاخی بێ لە پیاو، بۆیە لە کۆتاییدا وای لێدێت وەک هاوبەشی ژیان و خێزان سەیری پیاو ناکات، بەڵکو لێی یاخی دەبێت و بە چاوێکی دڕندانە و ستەمکارانەوە سەیری دەکات

خێزان پەیدا بکات پیاوە، کە پیاو هەلی کارکردنی نەما یان کەمبووەوە، ئەو کارەساتە دەخولقێت کە ئێستا خولقاوە، بەشێوەیەک خێزان و هاوسەگیری نامێنێت و حەزە جینسی و سێکسییەکان لە دەرەوەی زەواجی شەرعی و خێزانی ڕەسەندا بەتاڵ دەکرێنەوە.

کەواتە بەکوردی جێندەر هیچ حیسابێک بۆ جیاوازییەکانی ژن و پیاو و نێر و مێ ناکات و دەیەوێ لە ڕیشەو بناغەوە مانای نێرایەتی و مێیایەتی ڕشەکێش بکات و دواتریش هەموو ئەو شتانەی لەوەوە پەیدا دەبێت قبوڵیان نەکات و خێزان و کۆمەڵگە و ئەخلاق و ڕەسەنایەتی و عورف و بنەما کۆمەڵاتی و ئەخلاقییە جوانەکان و ئایین و ... لە ڕیشەوە هەڵکێشێت و مرۆڤ وەک ئاژەڵ و مەیمون لێبکات و کۆمەڵگەش بکات بە باخچەی ئاژەڵان و هیچ سنووردێکی ئاینی و شەرعی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی نەهێڵێت و هەموویان وەک شتێکی دواکەوتوو و دژە مرۆڤ وەسف بکات.

فێمێنیزم (ژنۆلۆژی = مێگەری)

چەمکی فێمێنیزم (Feminism) (النسوية، النسوانية، الأنثوية) مێگەری، لە ئەسڵدا فەرەنسییە، لە وشەی (Femina) ی لاتینی وەرگیراوە بە واتای «ئافرەت».

فێمێنیزم پێناسە و ناساندنی زۆری بۆ کراوە، بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین پێناسەیەکی گشتگیری بۆ بکەین:

فێمێنیزم بریتییە لە: بزووتنەوەیەکی فکری سیاسی کۆمەڵاتی فرە ڕەهەند و فرە تەوژم و فکر، لە کۆتاییەکانی شەستەکان سەریهەڵداوە، هەوڵدەدات بۆ گۆڕانکاری فکری و کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری نێوان هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ، بەشێوەیەک لە کۆتاییدا دەگاتە یەکسانی ڕەها لەنێوان نێر و مێدا، یان زاڵبوونی مێ لە کایەکانی ژیاندا و سەنتەربوونی، ئامانجەکانی بە پێی بنەما مەعریفییەکانی دەگۆڕێت، بنەما فکرییەکانیشی بە زێدەڕۆیی و تووندڕەویی و لادان وەسفداوە، پشتگیری ململانێ و دووژمنایەتی نێوان نێر و مێ دەکات، هەوڵیش دەدات بۆ خوێندنەوەی نوێ لە ئاین و زمان و مێژوو و ڕۆشنبیری و پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز[٧].

مێژووی فێمێنیزم

مێژوویەکی دیاریکراوی تەواو نییە لە ئەدەبیاتی سەردەمی نوێدا بۆ دەرکەوتنی دەستەواژەی فێمێنیزم (Feminism)، هەندێ زمان هەر لە بنەڕەتدا دەستەواژەی فێمێنیزم (Feminism)ی تێدا نییە وەک دەستەواژەیەک کە گوزارشت لە سیاسەتی یەکسانی نێوان هەر

دوو ڕەگەز بکات، دەوترێ بۆ یەکەمین جار لە بەریتانیا لە ساڵی ١٨٩٠ دا بەکارهاتووە، بەڵام لە ئێستادا بووە بە دەستەواژەیەکی بەربڵاو لە جیهاندا لە ناو هەموو زمانەکاندا، وەک ناونیشان بۆ هەموو ئەو بزوتنەوانەی بانگەشەی یەکسانی نێوان هەر دوو ڕەگەز دەکەن، یان دەیانەوێ ژن سەربەخۆیی تەواوی هەبێت و بەتەواوی لەژێر ڕکێفی کۆمەڵگە و پیاو و ئاین ... بێتە دەر و هیچ سنوورێک نەبێت سنووورداری بکات. فێمێنیزم (Feminism) لە ئێستادا لە زۆربەی زمان و وڵاتاندا هەر بە هەمان شێوە بەکاردێت و بووە بە ناسنامە و ناونیشانی ئەم قوتابخانە و تەوژمە مێگەرییە.

ئامانج و سەرەنجامە گشتییەکانی فێمێنیزم (Feminism) مێگەری

١. پیرۆزکردن و موقەددەسکردنی مێ (ژن) و، ناشیرینکردن و نابووتکردنی پیاو و ناساندنی وەک ستەمکار لە ئافرەت و ...

٢. دژایەتیکردنی هاوسەرگیری و زەواجی شەرعی و ناساندنی وەک کۆیلایەتی و چوونە ژێر ڕکێفی پیاو و ....

٣. بانگەشەکردن بۆ هاوڕەگەزبازی و لادانی جنسی و دانانی هاوڕەگەزبازی وەک بەدیلێک بۆ هاوسەرگیری شەرعی و سروشتی، یان بەکارهێنانی هەندێ ئامراز و وەسیلەی سەیر و عەجیبی وەک لاستیک و ... بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکان.

٤. دژایەتیکردنی خێزان و ناساندنی وەک قەفەسی زیندان.

٥. دژایەتیکردنی ئاین و دەقە ئاینییەکان و ناساندنی ئاین وەک ستەمکار لە مافەکانی مێ و ژن.

٦. ناساندنی ئاین و دەقەکانی وەک پیاوگەرایی و پیاوسالاری و زاڵبوونی نێر بەسەر مێدا.

٧. دژایەتیکردنی هەموو بەها ئەخلاقی و کۆمەڵاتی و ئاین و عورفییەکان و ناساندنیان وەک دواکەوتوویی و ....

٨. ژن دەبێ یاخی بێ لە پیاو، بۆیە لە کۆتاییدا وای لێدێت وەک هاوبەشی ژیان و خێزان سەیری پیاو ناکات، بەڵکو لێی یاخی دەبێت و بە چاوێکی دڕندانە و ستەمکارانەوە سەیری دەکات.

٩. نابووتکردنی دایکایەتی و وەچە و منداڵ خستنەوە و وەسفکردنی بە کۆیلایەتی.

١٠. بەکاڵاکردنی ژن و لەشفرۆشی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژیان.

١١. یاخیبوون لە ڕابردوو و کۆمەڵگە و کلتور و ئاین و عورف و ڕەسەنایەتی و هەموو بنەما و بەها بەرز و جوانەکان.

١٢. وەسفکردنی خۆڕووتکردنەوە و بەڕەڵایی و بێ

حەیایی بە ئازادی و سەردەمیبوون و پێشکەوتن.

١٣. وەسفکردنی گوێرایەڵی ژن بۆ هاوسەرەکەی بە کۆیلایەتی و ...

١٤. نەهێشتنی متمانەی نێوان ژن و پیاو.

١٥. پڕکردنی سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندن و هونەر و فیلم و ... لە وێنە و نواندنی پڕ وروژاندنی سێکسی.

١٦. بەکاڵاکردنی ئافرەت.

١٧. وێناکردنی ئەندامانی نێری خێزان (باوک، برا، باپیرە ..) بە ستەمکار و زاڵم پاشان یاخیبوون لێیان.

١٨. ئاشناکردن و هاندانی ئافرەتان بۆ مەی خواردنەوە و ماددە هۆشبەرەکان و جگەرە و ... وەک ئامرازێک بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە دەروونی و کۆمەڵاتییەکانیان.

١٩. بێبەشکردنی ئافرەت لە زەواج و ماڵ و حاڵی خۆی.

٢٠. تووشکردنی ئافرەتان بە زیندان و کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی، چونکە بە هۆی ئەم کارانەوە تووشی دەیان تاوان دەبن، دواتر دەخرێنە کونجی زیندان و تووشی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانیش دەبن لەو نێوەندەدا، چونکە یاخیبوونە لێیان.



ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی فێمێنیزم (Feminism)

بۆ بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی فێمێنیزم (Feminism) دەبێ لە دوو ئاست و لاوە کار بکرێت:

یەکەم: ناوخۆی موسڵمانان خۆیان: بەوەی کە خۆیان بەهێز بکەن لە ڕووی فکری و کۆمەڵایەتی و خێزانی و ئەخلاقی و پەروەردەیی ...

دووەم: ناساندنی ئەوان وەک خۆیان و بەرەنگاربوونەوەیان بەشێوەیەکی زانستی و فکری و پەروەردەیی.

پوختەی ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوە

١. پەروەردەکردنی تاک، بەتایبەت ئافرەت لەسەر فکر و پەروەردەی ئیسلامی هاوسەنگ.

٢. گرینگیدانی زۆر بە خێزان و هەوڵدان بۆ پتەوکردن و ڕێگریکردن لە لێکهەڵنەوەشانی.

٣. هاندان بۆ هاوسەرگیری.

٤. گرینگیدان بە منداڵ.

٥. هۆشیاری و ڕەواندنەوەی گومانی فێمێنیستەکان.

٦. ناساندنی فێمێنیزم (Feminism) و فکر و بیروبۆچوونەکانیان و بەکارهێنانی هەموو ڕێگاکانی هۆشیاری، سۆشیال میدیا، پەرتووک، کۆڕ وسیمینار..

٧. نیشاندانی زیان و کاریگەرییە خراپەکانیان لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە و ...

٨. وشیاری و ئاگاداری وتاربێژان و مینمەر بۆ نوێژخوێنان.

٩. بەکارهێنان یاسا و دەستوور و پەرلەمان لە بەرامبەریاندا.

١٠. دەرخستنی مێژووی ڕەسەنی کوردایەتی، چونکە ئەم تەوژوم و ئایدۆلۆژیایە تەواو تەواو دژە لەگەڵ هەموو مێژووی ڕابردووی کورد و ڕێبەرانی، ڕێبەرانی هەموو مەلا و شێخ و خەڵکی دیندار و ڕەسەن بوون و هەرگیز ئەم لادانە فکری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیانەیان قبوڵ نەبووە.

١١. خودی ئافرەتان خۆیان لە بەرامبەر ئەم تەوژمە بێنە سەر خەت، چونکە پێش هەموو کەسێک دژی ئافرەتان خۆیانن، هەر بۆیە زۆربەی فێمێنیستەکان لە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا خەڵکی بەجێهاو و ....

١٢. کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ بەسەریاندا و هەوڵدان بۆ گفتوگۆی هێمنانە لەگەڵیاندا.

١٣. باوەشکردنەوە بۆ ئەوانەی بەهەڵە چوونە ناویان و هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنیان لە دەستیان.

١٤. دەستخۆشی و هاندانیش بۆ هەموو ئەوانەی ئینسافیان هەیە و پاشگەز دەبنەوە.

تێبینی

وەک هەموو تەوژم و ڕێباز و فکرەکانی دیکە، فێمێنیزمیش ئاست و جۆری هەیە، هەیەتی توندی و لادانەکەی زۆر زۆرە، هەیە پلەیەك یان دوو پلە لەو نەرمترە و ئەوەندە خەستوخۆڵ و توندڕەو نییە، دەتوانین بڵێین توندڕەو و میانڕەو و مامناوەند، واتە سێ ئاستی سەرەکییان هەیە، دەشکرێ لە ئەوروپا

و هەندێ شوێنی دونیادا لە هەندێ ڕووەوە سوود لەو فێمێنیزمە میانڕەوە وەرگیرابێت، کە هەموو هەوڵەکانی خۆی کورتهەڵێناوە لە دابینکردن و دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت، بەڵام لە کۆمەڵگەیەک کە ئیسلام هەیە و ئیسلامیش هەموو شتێکی بۆ ئافرەت دەستەبەر کردووە فێمێنیزم هیچ بەهانەیەکی نییە و جگە لە ماڵوێرانی شتێکی دیکەی لێناکەوێتەوە، ئەوان کە ڕاست دەکەن بابێن فشار بخەنە سەر دەستەڵات و پەرلەمان و حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافانەی شەریعەتی ئیسلامی و یاسا داویەتی بە ئافرەت، نەوەک بێن دژایەتی ئاین و ئەخلاق و عورفە جوانەکان و ڕەسانایەتی ئەو میلەتە قوڕ بەسەرە بکەن، کە سەدان کێشەی هەیە، جا ئەوەشی بێتە سەر هەر بەجارێک لەبن دێت.

پەراوێزەکان

١- اللجنة الإسلامية العالمية للمرأة والطفل، اتفاقية القضاء على كافة أشكال التمييز ضد المرأة، ص ١٠٦_١٠٧ ومادة ((جندر)) ، استرجعت بتاريخ ٢٠٢٣/٤/١٥م من موقع الموسوعة البريطانية

http://www.britannica.com/EBchecked/topic?228219/gender-identity

صندوق الأمم المتحدة الإنمائي للمرأة، مسرد مفاهيم ومصطلحات النوع الاجتماعي، ط ٤، (عمان: المكتب الإقليمي للدول العربية، ٢٠٢١م) ص ٤ _ ٥ _ ٦.

الأمم المتحدة، تقرير المؤتمر الدولي للسكان والتنمية القاهرة ٥ _ ١٣ أيلول/ سبتمبر ١٩٩٤م، (نيورك: منشورات موقع الأمم المتحدة، ١٩٩٤م) ص ١٣.

الأمم المتحدة، نظام روما الأساسي للمحكمة الجنائية الدولية ١٥ _ ١٧ تموز/ يوليه ١٩٩٨م، (نيورك: منشورات موقع الأمم المتجدة، ١٩٩٨م)، ص ٨.

٢- النجم (٤٥)

٣- الليل (٣)

٤- البخارى، أبو عبد الله محمد إسماعيل، صحيح البخاري، ط١، (دمشق: دار ابن كثير، ١٤٢٣ ه _ ٢٠٠٢م)، ح ٥٨٨٥، كتاب اللباس، باب المتشبهون بالنساء والمتشبهات بالرجال، ص ١٤٨٥.

٥- الذاريات (٤٩).

٦- الكردستاني، مثنى أمين، وحلمي، كاميليا، الجندر المنشأ - المدلول - الأثر – عمان، جمعية العفاف الخيرية، ١٤٢٨ه=٢٠٠٨م)، ص ٥٠.

٧- الكردستاني، مثنى أمين، حركات تحرير المرأة من المساواة إلى الجندر، دراسة نقدية إسلامية، دار القلم للنشر والتوزيع، ط ١، ١٤٢٥ه _ ٢٠٠٤م، ص ٥٣.

سەرچاوەکان:

١- مفهوم النوع الاجتماعي (الجندر)، أسيل عبد الله الصرايرة، رسالة ماجستير في علم النفس التربوي مقدمة إلى جامعة مؤتة في علم النفس التربوي، ٢٠١٥.

٢- مفهوم الجندر وآثاره على المجتمعات الإسلامية، أمل بن عائض الرحيلي، الطبعة الأولى، ٢٠١٦، مركز باحثات لدراسات المرأة.

٣- فيمينزم (الحركة النسوية) مفهومها، أصولها النظرية، وتياراتها الاجتماعية، نرجس روكر، تعريب: هبة ضافر، الطبعة الأولى، ٢٠١٩، المركز الإسلامي للدراسات الاستراتيجية.

پرۆفایل

صلاح الدين أحمد

★ لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣، لە شاری ڕانیە.

★ بڕوانامەی ماجستێر لە فیکری ئیسلامی، دکتۆرا لە ئوسوڵی فیقە و مەقاسیدی شەریعە.

★ خاوەنی (٢٥) بەرهەمی چاپکراو و (١٥)ی چاپنەکراوە لە بواره جیاجیاکانی زانستە ئیسلامییەکان و فکر و فەلسەفەی ئیسلامی.

عەلی ئیبراهیم حەسەن

ڕۆڵی ئافرەت لە ئابووری خێزان لە ژێر فشاری سیستەمی سەرمایەداریدا

نزیکەی ٦٠٠ ساڵ دەبێت لە کۆمەڵگاکانی مسوڵمان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵی ئافرەت سنووردار و بەرتەسککراوەتەوە، بەهۆی بەهەڵە تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەکان و بارودۆخی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم ناوچەیە، لە ئێستاشدا لە زۆربەی وڵاتان لە ڕووی داهات و بەرهەم توانای ئافرەتان سەدا شەست ٦٠٪ تاوەکو سەدا هەشتای ٨٠٪ سوودی لێ وەرناگیرێت و لە چوارچێوەی هەندێك ئەرکی ناماڵ کۆت و بەند کراوە، ئەمەش زیانی گەورەی بەژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەیاندووە، ئافرەت لە گوند و ناوچە کشتوکاڵییەکان ئەرکی لە پیاو زیاتر نەبێت کەمترنەبووە، بەڵام بەهۆی کۆچ بۆ شارە گەورەکان بوار و زەمینە ڕەخساندن بۆ ئافرەتان کەمبۆتەوە، لە کاتێکدا لە ژیانی گوندیش ڕووبەرێکی فراوان لە بەردەم ئافرەت هەبووە بۆ بەهرە و توانا و جوڵەو کارکردن و گەشەسەندن.

لە هەموو ناوچە گوندنشینەکاندا داهات و بەرهەمی ئافرەت هاوتای پیاو بووە یاخود زیاتر، سەرەڕای ئەرکەکان خۆی لە چوارچێوەی پەروەردەی منداڵ و خزمەتگوزاری ناوماڵ، بەڵام لە ژیانی شار تاوەکو ئێستا ڕێژەیەکی کەم (٢٠٪)ی ئافرەتان بواریان بۆ ڕەخساوە هەلی کاریان هەبێت و ڕۆڵیان لە دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری و بەرهەم چالاك بێت، لە کاتێکدا چەندین سکتێتەر هەیە ئافرەت ڕۆڵی زۆربەرچاو دەگێڕن ئەگەر تواناسازیان بۆ بکرێت وەکو (تەندروستی، پەروەردە، کشتوکاڵ، بەڕێوەبردن، .... تاد)، لە سیستەمی سەرمایەداریدا تەواوی

لە زیانەکانی سیستەمی سەرمایەداری زیادبوونی خەرجییەکان، خۆێندن بە پارە، تەندروستی و چارەسەری بە پارە، تەواوی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بە پلەبەندی دەچێتە دواوە و دەبێتە کەرتی تایبەتی و ئەهلی

خزمەتگوزارییەکان بە پلەبەندی دەبنە (پارە)، بۆیە باڕێکی قورس دەکەوێتە سەر پیاوان، بۆیە پێویستە هەموو ڕێکخراوەکانی (ئافرەت و ژنان و خوشکان و خانمان) کۆنفرانس و سیمیناری تایبەت ببەستن و کەسانی پسپۆڕ بانگ بکەن، سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت لە سیستەمی سەرمایەداری و، کێشەکانی چین و ڕێگە چارەسەرییەکانی چین؟!

بەدڵنیاییەوە فشاری سیستەمی سەرمایەداری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تۆختر دەبێت و پێویستی بە شارەزایی و نەخشە ڕێگا هەیە تا بتوانین زەرەر و زیانەکانی لەسەر ئافرەت و خێزان و منادڵ کەم بکرێتەوە، لە زیانەکانی سیستەمی سەرمایەداری زیادبوونی خەرجییەکان، خۆێندن بە پارە، تەندروستی و چارەسەری بە پارە، تەواوی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بە پلەبەندی دەچێتە دواوە و دەبێتە کەرتی تایبەتی و ئەهلی.

لە ئەنجامی هەژاری و نەبوونی پارەی پێویست کێشەی خێزانی دروست دەبێت بە گوێرەی تۆژینەوەکان نزیکەی ٨٠٪ کێشەی خێزان ڕەگێکی دەگەڕێتەوە سەر بابەتی ئابووری!؟

بۆیە ئەگەر ئافرەت تواناسازی بۆ کرا لە ڕووی خۆێندن و پیشە و دەست ڕەنگینی و توانای هاوکاری خێزان بێت لە پەیداکردنی داهات، ئەو کات کاریگەری سلبی سیستەمی سەرمایەداری لەسەر ئافرەت و خێزان کەم دەبێتەوە، بۆیە گرنگە ئافرەتان شارەزا بن لە ئابووری خێزان و ڕۆڵیان هەبێت لە زیادکردنی داهات و بەرهەم بۆ خۆیان و خانەوادە و کۆمەڵگاکەیان، بۆیە ئەرکی حکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتانە نەخشە ڕێگا دابنێن بۆ ڕێژەی جیابوونەوە و (تەڵاق) کەم دەبێتەوە، منداڵی سەرشەقام کەم دەبێتەوە، خۆکوشتن و خۆسووتاندن و کێشەی دەروونی و تەندروستی کەم دەبێتەوە، کۆمەڵگاش ئارامتر و سەقامگیرتر دەبێت.

سەرچاوە:

سوودم لە کتێبی ژنی دەوڵەمەند ...کیم کۆساکی وەرگرتووە، لەگەڵ وتاری د.تارق سویدان لە کۆنگرەی ئافرەتانی ئەستەنبوڵ.

پڕۆفایل

عەلی ئیبراهیم حەسەن

بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوەی مەڵتی بزنس بۆ ڕاوێژکاری و ڕاهینان.

ڕاوێژکاری گۆڤاری ئایندە.

جیاوازی ژنانی کورد لە سەدەکانی ڕابردوو، لەگەڵ ژنانی ئەمڕۆ لە بواری پەروەردەی منداڵان دا

کەمال عەبدوڵڵا گەورە

ژنانی سەدەکانی ڕابردوو سەرباری ئەوەی سەرقاڵی ئیش و کارگەلێکی زۆربوون و کەمتر بوار و دەرفەتی ئیسراحەت و حەسانەوەیان هەبوو، سەرەڕای ماندووبوون و هیلاکییەکی زۆری جەستەیی، بەڵام هەرگیز لەمەسەلەی پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان و منداڵەکانیاندا کەمتەرخەمییان نەدەکرد و کاتیان بەفیڕۆ نەدەدا.

بەگوێرەی نووسین و نووسراوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان و ئەوانەی لەکۆندا سەردانی کوردستانیان کردووە و لێرە و لەپارچەکانی دیکەی کوردستان ماونەتەوە و ماوەیەک تێیدا ژیاون، کۆمەڵێک باسوخواس و بابەتی جۆراوجۆری هەمەچەشنیان لەسەر ژیان و کاروکردەوە وهەڵسوکەوت و ڕەفتار و گوفتاری خانمان و ئافرەتانی کورد نووسیوەتەوە و یاداشتیان کردووە و لەلاپەڕەکانی مێژوودا تۆماریان کردووە.. بەهەر حاڵ ئەو مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسانە، شایەتییان بۆ ژنانی کورد داوە کە شانبەشانی پیاوان لە کێڵگە و مەزراکاندا کاریان کرودوە، ئەوانە بۆهەر مەبەستێک هاتبنە ئەم وڵاتە و سەردانی ئێرەیان کردبێ، گوتوویانە ژنانی کورد لە پەرێز و دەشت و بناری چیاکاندا لەگەڵ هاوسەرەکانیان یاخود لەگەڵ باوک و براکانیان دروێنەی گەنم و جۆیان کردووە یاخود ئیشی مەرەزە وتوتن و ئەو شتانەیان کردووە، کە ئەو سەردەمانە زۆر باوبوون، لەگەڵ ئەوەش هیچ کاتێک لەبەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بێئاگا نەبوون و زۆر جار لەکاتی شیرپێداندا لای لایەیان بۆ کۆرپەکانیان کردووە و بەو جۆرە تا خەویان لێکەوتووە لاواندوویانەتەوە، هەروەها کە بەرەبەرە، گەورەش بوون چیرۆکی سوارچاکی و پاڵەوانییەتی و مەردایەتی و بەخشندەییان بۆ کوڕەکان و نەرم و نیانی و خانومانی و خەندە و ئارامییان بۆ کچەکانیان گێڕاوەتەوە، فێری

چیرۆکی سوارچاکی و پاڵەوانییەتی و مەردایەتی و بەخشندەییان بۆ کوڕەکان و نەرم و نیانی و خانومانی و خەندە و ئارامییان بۆ کچەکانیان گێڕاوەتەوە

ئارامی و لەسەرخۆیی و دانبەخۆداگرتن و سەبر و تەحەمولیان کردوون و فێریان کردوون، لەکاتی تەنگانە و نەبوونیدا قیژەقیژ و هەراوزەنا نەکەن و ئەو کاتەی کچەکانیان دەبنە بووک و کابانی ماڵان لەکاتی قاتی و قڕی و نەبوونیدا هەوڵی چارەسەری کێشەکانیان بدەن و وەکو شۆڕە ژنانی مێژوومان خانومانانە ڕەفتار بکەن و ئابڕووی پیاوەکانیان نەبەن! لەم سەردەمەماندا زانستی سایکۆلۆژی و ڕەوانشوناسی، سەلماندوویانە، ئەو منداڵانەی چیرۆکیان بۆ گێڕدراوەتەوە و لایلایەیان بۆ کراوە زۆر جیاوازن لەو منداڵانەی نە چیرۆکیان بۆ گێڕدراوەتەوە و نەلایلایەشیان بۆکراوە، لەڕووی هەڵسوکەوت و زیندوێتی و بەکارهێنانی هزر و بیریان و دڵ و دەروونێکی کراوە و جوان و ڕازاوە و گەشە کردوو و گەشە سەندوویان هەبووە و دنیابینی و ئاستی هۆشیارییان فراوانتر بووە! هەر ئەوەش بووە، وایکردووە، ژنان و دایکانی سەدەکانی ڕابردوومان تەنها بەدوای چێژ و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوە نەبوون و مافی هاوسەر و منداڵەکانیان و کەسوکاری خۆیان پێشێل نەکردووە و خەمی خزم و دەر و دراوسێشیان خواردووە و ئەو گیانی هاوکاریکردن و یارمەتیدان و مرۆڤدۆستییەیان لە ڕێگای پەروەردەکردنێکی دروستەوە لەناخ و دڵ و دەروون و هۆشمەندی منداڵەکان و جگەرگۆشەکانیاندا چەسپاندووە و

هەر بەوەش کۆڵیان نەداوە و فێری خۆشویستنی خواو دین و میللەت و گەل و نیشتیمانیان کردوون و ئیمانێکی ئەوەندە جوان و نایابیان خستۆتە دڵی ڕۆڵەکانیانەوە، تا وایانلێهاتووە بوونەتە سیمبولی وەفاداری و خۆشەویستی نەوەکانی دوای خۆیان...

سەرچاوەکان

- گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان

نووسینی (کلاودیۆس جیمس ڕیچ)، وەرگێڕانی حەمەی حەمەباقی.

- جانجاک ڕۆسۆ، کتێبی ئیمێل، وەرگێڕانی ڕەسوڵ سوڵتانی.

- ڕۆڵی ژن (ئافرەتی کورد لە مێژوودا)، دوکتۆر پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری.

پڕۆفایل

کەمال عەبدوڵڵا حوسێن، ناسراو بە کەمالی عەوڵا گەورە.

* ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی قەرەتەپەی مەرگە لەدایکبووە.

* خوێندنی سەرەتایی هەرلەوێ تەواوکردووە.

* خوێندنی ناوەندی لە ڕانیە و، ئامادەیی لەحاجیاوا تەواوکردووە.

* دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانە.

* لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی ڕاپەڕین بەدەستهێناوە.

* مامۆستای بنەڕەتییە، بەشی کوردی.

* لە ساڵی دووهەزارەوە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە.

ئافرەت لەتەرازووی پەیامی خوادا

گوڵزار قادر ئیسماعیل

هەر لەو ساتەوەی ئیسلام دەرکەوت ئافرەتان بوونە خاوەن پێگە و ڕۆڵی خۆیان هەبووە، ئیسلام ئافرەتی ڕزگار کرد لە سوکایەتی و بە کەم سەیر کردن و ئەشکەنجە و ئازاری دەروونی و جەستەیی و بوونە خاوەن ڕێز و مەقامی بەرز. قورئانی پیرۆز پڕە لە باسی گەورەیی و شکۆ و جوامێری ئافرەتان. ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان سەلماندوویانە کە ئافرەت و پیاو وەك یەك وان لەپێکهاتەدا، ئافرەت وەك پیاو وایە کە دروستکراوی خوایە بێ کەم و زیاد.

ئافرەتە ناوداراکان لەمێژووی ئیسلامەتی و پەیامی خواییدا مرۆڤایەتی شانازییان پێوە دەکات تا قیامەت لەوانە: دایکە حەوا کە باوکە ئادەم خوای گەورە دروستی کرد نەیتوانی بەتەنیا و بێ ئافرەت ژیان بگوزەرێنێ، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە ئافرەت بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤ پێکهێناوە بە ڕێژەیەك کە نیوەی مرۆڤایەتی پێکهێناوە بەرامبەر نیوەکەی تر کە پیاوە بە بەڵگەی قورئانیی، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا﴾ البقرة: ٣٥. خوا فەرمانی کرد کە سەرەتای دروستکراوەکەی ژنێك و پیاوێکن بەیەکەوە بچنە بەهەشت و جێگیر بن تیایدا. ئەوە دەردەکەوێ کە شانبەشانی پیاو ناوی دێنێ وە لەچەند شوێنی قورئان ناوی دێنێت.

پاشان حەزرەتی ئیبراهیم سارا خانی لەپشت بووە و بۆتە هۆی سەرکەوتنی ئیبراهیم سەلامی خوای لەسەر بێت بەپشتیوانی خوا و پاشان هاوکاری ساراخانی هاوسەری بووە. هەروەها هاجەرە خاتوون کاتێك ئیبراهیم سەلامی خوای لەسەر بێت لەو بیابانە وشکانییە مەترسیدارەی جێدێڵێت کە هیچ کەس و هیچ شتێکی لێ نییە جگە لە خوا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شێرە ژنە بەو هەموو ناڕەحەتییە کە منداڵێکی شیرە خۆرەی لەبەر دەست بوو بەدەستی ئەو شێرە ژنە پێغەمبەرێك پەروەردە بوو کە لەگەڵ باوکی ئیبراهیمی نازدار کەعبەی پیرۆزیان بنیاتنا کە هەتا قیامەت ڕووگەی مسوڵمانانە. کەواتە دیسان بە پشتیوانی خوا و

تەواوی ژیانی حەزرەتی موسا کارەکتەرە سەرخەرەکانی بریتی بوون لە ئافرەت

هاوکاری و پاڵپشتی ژنێك کاروانی پێغەمبەرایەتی ئیبراهیم و ئیسماعیل بە پایان گەیشت.

نموونەیەکی تر، ئافرەتێکی فیداکار کە خێزانی حەزرەتی ئەییوبە. کە چۆن ئارامی گرت لەکاتێکدا هەموو کەس پشتیان تێکرد، بەڵام ئەو شێرە ژنە خۆڕاگر و گیانفیدایە لەگەڵ هاوسەرەکەی ئارامی گرت و قورئانی پیرۆز باسی ئەو ژنە ئارامگرە دەکات کە خوای گەورە لەسەرووی حەوت ئاسمانەوە لەسەری بەجواب هات لە سورەتی (ص) ئایەتی (٤٤) دەفەرموێ: ﴿وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَاضْرِب بِّهِ وَلَا تَحْنَثْ ۗ إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَابِرًا ۚ نِّعْمَ الْعَبْدُ ۖ إِنَّهُ أَوَّابٌ﴾. چونکە ئارامگر بوو لەگەڵ هاوسەرەکەی، ئەمە بەسە بۆئەوەی کە خوا باسی بکات، ئەمەش گەورەیی ئافرەت دەردەخات.

یەکێکی تر لە فیداکارەکانی مێژووی ئافرەتان دایکی موسا سەلامی خوای لێ بێت و خوشکەکەتی کە خوای گەورە باسیان دەکات. کاتێك کە لەدایك دەبێت بە دایکی دەفەرموێ بیخە سندوقێك و بە ئاویدا بدە ئەویش فەرمانی خوای جێبەجێ کرد و خوای گەورەش وەعدی خۆی بەجێهێنا و خستییەوە باوەشی خۆی.

پاشان ڕۆڵی ئافرەتێکی تر باس دەکات کە خوشکەکەتی و زۆر بەلێزانانە دەوری خۆی دەبینێ و بانگی دایکی دەکات بۆئەوەی ئەو منداڵە ساوایە لە ماڵی فیرعەون بێتە دەرەوە و بچێتەوە باوەشی دایکی.

هەروەها خوای گەورە باسی ئافرەتێکی تر دەکات و بە شەرم و حەیا ناوی دەبات و کاتێ حەزرەتی موسا گەورە دەبێ و شاری فیرعەون بەجێ دێڵێ و بەرەو مەدیەن بەڕێ دەکەوێ لەسەر بیرێکی ئاو تووشی کۆمەڵێك خەڵك دەبێ کە مەڕ و ماڵات ئاودەدەن، بەڵام دوو ئافرەت بەردی سەر بیرەکەیان بەزەحمەت پێ لادەچێ و موسا ئاویان بۆ دەردێنێ، ئەم دوو ئافرەتە خوشکە لای باوکیان ڕوودەاوەکە باس دەکەن، ئەویش دەفەرموێ بڕۆن بانگی بکەن. یەکێك لە کچەکانی دەچێ بانگی دەکا و خوای گەورە دەفەرموێ ئەوەندە بەحەیا و شەرم و شکۆ بووە لەسەر حەیا ڕۆیشتووە هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ ﴿فَجَاءَتْهُ إِحْدَاهُمَا تَمْشِي عَلَى اسْتِحْيَاءٍ قَالَتْ إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا﴾ القصص: ٢٥. ئەی ئەمە گەورەیی ئافرەت نییە کە خوا بەم شێوەیە وەسفی دەکات؟ تەواوی ژیانی حەزرەتی موسا کارەکتەرە سەرخەرەکانی بریتی بوون لە ئافرەت.

دیسان قورئان باسی ژنێکی ترمان بۆ دەکات ئەویش (بەلقیسە شاژنی سەبەء)ە. چیرۆکی حەزرەتی سولەیمان لەگەڵ شاژنی سەبەئدا ئەو دەمە دەستی پێکرد کە حەزرەتی سولەیمان بە دۆڵی مێرووەکان تێدەپەڕی، دەگەن بە زەوییەکی وشک کە هیچ ئاوێکی لێ نییە، سوپاکەی تینوویان دەبێت و داوای ئاو دەکەن، ئەرکی هود هود (پەپو سلێمانە) لە سوپادا ئەوە بوو ئەگەر ئاویان لێ بڕا لە بیاباندا و لەکاتی سەفەردا ئاویان پێویست بوو هود هود بێت و بزانێ ئایە لەم ناوچەیە ئاوی لێیە یان نا، خوا توانایەکی سەرسوڕهێنەری بە هودهود بەخشیوە دەیتوانی ئاوی ژێر زەوی ببینێت، هودهود شوێنی ئاوەکەی پێ دەوتن و پەرییەکان بەردەکانیان لادەدا و زەوییان هەڵدەکەند و ئاو هەڵدەقوڵا و پێویستی خۆیان پێ دابین دەکرد. جارێکیان سوپاکەی حەزرەتی سولەیمان تینوویان بوو داوای ئاویان کرد، سولەیمان سەلامی خوای لەسەر بێت سەیری کرد هود هود دیار نییە هەڕەشەی سزادان و سەربڕینی لێ کرد مەگەر عوزرێکی قبوڵکراوی هەبێ، قورئان بۆمان باس دەکات کە زۆری نەخایاند هودهود هاتەوە و وتی لە وڵاتی سەبەء شاژنێك هەیە بەناوی بەلقیس فەرمانڕەوایی دەکات وە لە هەموو جۆرە ناز و نبعمەتێکی پێ بەخشراوە و تەختێکی زۆر گەورەی هەیە، قەومەکەی لەجیاتی خودا سوجدە بۆ خۆر دەبەن. حەزرەتی سولەیمان

> دەبێ ژنانی سەر زەوی تێ بگەن کە خوای گەورە ڕێزی لە ئافرەت ناوە و ڕێی لێ نەگرتووە لە کاری سیاسی و بانگەواز و کارکردنی بۆ خاك و وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی هەروەك بەڵقیس پادشایەتی وڵات و قەومێکی لەدەستدا بوو

سەلامی خوای لێ بێ نامەیەکی نووسی و تێیدا بانگی کرد بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی، نامەکەی پێگەیشت و خوێندیەوە و قەومەکەی کۆکردەوە و بە لێزانانە گوتی ئەی ڕێزداران ڕاتان چییە ؟ چی بکەم باشە؟ هیچ بڕیارێکم بەبێ ئێوە نەداوە. ئەنجومەنەکەی ئێمە خاوەن هێز و دەسەڵاتی زۆرین، بەلقیس جوانتر لەکارەکە ڕاما وەك و ئەوان حەماس نەیگرت، زانی خاوەن ئەم نامەیە کەسێکی بەهێزە، وتی: ﴿قَالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ﴾ النمل: ٣٤.

پاشان بەلقیس بە عەقڵ بیری کردەوە وتی با دیاری بۆ بنێرین. کاتێك کە بۆی نارد، سولەیمان سەلامی خوای لەسەر بێت بەتورەییەوە وەڵامی دانەوە و گوتی دەتانەوێ بە ماڵ و سامان کۆمەکم بکەن، ئەو شتانەی خوا پێی بەخشیوم زۆر لەوانە

باشتره. وه بۆ مسوڵمانبوون بانگی کرد. ئەو ژنە ئاقڵە زانی ئەم پیاوە گەورەیە بۆ شتێکی زۆر گەورە بانگی دەکات. کاتێك هات و دەسەڵاتی خوای بینی و پێغەمبەرەکەی بینی بەعەقڵ بیری کردەوە و زانی ئەوە دینی خوایە و ڕاستە و ئیمانی هێنا و خۆی تسلیمی حەزرەتی سولەیمان کرد.

لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کاتێك خوای گەورە بۆمان باسی ئەم شێرە ژنە دەکات، کە دەبێ ژنانی سەر زەوی تێ بگەن کە خوای گەورە ڕێزی لە ئافرەت ناوە و ڕێی لێ نەگرتووە لە کاری سیاسی و بانگەواز و کارکردنی بۆ خاك و وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی هەروەك بەڵقیس پادشایەتی وڵات و قەومێکی لەدەستدا بوو.

سەرچاوەکان:

١-تەفسیری قورئانی پیرۆز.

٢-قصص الانبیاء/ابن کثیر.

پرۆفایل

گوڵزار قادر ئیسماعیل

* لەساڵی ١٩٥٨ لە کۆیە لەدایک بووە.

* ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی کوردستان، کە دواتر ناوی گۆڕا بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان.

* چەندین پلە و پۆستی وەرگرتووە، لەوانە ئەندامێتی شورای بزووتنەوە، لەساڵی ٢٠٠٩ لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بووە بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی.

* ئێستا لە ڕانیە نیشتەجێیە.

ڕانانێکی خێرا بۆ کتێبی هاوڕەگەزخوازی هۆکارێکی بۆماوەیی یان لادانێکی ڕەفتاری؟!

هەڵسەنگاندنی: مەحەممەد عەزیز لۆتەری
خوێندنەوە و

پێش ئەوەی دەست بە هەڵسەنگاندنی کتێبەکەی بەڕێز د.یوسف مەلاخەلیل بکەم کە ژمارە٦٥ی زنجیرە کتێبی بیری میانڕەوە و لەساڵی٢٠٢١ز لەڕێنوێن چاپی یەکەمی کراوە، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە گۆڤاری ئایندە لەسەرهەر بابەتێک تەوەری تایبەتی پێشکەش کرد، یەکێک لە بابەتەکانی وەک بیلۆگرافیایەکی خنجیلانە ڕووماڵی ئەو کتێب و لێکۆڵینەوانەی کە لەبارەی بابەتی تەوەرەکەوە لەکتێبخانەی کوردیدا هەن بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو خوێنەرانەی زیاتر دەیانەوێ لەو بابەتە قووڵ ببنەوە بەپێی توانا ئەو کتێبانە بخوێننەوە.

جا کە من ئەو پێشنیارە دەکەم نابێ خوێنەر چاوەڕێی ئەوە بێ کەبابەتەکەی من بیلۆگرافیای کتێبەکانی کتێبخانەی کوردی بێ لەسەر ڕەوشی خێزان، بەڵکو لەبەر نزیکی بابەتی ئەم کتێبە لەتەوەری ئەم جارە من ڕانانم بۆ ئەم کتێبە کردووە

نووسەر لەدیباجەی کتێبەکەی دەیەوێ ناڕاستی ئەو ڕێسایە بسەلمێنێ کە دەڵێ:(هاوڕەگەزخوازان پاساوی بۆهێڵە بۆماوەییەکانیان هەیە) کەئەوان ئەم ڕێسایە دەکەنە هاوکێشەیەکی زانستی پاڵپشت بۆ ڕەوتەکەیان.

نووسەر بەشێوەیەکی زانستی بوارە جیاجیاکانی مرۆڤی فرە جەمسەر و فرە ڕەهەند دەتوێژێتەوە و لەهەموو بوارەکانی ڕۆحناسی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و دەمارناسی و....هتد کۆمەڵە پرسێک دەوروژێنێ و دەیسەلمێنێ کە پێزانینەکانی مرۆڤ لەزۆربەی بوارەکان هێشتا زۆریان ماوە وسەرەتایانە.

هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەڕاست دەرچوونی هێندێ ئەزمون کە سەرەتا لەسەر مشک و سەگ و ئاژەڵی تر کراوە ودواتردەرکەوتووە کە هەمان دیاردەش لەدەروونی مرۆڤدا هەیە ئەوە نابێتە پاساو تا ئێمە لەهەموو ڕوویەک هەرخەریکی بەپاشکۆکردنی مرۆڤ بۆ ئاژەڵان بین.

نووسەر دوای باسێکی تێروتەسەلی زاراوەکانی ئەو بواره لەڕووی زمانەوانی و پزیشکی پێی وایە ڕۆژئاواییەکان گۆڕانکارییان کردۆتە پەرستراوێک و دەیانەوێ هەرچی زگماکی و عەقڵی و دینی و ئەخلاقییە بیگۆڕن وهیچ دیاردەیەکی جێگیر و بنەمایەکی چەسپاو نەمێنێ

بۆیە گوتراوە مێژووی زانست بریتییە لەمێژووی هەڵەکانی زانست و قورئانیش پێیان دەفەرموێ کە تەنیا کەمێک لەزانیاریان پێدراوە.

لای نووسەر پێویستە مرۆڤ بزانێ کە دۆزراوە زانستییەکان ڕێژەیین و پتەوترین سەکۆی دڵنیایی دەروونی مرۆڤ ئەو بنەما زگماکی و ئەخلاقی و ڕێکارە شەرعی و دینی و عەقڵی و ڕێسا گەردوونییەکانن کە وەک کەشتی مرۆڤیان لەناو دەریای پڕشەپۆلی لاڕێبوون پاراستووە.

نووسەر دوای باسێکی تێروتەسەلی زاراوەکانی ئەو بواره لەڕووی زمانەوانی و پزیشکی پێی وایە ڕۆژئاواییەکان گۆڕانکارییان کردۆتە پەرستراوێک و دەیانەوێ هەرچی زگماکی و عەقڵی و دینی و ئەخلاقییە بیگۆڕن وهیچ دیاردەیەکی جێگیر و بنەمایەکی چەسپاو نەمێنێ ،جا کە ئەوەش نەما ئەو کاتە مرۆڤیش نامێنێ چونکە مرۆڤ واتە تایبەتمەندی و جیاکراوەی جێگیر و زگماک کە ئەوان نەمان ئەو کاتە مرۆڤیش دەبێتە یەکێک لە نزمترین و بەدکارترین ئاژەڵە درندەکان.

مانەوەی ماڵی سەرمایەداری لەسەر بێسنوورکردنی نوێگەری بنیاتنراوە، بۆیە هەرچەند شتە تازەکان زۆر بێزراو و قێزەون و بێ مانا و شەرمەزاریش بن لەچوارچێوەی خواستی ڕەهایی نوێخوازی دەبێ عەنتیکەی جوانترین و پیرۆز سەیر بکرێن و نابێ بهێڵرێ مرۆڤایەتی لەچوارچێوەی چەند بنەمایەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و زگماکی چەسپاو بحەوێتەوە، نابێ بهێڵرێ چڵێسییەکانی ئینسان لەسنوور و قاڵب بدرێن و هێور بکرێنەوە، چونکە ئەو هیۆربوون و داسەکنینە مەترسیترین هەڕەشەیە بۆ داڕووخانی سەرمایەداری، بۆیە دەبێ کۆمەڵگا وا پەروەردە بکرێ کەبەبێ ئەو چڵێسییە ڕەهایە کۆیلەیە و بێ نرخە و کەسایەتی و سەروەری لەدەستداوە.

کە دەبینین بووژانەوەی ئەوروپا بە ملکەچبوون بۆ دابەشکاری و ڕیزبەندی ئۆگەستکۆنت کە پێی وایە بابەتی گێڕانەوەی بوونەوەر بۆ لای بەدیهێنەرێک لەدوو قۆناغی ئەفسانەی کۆن بەسەرچووە و هەر چەندە دەرەنجامە زانستییە جیاجیاکان بوونی ئەو ئافرێنەرە بخوازن، ئەو بابەتە کۆتایی هاتووە و مۆری نازانستی لێدراوە، بۆیە ئەم هاوکێشەی کۆنت وای کرد کە دامەزراوە ئەکادیمی و زانستییەکانی ڕۆژئاوا بۆیاغی تاکە

بژاردەی زانستی لە بیردۆزی پەرەسەندن بدەن.

وە لەڕووی کۆمەڵایەتیش کە هەموو بنەما خێزانی و ڕەوشتی و یاسایی ونەریتە کۆمەڵایەتییەکان مادام دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئەفسانەی دینەکان و قۆناغی پێش زانست بۆیە دەبێ هەمووهاوکێشەکان بگۆڕێن و بزاڤی فیمینیزم لەم کەش وهەوایەدا سەری هەڵدا.

سەرمایەداری مانەوەی کۆمپانیاکانی لەوەدا دەبینێ کە هەموو تاکەکان بێ پەروا وێڵی تێرکردن و وەڵامدانەوەی هەست و ئارەزووە بێسنوورەکانیان بن و لەپێناوی هیچ بەهایەک سازش لەسەر تێرکردنی حەزەکانیان نەکەن، تا وایان لێدێ هەرتاکە و دەچێتە ئەشکەوتە چێژپەرستییەکەی خۆی و کۆمەڵگایەکی لێکهەڵوەشاو زووتر بۆ کۆمپانیا و خواستە بێ کۆتاکانی سەرمایەداری ژێربار دەبێ.

نووسەر دەڵێ دیاردەی گەورەکردن و زەبەلاح پیشاندانی دیاردەی ڕیزپەڕی سێکسی و هاوڕەگەزخوازی میدیا و سیاسییەکان و کۆمپانیا

ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕیزپەڕی سێکسی بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بەجینەکان و زانستی بۆماوە و هۆرمۆنەکان و دەمار و پێکهاتەی مێشکەوە نییە و زانستاندنی ڕیزپەڕی کارێکی مەحاڵە

سەرمایەدارەکان و زلهێزەکان هەوڵ دەدەن ئەم دیاردەیە زۆر لەخۆی گەورەتر پیشان بدەن. وە دەشڵێ ڕێژەی ئەوانەی پشتیوانی لەو دیاردەیە دەکەن لەساڵانی١٩٧٣تاکو١٩٩٠لە ئەمریکا تەنیا ١١٪بووە بەڵام لە١٩٩٠تاکو٢٠١٤ڕێژەکە پێنج ئەوەندە زیادی کردووە وبۆتە٤٩٪.

بەڵام مادام ئەو هەموو دامەزراوە لەپشت ڕەواجدان بەو دیاردەیە بن بێگومان زانینی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژەیەی کەلە سەدا چەند پشتیوانی ئەو دیاردەیەن نزیکە لەمەحاڵ، چونکە ئەو ڕاپرسی و ڕێژانە زۆر جار ساختە و هەڵبەستراون.

نووسەر باسی خۆبواردنی نوشدار و پزیشکە مسوڵمانەکانیش دەکات کە لەبەر ئەوەی دیتوویانە

بە لێکۆڵینەوەی زانستی دەرکەوتووە کە هاوسەرە هاوڕەگەزخوازەکان جا چ دوو نێر بن یان دوو مێ نەخۆشی پووکانەوەی بەرگری و ئاڵودەبوون بەدەرمان وکحول و خەمۆکی و نەخۆشییە سێکسییە گوازراوەکان و شێرپەنجەی ڕیخۆڵە و مەمک و پرۆستات و گونەکان و تەنانەت ڕادەی توندوتیژی خێزانی و ئاژاوەی نێوماڵیشیان لە کەسانی تر زیاترە

ناوەندە بە ناو زانستییەکان چەندین جار فۆڕم و لیژنە و نموونە و ئەزموونەکانیان گۆڕی و دەرەنجامەکانیان ساختە کرد، هەر بۆ ئەوەی ڕاپرسییەک و دەرەنجامێک دەرچێ وەک ئەوەی ئەوان دەیخوازن

ئاڵودەکانی ئەم دیاردانە چارەیان نییە بۆیە لەوانەیە ئەوە پاساو بێ لای ئەو دکتۆرانە کەئەو دیاردەیە بنەمایەکی زانستی و جینی و بۆماوەیی هەیە.

دەتونرێ وەڵامی ئەم بابەتە بەوە بدرێتەوە کە نەدۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئۆتیزم و ئاڵودەیی بێهۆشکەرەکان و مەی و داوێنپیسی و ڕیزپەڕی هیچ کات نابێتە پاساو کەمادام ئەم دیاردانە چارەیان نییە کەواتە دیاردەی تەندروستن و دەبێ واز لەدژایەتییان بهێنرێت.

نووسەر لە ژێر ناونیشانی (بێتاوانی جینەکان) بەچەندین ئەزموون و توێژینەوە و ڕاپۆرت و دەرەنجامی تاقیکردنەوەکانی پسپۆڕانی ڕۆژئاوا ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕیزپەڕی سێکسی بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بەجینەکان و زانستی بۆماوە و هۆرمۆنەکان و دەمار و پێکهاتەی مێشکەوە نییە و زانستاندنی ڕیزپەڕی کارێکی مەحاڵە.

هەروەها نووسەر ئەم بابەتەی لە ڕووی زانستی دەروونناسییەوە باس کردووە، زۆرێک لە پشتیوانانی ڕیزپەڕی سێکسی لایەنی دووەمی ئەو دوو فاقییەی فرۆیدیان بۆ پشتیوانی خۆیان ڕاکێشاوە، فرۆید هەم هاوڕەگەزخوازی بەدەردێکی دەروونی داناوە و هەوڵی چارەکردنیشی داوە، لەهەندێ کاتیش پێچەوانەکەی لێ گوازراوەتەوە

مەوسوعە و کتێب و فەرهەنگە زانستی و دەروونییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا تاکو ساڵی ١٩٧٣ ئەم دیاردەیەیان بە دیاردەیەکی نادروست و نەخۆشییەکی دەروونی دانابوو، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە بەهۆی فشاری دەروونەنەخۆشانی سێکسی ئەم دیاردەیە لەفەرهەنگەکان وەک نەخۆشی سڕدرایەوە و بووە دیاردەیەکی سروشتی.نیکۆلاس کامینک (APA) سەرۆکی دەروونپزیشکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٩ دەڵێ: ئەوەی لەم ڕۆژەدا حوکم دەکات زانست نییە، بەڵکو ڕەوتە سیاسییە بێ بار و خۆگونجێنەکانن.

مامۆستای مێژووی یەکێ لەزانکۆکانی ئەمریکاش بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە بە دەرهاویشتەی پێداویستییە نائەخلاقییەکانی سیستەمی سەرمایەداری دەزانێ.

که جاران ڕێژەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە بەرزی ڕێژەی خێزانداری و هاوسەرگیری بپێورایە، بەڵام ئەمڕۆ لەسایەی سەرمایەداری پەرەسەندن بەزیادبوونی ڕێژەی نامۆبوون و کەنارگیری تاک و جەستەپەرستی و کۆیلەبوونە بۆ فراوانخوازی بێسنووری تاک، کەواتە ئەو ئازادییەی بانگەشەی بۆ دەکرێ جگە لە کۆیلایەتی بۆ حەز و ئارەزووە لاشەییەکانی خودی کەسەکە چیتر نییە.

ناوەندە بە ناو زانستییەکان چەندین جار فۆڕم و لیژنە و نموونە و ئەزموونەکانیان گۆڕی و دەرەنجامەکانیان ساختە کرد، هەر بۆ ئەوەی ڕاپرسییەک و دەرەنجامێک دەرچێ وەک ئەوەی ئەوان دەیخوازن، کاسە سەری پلیت داون لێرەش زۆر ساختەکران، ڕاستییە زانستییەکان دیزە بەدەرخۆنەکران، ڕیزپەڕانی سێکسی گوتیان بشفڕێ هەر بزنە.

ئەوان دەزانن کە زۆربەی دیاردەکان لە دروست و نادروست ڕێژەیەک پەیوەندیان بە بۆماوەوە هەیە کەچی لەناو هەموویان هاوڕەگەزبازی کە خواستی وانە جیایان کردەوە و کردیانە پاساوی سروشتی بوونی لاڕێبوونەکەیان

نموونەیان بەبوونی ناوازەی ئەم دیاردەیە لای ئاژەڵان هێنایەوە، کەچی بوونی دیاردەی فرەمێینەیی بۆ نێرەکان لەناو ئاژەڵان زۆر لەڕێژەی هاوڕەگەزبازی زیاترە، بەڵام ئەو چونکە سروشتییە ولای مرۆڤیش هەبووە و دین و یاساکان قبوڵیان کردووە بۆیە ئەو زانستی و پێشکەوتن نییە.

مادام ئازادی بەهایەکی بێسنوورە، بۆدەبێ ملیۆنەها کەسی کۆمەڵگا قوربانی بەئازادی و مافی خۆیان بدەن بۆ کۆمەڵێک لاڕێبووی دەروون نەخۆش؟ ئاخر لەئەمریکا ساڵانە ٣٠٠ملیاردۆلار بۆ زیانە تەندروستییەکانی جگەرەکێشان و چارەکە ترلیۆنێک دۆلار بۆ ئەو نەخۆشییانەی لەئەنجامی زۆر بەکاهێنانی کحول و مەی پەیدا دەبن تەرخان دەکرێت! بەهەمان شێوە لەساڵی٢٠١٠زیانی ئەمریکا بەهۆی نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکان ١٦ملیاردۆلار بوو.

ئەدی ئەم داهاتانە مافی هەموو تاکەکانی تری تێدا نییە؟ بۆ دەبێ بۆو کۆمەڵە لاڕێبووانە خەرج بکرێ وئەوانیدی بێبەش بن؟ لێرەدا بەکارهێنانی ئازادی بێسنوور کە ببێتە هۆی لاڕێبوون دەبێتە پرسێکی یاسایی و کۆمەڵگا بەگشتی مافی ئەوەی هەیە لەوحەقەی خۆی بپێچێتەوە.

بڵندبوونی ڕێژەی یاخیبوون لەدینەکان و بێباوەڕی و ئیلحادی بەستراوەتەوە بەبڵندبوونی ڕێژەی پشتیوانانی هاوڕەگەزخوازان، چونکە هەر ٢٠٪مولحید و بێدینەکەی ئەمریکا لەوانەن کەپشتیوانی هاوڕەگەزخوازانن

بە لێکۆڵینەوەی زانستی دەرکەوتووە کە هاوسەرە هاوڕەگەزخوازەکان جا چ دوو نێر بن یان دوو مێ نەخۆشی پووکانەوەی بەرگری (A I D S) و ئاڵودەبوون بەدەرمان وکحول و خەمۆکی و نەخۆشییە سێکسییە گوازراوەکان و شێرپەنجەی ڕیخۆڵە و مەمک و پرۆستات و گونەکان و تەنانەت ڕادەی توندوتیژی خێزانی و ئاژاوەی نێوماڵیشیان لە کەسانی تر زیاترە.

تەنانەت ئەو منداڵەی کە دوو هاوسەری هاوڕەگەزخواز- دوو ژن یان دوو پیاو-هەڵیدەگرنەوە و بەخێوی دەکەن لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەوە زۆر کەمترە لە منالانی خێزانی ئاسایی.

کورت و پوخت ئەو منالانەی لای دوو پیاو یان دووژ نن، وەک کەسانێک کەهەموو ژیان لەڕۆژدا بەسەر بەرن کەدوو خۆریان لەسەر سەربێ و هەمیشە تامەزرۆی شەوگار و مانگەشەو بن، یان ئەوانەی هەردەم دوو مانگیان لەسەر سەرە وهەرگیز ڕۆژگار و خۆر نابینن و هەموو کات تامەزرۆی هاتنی بەیانی و دەرکەوتنی خۆرن.

داموددەزگاکانی ڕۆژئاوا وەک ڕێزی ویستی لاڕێبووی هاوڕەگەزخوازانیان گرت و لەنەخۆشییەکی دەروونییەوە کردیانە هەستێکی سروشتی، کەچی دیاردەیتر لە ترانسجێندەر و شڵەژانی سێکسی هێشتا وەک نەخۆشی سەیری دەکرێ، چونکە ئەو دیاردەیە هەم خەرجیەکەی زۆرە لەسەریان وهەم زیانی هەیە بۆ کەس ودام ودەزگا سەرمایەدارەکان. وەزۆرترین ڕادەی خۆکوشتنیش لەناوئەم ڕەگەزگۆڕاوانە دایە.

دژایەتی بێ پێچ و پەنای ئیسلام بۆئەم دیاردەیە و وەک نەخۆشی سەیرکردنی لەبەرئەوەیە کە ئیسلام سەرەکیترین مەبەستی ئەوەیە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بمێنێتەوە، وەخێزان و هاوسەرگیریش تاکە کەشتی مانەوەی مرۆڤایەتییە، وە دیاردەی ڕەگەزخوازی وەک ئەوەیە کەسەرنشینانی ئەو تاکە کەشتییەی کەتاکە ئومێدی مانەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە هەموویان خۆ فڕێبدەنە ناو دەریاوە وکەشتی خێزانداری بە بەتاڵی بەجێبێڵن، کەواتە بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە و کەمبوونەوەی دیاردەی خێزانی ئاسایی گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر مرۆڤایەتی و گەر هەروا بڕوا مرۆڤایەتی لەناو دەچێت..

بڵندبوونی ڕێژەی یاخیبوون لەدینەکان و بێباوەڕی و ئیلحادی بەستراوەتەوە بەبڵندبوونی ڕێژەی پشتیوانانی هاوڕەگەزخوازان، چونکە هەر ٢٠٪مولحید و بێدینەکەی ئەمریکا لەوانەن کەپشتیوانی هاوڕەگەزخوازانن..

جا وەک چۆن جولەکەکان توانیان ئەفسانەی هۆڵۆکۆست بکەنە ڕاستییەکی مێژوویی، وە دژایەتی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەیان بکەنە دژی سامیبوون، وە دەزگا سەرمایەدارە باڵادەستەکان یاسا و سزای تووندیان دژی هەرکەسێک و دامەزراوێک هەیە کە دژایەتی ڕەگەزپەرستی جولەکە، یان بەزانستی نەزانینی داروینیزم بکا، بەهەمان شێوە چەندین توێژینەوەی ساختە و یاسای دادگا دەرکراون بۆ هەرکەسێک کە هاوڕەگەزبازی بەنەخۆشی بزانێ، هەرلە٢٠١٥وە هەموو دادگاکانی ئەمریکا گرێبەستی بۆهاوڕەگەزخوازان دەکەن، کەچی لەگەڵ بوونی ئەو ملیۆنان مسوڵمانە گرێبەستی دوو ژنی قەدەغەیە.

کەسێک کەتەنیا بەدایەلۆک کۆمەڵێک هاوڕەگەزخوازی لەپرۆژەکەیان پەشیمان کردبۆوە و پرۆژەکەی بڵاوکردبۆوە، دام ودەزگاکانی ئەمریکا لێی نەگەڕان تا توێژینەوەکەیان پێسڕییەوە و وایان لێکرد کە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن داوای لێبوردن لەهاوڕەگەزبازان بکا.

بە کورتی وایلێهاتووە کە دژایەتی هاوڕەگەزبازی وەکو تاوانباربوون بە تیرۆریزم لەقەڵەم بدرێ لەئەمریکا.

لەتەوەرێکی دیکەدا نووسەر تیشک دەخاتە سەر دیاردەی پۆرن و دیمەنی سێکسی بەئاشکرای سەرشاشەکان کە دەبێتە هۆی زۆرلێکەوتەی کۆمەڵایەتی خراپ لەناو کۆمەڵگادا، ناهاوسەنگی لەنێوان بوونی وروژێنەرەکان بەبێسنووری و نەمانی هیۆرکەرەوەکان تووندوتیژی وهەڵاتن لەواقیعی لەلایەن هاوسەرانەوە بۆخەیاڵ لێ دەکەوێتەوە و ئەمەش کۆمەڵگا بەرەو لێکترازان دەبا..

هەروەها ئەم چڵێسی و ئارەزووپەرستییە سەری لەوەوە دەردەچێ کەکۆمەڵێک ڕێکخراو داوای سێکسی منداڵبازی بکەن و چارەنووسی منداڵانیش بکەوێتە ناو ئەو زەلکاوەوە.

لە بەشەکانی دواییدا نووسەر باسی ئەو ئامار وکارە نەشتەرگەرییانەی کە بۆ جوانکاری کراون دەکا کە ئەمەش دووبارە دیاردەی چێژی بێسنوور سەپاندوویەتی بەسەر کۆمەڵگادا. هەروەها دیاردەی ڕیجیمکردن و خۆلاوازکردن و لەلاشەی خۆڕازینەبوون و جۆرەها وەرزش و خۆراک هەمووی لەدەوری کۆیلەبوونی بیروهۆشی مرۆڤە بۆ ڕازیکردنی لایەنی جەستە و لاشە.

نووسەر لەکۆتاییدا باسی کۆمەڵێک چارە و ڕێوشوێنی کۆمەڵێک شارەزاده کات لەو بوارە و ڕاکانیان لەگەڵ یەکتردا بەراورد دەکا و

لە کۆتاییشدا دەڵێ مرۆڤ بەسروشتی خۆی ڕازی بێ و توانا و بەهرە زگماکیەکانی بکاتە پێوەر لەهەموو چارەسەرێک باشتر و پێویستترە

بابەتی گشتی

خوێندنەوەی سێیەم لە: پرسگەکانی خوێندنەوەی ئایندە

ئامادەکردنی: محەمەد عەزیز لوقمەری

سێ ڕێگە بۆ خوێندنەوەی ئایندە

فەهد ئەحمەدی لە گوتارێکداباسی ئەزموونێک دەکات کە لەدانیشگای ئەدنبرە بەڕێوەچووە، ئەم زانکۆیە هەستاوە بە هەڵبژاردنی سەدوچل خوێندکار و بەهرەمەند لەو کەسانەی توانای خوێندنەوەی ئایندەیان هەیە، پوختەی گوتارەکەشی ئەوەیە کە سێ ڕێگە هەیە بۆ خوێندنەوەی ئایندە:

یەکەم: خەونی هەواڵدان لەبارەی ئایندە.

دووەم: چاودێری هەستەوەری گیانلەبەران.

سێیەم: سوود وەرگرتن لەو مرۆڤانەی کە بەهرەی نائاسایی و ناوازەیان هەیە.

ڕێگەی یەکەم کە خەونە، فەرموودە پێیان دەڵێ کە خەون بەشێکە لە چل و شەش بەشی وەحی، هەروەها بۆی ڕوونکردوینەوە کە خەونی ڕاست و دروست و ڕەببانی هەیە کەهەواڵی ڕاستیان پێدەدا، هەواڵیش نابێ هی ڕابردوو بێت، چونکە هەواڵ لە داهاتوودایە، پاشاکۆنەکان زۆر گرنگیان بەم ڕێگەیە داوە، لێکدەرەوە و ڕاڤەکەرانی خەون لە کۆندا لەکەسە هەرە نزیکەکانی پاشایان بوون، تەنانەت ئەباتیرەکانی یابان دۆشەکی تایبەتیان لە ژووری بەتایبەت دروست کراودا ئاماده دەکرد کە پێیان دەگوت کامودوکو،کامو واتە دروستکەر و بەدیهێنەری بوونەوەر بەزمانی ئەوان.

ئەم ژوور و جێگایە بۆ ئەوە بوو تا خەونی چارەنووسسازی داهاتووی دەوڵەت ببینن. هەروەها فیرعەونەکانی میسر زۆر گرنگیان بە لێکدانەوەی خەونەکان دەدا، بۆیە دوو خەونەکەی سەردەمی یوسف و موسا سڵاوی خوایان لێ بێت مێژووی مرۆڤایەتیان گۆڕی.

ئەحمەدی دەڵێ: لەگوتارێکی ڕابردوو پێشنیاری دامەزراندنی مەڵبەندی خەونە پێشبینی و داهاتوو خوێنەرەوەکانی کردبوو، کە دوو مەڵبەند لە بەریتانیا و نیۆیۆرک بۆ ئەو مەبەستە هەن.

ڕێگەی دووەم کە چاودێری هەستی گیانەوەرانە، ئێمە دەزانین کە گیانەوەران پێش مرۆڤ هەست بەهاتنی کارەساتەکان دەکەن پێش

ئەوەی ڕووبدەن، هەروەها دەتوانن هەڵسوکەوت و بیری خاوەنەکانیان بخوێننەوە، وەدەزانن کەی لە سەفەر دەگەڕێنەوە، توتی هەیە کە خاوەنەکەی وشەیەک لە زەینی خۆی دادەنێ، یەکسەر توتیەکە دەری دەبڕێ، وەکە تەلەفون زەنگی لێ دەدا، یان یەکێ لە دەرگای دەدا، توتیەکە ناوەکەی دەگووت.

ڕێگەی سێیەمیش، کەبەهرە ناوازەکانن، دەزگای هەواڵگری ئەمریکا لەساڵی ١٩٧٢ وە پشتی بەو توانایانە بەستووە بۆ خوێندنەوەی ئایندە، وە چەند پرۆژە لەو بوارە هەیە و لە ساڵی ١٩٩٥دانیان پێدا ناوە کە دروستە، هەروا ڕووسەکانیش ئەم بەهرانە لەساڵی ١٩٦٠ وە بەکاردێنن..

من لێرەدا هەوڵ دەدەم بەشی یەکەم کە خوێندنەوەی ئایندەیە بەهۆی خەون لە چوارچێوەی چەند خەونێکی بەناوبانگدا باس بکەم.

ئەگەر ڕوئیای یوسف بریتی بێ لە گێڕانەوەی ڕووداوی چۆنێتی دروستبوونی کۆمەڵەی خۆر و زەوی و چاخە جیۆلۆجیەکان و چۆنێتی دەرکەوتنی دەیاردە و گیانەوەر و زیندەگی لەسەر زەوی، بەشێوەیەکی هێمایی لە چوارچێوەی بەئاوێنە کردن و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانە لە بنەماڵە و خانەوادەیەکی پیرۆزدا، چونکە مرۆڤ لەم زمانە چیرۆکییە باشتر تێدەگات.

وە خەونی دووەم کە خەونی دانیالە، بریتییە لە گێڕانەوەی کێبەرکێ و ململانێی شارستانی و ژیار و دین و نەتەوە و مەزهەبەکان هەر لەسەرەتای بەدیهاتنیەوە تا سەردەمی گەشتکردنی مرۆڤ بۆ ئەستێرەکان لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا، بەشێوەیەکی هێمایی.

خەونی سێیەم کە بریتییە لە روئیای یۆحەنا خەونی گێڕانەوەی ڕوداو و پێشهاتەکانی کاروانی مرۆڤایەتی هەر لەسەدەی یەکەمی زایین تا ساڵی سێ هەزاری زایین لەسەر زەوی و بازدانیش بە سەر ژیانی زەویدا و باسکردنی چۆنێتی دەستپێکردنی ژیانی هەمیشەیی و هەتاهەتایی بۆ چاکەکار و بۆ خراپە کارانیش دوای مردن لە ڕوئیای یۆحەنای کۆتا سفری ئینجیل..

کەواتە ئەم خەونەی ڕوئیای یۆحەننا لەگەڵمانە وەک مرۆڤایەتی تا گەیشتن بە ژیانی نەبڕاوەی دوای مردن، بۆیە خەونێکی بێ سنوورە

یوسف دەبێتە هەسارەی زەمین کە بەردەوام کۆمەڵەی خۆر هەموویان خەریکی زیندە بەچاڵکردنی بوون، وە لە کۆتاییشدا هەموویان خەریکی خزمەتکردنن بۆ زەوی

و لێکدانەوەی هەرگیز کۆتایی نایە، چونکە ژیانی دوای مردن کۆتایی نایە، بەڵام ئەوەی ئەو ڕوئیایە لە دوو ڕوئیای یوسف و دانیال جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ڕوئیای یۆحەننا بە پێچەوانەی دوو ڕووئیاکەی تر هیچ تەعبیر و تەئویل ولێکدانەوەی لەناو ڕوئیاکە دا بۆنەکراوەو هەرلە چوارچێوەی هێماکاندا ماوەتەوە .

دوو خەونی تریش هەن کە خەونی دوو سەرۆکی گرنگی جیهانن ،ئەوانیش مائمونی خەلیفەی عەباسی وجۆرج واشنتۆنی دامەزرێنەری ئەمریکان،ئەم دووخەونەش کاریگەریەکی زۆریان لەسەر ڕەوتی ئاڕاستەکردن وپێکهێنانی ڕووداووگۆڕانکاریەکان هەبووە.

ئێستا باسی ئەم پێنج خەونە دەکەم:

خەونەکەی یوسف علیه السلام جیهانبینییەکی گەردوونییە:

﴿إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ﴾ (یوسف: ٤).

کاتێك یوسف بەباوکی وت: باوکی بەڕێزم بێگومان من لە خەومدا یازدە ئەستێرە و خۆر و مانگم بینی کڕنووشیان بۆ دەبردم.

خەونەکەی یوسف علیه السلام کە براکانی یازدە کوکبن واتە هەسارەن و نجم و خۆر نین، لەگەڵ خۆر و مانگ سوجدەی بۆ دەبەن، ناوی ئەم ئەستێرانە لە فەرموودەیەك هاتووە وەک هێما، جولەکەیەک هات و پرسیاری لە پێغەمبەرعلیه السلام کرد لەو ئەستێرانەی کە سوجدەیان بۆ یوسف برد ئەویش فەرمووی: (جربان، الطارق، الذیال، ذوالکنفان، قابس، وثاب، عمودان، الفیلق، المصبح، الضروح، ذو القرع).کەواتە زیا و نور، ڕۆشنا و ڕووناک، خۆر و مانگن کە دایک و باوکی یوسفن.

یازدە ئەستێرەکە پێش خۆر و خۆریش پێش مانگ سوجدەیان بۆ یوسف برد، کە بڵێین خۆر دایکە و دوا کەس کە سوجدەی بۆدەبا مانگە چونکە مانگ دوای خۆر و هەسارەکان دەرکەوتووە، ئەگەربڵێین مانگ باوکەکەیە، بەڵام مانگ کە دایکی بێ، ئەوە دایکەکە کە ژنەکانی یەعقوبن دوا کەسن کە دان بەگەورەیی و ڕێزی یوسف دادەنێن.

ناوی یازدە ئەستێرەکان:

١- عطارد: لەفەرموودەکەدا جریان واتە خۆشڕەوە.

٢-طارق.

٣- الزهرة: الذیال واتە کلکدار وهەڵڕژاو.

٤- ذو الکتفان: واتە دووشان ودوو پیل.

٥- مریخ: قابس، واتە مەشخەڵ.

٦- مشتري: وثاب، واته هەڵبەزیوە.

٧- زحل: عمودان، دووکۆڵەکە.

٨- أورانوس: فیلق، واتە لێککەرەوە.

٩- نیبتون: مصبح، ئەستێرەی بەربەیان.

١٠- بلوتو: ضروح.

١١- ذو الفرع، لقدار.

١٢- الضیاء: خۆر، یەعقوب.

١٣- النور: مانگ، دایکی یوسف، ڕاحیل، یان دایکەکانی دوازدە بەرەبابی ئیسرائیل کە هەر چوار ژنەکەی یەعقوب دەگرێتەوە، چونکە ڕاحیل هەر زوو کۆچی دوایی کردبوو، بەڵام ژنەکانی تر مابوون.

شیکەرەوانی ئەم فەرموودەیە بەم شێوە ئەو ئەستێرانەیان بەرامبەرئەو ناوانە داناوە کەلە فەرموودەکە هاتوون، چونکە لەکۆندا عەرەبەکان ئەم ناوانەیان لەئەستێرەکان ناوە.

کەواتە یوسف دەبێتە هەسارەی زەمین کە بەردەوام کۆمەڵەی خۆر هەموویان خەریکی زیندە بەچاڵکردنی بوون، وە لە کۆتاییشدا هەموویان خەریکی خزمەتکردنن بۆ زەوی، خۆ کە بشگوترێ سەرەتا ئەستێرەکان و براکانی یوسف هەبوون، پێش بوونی خۆر و مانگ کەدایک و باوک بن چونکە بەپێی زانستی فەلەکناسی مانگ کۆتا بارستەی بەدیهاتووە و ئەوانی تر پێش ئەو هەبوون، لە ئایەتەکەش مانگ دواییەن شتە کەباسکراوە. بەم واتایە بێ دەبێ مانگ بنیامین بێ نەک دایکی یوسف.

ئێستا کە بمانەوێ لە گەورەترین برای یوسف تا بنیامین دەست پێ بکەین، بەرامبەر بەمانەش لەگەورەترین ئەستێرە لە ڕووی قەبارەوە کە موشتەریە بۆ بچوکترین ئەستێرە ڕیزبەندیان بکەین، وە فەلەکناسان لێکۆڵینەوە بکەن بۆ ئەوەی تەمەنی هەریەک لەو ئەستێرانە بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دیاری بکەن، تا بزانن کە ئایا ڕیزبەندی براکانی یوسف بەبارستەیە، یان بەڕێزبەندییە، یان شتێکی تر؟

ئێمە لیرەدا بڵێین کە براکانی یوسف کۆمەڵەی خۆرن بێجگە لە زەوی، زەوی یوسفە، چونکە هەموو کۆمەڵەی خۆر ئێستا جەستە و تجسیدو جەسەد و لاشە و جرم و قەبارەی یوسفی زەوی زیاد دەکەن، خۆر بەتیشکەکەی ساڵانە ملیارەها تەن گەڵا و گوڵ و گیا و هەروەها باران و دەریا پێشکەش بە زەوی دەکا، مانگ دیاردەی خیزاو و نیشتاو دروست دەکا و کارەکەی خۆر تەواو دەکا و دیاردەکانی با و دەریا ڕێکدەخات، ئەستێرەکان تیشك و نەیزەك ی بۆ دەنێرن تەنانەت لە موسوعەی قرن ژمارە و بڕی نەیزەکەکان بە

ملیارەها تەن دانراوە، کەواتە دەبێ کۆمەڵەی خۆر جگەلە زەوی ١٠ ئەستێرە بن کە ئێستا دوای پلۆتۆ ئەستێرەیەکی تر دۆزراوەتەوە و بوون ١١ ئەستێرە بە نەیزەکەکانی خولگەی فۆتۆنیشەوە.

بەڵێ ئەم خەونەی یوسف علیه السلام، براکانی تجسیدی ئەو دەکەن، بە بیزاعەی مزجات و کەلو پەلێکی بێ نرخ، تەنیا ئەوەی لای دایکی خۆر دێ و ئەوەی لای باوکی دێ زۆر بەسوودە بۆی، بەڵام ئەوەی یوسف وەك دڵێکی لێدەری ئەم گەردوونە داویەتی بە گەردوون لە خانە کۆنە هەڵوەریوەکانی کە هەمیشە -گەر کۆنیش بن- لە خانەکانی ئەوان نوێترن.

لەم جیهانبینییەی یوسف دا کە ئەحسەن و جوانترین و پتەوترین و خەمبارترین جیهانبینییە ئەوە دیاردەخا کە خۆر و مانگ، دایک و باوکی زەوین، بە پێچەوانەی دەقەکانی تری تەورات و قورئانە، چونکە لە هەموو سورەتەکانی قورئاندا زەوی پێش ئاسمان دروست کراوە، وە زەوی پێش مانگ و ڕۆژ دروست کراوە، بەڵام لە سوڕەتی یوسف دا وە تیۆری بیگ بن ڕۆژ پێش زەوی هەبووە و کە مانگیش یەکێک لەدایک و باوک بێ کەواتە ئەویش پێش زەوی هەبووە، بەڵام من مانگ بەبنیامین لێک دەدەمەوە.

یان چیرۆکی یوسف ئاماژەیە، بۆ ئەوەی کە

تەئویلی ئەحادیس تەنیا لێکدانەوەی خەون نییە، ئەحادیس بەمانای ڕووداوەکان و پێکهاتەکان و گوفتار و گفتوگۆکان و هەروەها قسە و مەنەلۆج و نیازی ناو دڵ و حەدیسی نەفسیش دەگرێتەوە

لانکەی گەشەکردن و پەرەسەندن لە ناوجەرگەی کۆمەڵەکەوە کە خۆرە دەستی پێ کردووە و پاشان بۆتە خۆرێکی چەق و مانگێکی باشکۆ، لەوانیشەوە هەسارەکان دروست بوون، لەهەر هەسارەیەکیش لەمانە ڕەوتی گەشەکردنی خۆری یەعقوب و ماددەی چوار توخمی کە هەر توخمێک ئاماژە بێ بۆ دایکێک لە دایکەکانی کوڕانی ئیسرائیل، ئاو لیایە کە ژنی یەکەمی یەعقوبە. دایکی روبین، شمعون، لاوی، یهودا، یاساکر و زبولونە.

هەوا کەنیزەکەی ڕاحیلە کە بەلهایە و ژنی دووەمی یەعقوبە، دایکی دان و نفتالیە و ئاگر کەنیزەکەی لیایە کە زولفایە ژنی سێیەمی یەعقوبە، دایکی عشیر و جادە.گڵ ڕاحلە کە ژنی چوارەمی یەعقوب و دایکی یوسف و بنیامینە.

لە هەر یەکێک لەم سێزدە وێستگانە، بوونەوەر لەسادەییەوە بۆ ئاڵۆزی و لەیەک چەشنی بۆ هەمەچەشنی و لە بێ گیانییەوە بۆ زیندوویی و لە بێ هەستییەوە بۆ هەستیاری بەڕێوەچوو بێ

و له وێستگەی یوسفی دا گەیشتبێتە چڵەپۆپە و پەرەسەندنی هەموو سێزدە وێستگەکانی تری لەخۆگر تبێ و شایانی ئەوە بووبێ کە هەر سێزدە وێستگەکەی تر لە خزمەتیدا بن، یان هێما بێ بۆ سێزدە زانست و بوار و شێوە داهێنان و داهێنان لە واتا و لێکدانەوەی ڕوداو و گوفتارەکان و دایەلۆگ و مەنەلۆجەکان و خەونەکان، هەموو بوارەکان بگرێتەوە.

لە ڕاستیدا تەئویلی ئەحادیس تەنیا لێکدانەوەی خەون نییە، ئەحادیس بەمانای ڕووداوەکان و پێکهاتەکان و گوفتار و گفتوگۆکان و هەروەها قسە و مەنەلۆج و نیازی ناو دڵ و حەدیسی نەفسیش دەگرێتەوە، دوا شت خەونەکانیش دەگرێتەوە، یوسف توانیویەتی بزانێ چارەنووسی ئەو خواردن و پاروو بزانێ کە هەر کەسێ دەیخوا، خواردن ڕووداوە، ڕووداویش لێکدانەوە و چارەنووس و واتای ئایندەیی هەیە، ئەو پاروو دەبێتە چی؟ ئایا دەبێتە ئەندام و جولّە و زانینێکی ئەرێنی یان نەرێنی؟ هەموو ئەمانە دەچنە بواری زانینی تەئویلی ڕووداوەکان، جولّەکان، گەشە و پەرەسەندنەکان، خەونەکانیش بەشێکن لە ڕووداو و چالاکی و گفتوگۆی جیهانی ڕۆحەکان. هەروەها دەبێ بشزانرێ وشەی تەئویل و یەکخستن و لێکدانەوە و زانینی چارەنووس و سەرەنجامی هەموو ڕووداوەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە.

جا کە ئەم کۆمەڵەی خۆرە، یەکێک لە چیرۆکەکانی دروستبوونی چیرۆکی کوڕانی ئیسرائیل بێت، کە هەزاران و سەدان چیرۆکی لەو شێوەی هەیە، چەند پێزانینێکی فەلەکی هەن کە پێویستە باسیان بکەم..

